ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (543) دووشەممە 2019/2/18 – 29ی ڕێبەندان 2718 (750) دینار





# ئەمساڵ تەنیا شەش بەشە خۆراک دەدرێتە هاووڵاتیان

**ڕووداو — هەولێر**

بڕیاردەری لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێت ئەو پارەیەی ئەمساڵ لە بودجەی حاکیمە بۆ کڕینی بەشە خۆراک تەرخان کراوە، بەشی کڕینی تەواوی مادده خۆراکییەکان ناکات، بۆیە یان چەند ماددەیەکی لێ دەبڕدرێ، یان بەشە خۆراکەکە تەنیا چەند مانگێک دەدرێ.

ئەمساڵ بۆ کڕینی بەشە خۆراکی تەواوی عێراق، تەنیا یەک تریلیۆن و 500 ملیار دینار تەرخان کراوە، پشکی هەرێمی کوردستانیش لەو پارەیە 190 ملیار و 50 ملیۆن دینارە. کەچی ساڵی 2013 حکومەتی عێراق 4 تریلیۆن و 916 ملیار و 750 ملیۆن دیناری تەرخان کردبوو.

بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: "ساڵی ڕابردوو تەنیا شەش بەش لە مادده خۆراکییەکانی وەک زەیت و شەکر و برنج و هەشت بەشە ئارد دابەشکرا، پێشبینی دەکەین ئەمساڵیش بەهۆی کەمکردنەوەی بڕی پارەکە، خۆراک و ئارد هەروەک ساڵی ڕابردوو دابەش بکرێت".

بڕیاردەری لێژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت: یەکێک لە مەرجەکانی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو بۆ هاوکاریکردنی دارایی عێراق ئەوەیە بایەعی نەهێڵێ.. عێراق هێشتا نەیتوانیوە بچێتە ژێر باری ئەو مەرجە، بەڵام وا وردە وردە ئەو سیاسەتە جێبەجێ دەکات.

8»

قۆزترین پیاوی بەلجیکا هەولێرییە
11

ڕێواز فایەق..
لە کۆمیتەی دەربەندیخانەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان
4



هێمن عەبدوڵڵا:
سیری جەلالی و زوڕنای گەل
19

# یەکێتی ڕازییە ڕۆژی پێکهێنانی حکومەت پارێزگاری کەرکووک هەڵبژێردرێ

**ڕووداو — سلێمانی**

دوای حەوت کۆبوونەوەی فەرمی و چەندین پەیوەندی تەلەفۆنی، پارتی و یەکێتی نەگەیشتنە ڕێککەوتن بە یەکەوە بچنە هۆڵی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

تاوەکو درەنگانی شەوی ڕابردوو، سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی لەسەر ئاستی باڵا لەسەر هێڵ بوون. پارتی دوای گەڕانەوەیان لە ماڵی کۆسرەت ڕەسوڵ و کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، بە یەکێتییان گوت کە تێبینییە نوێیەکەیان تاوتوێ دەکەن و وەڵامیان دەدەنەوە.

دوای ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێککەوتنی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی، هەردوولا لە دوایین کۆبوونەوەیاندا کە ڕۆژی 15ی ئەم مانگە لە سلێمانی بەڕێوەچوو، ڕایانگەیاند لەسەر ڕەشنووسەکە ڕێککەوتوون و دەیبەنەوە سەرکردایەتییەکانیان و قسەی لەسەر دەکەن، بەڵام دواتر لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی لە سلێمانی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بەهۆی ئەو خاڵەی کە پەیوەندیدارە بە کەرکووکەوە، ڕێککەوتنەکەیان ڕەتکردەوە و داوای گەرەنتیان لە پارتی کرد.



ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، جیاوازی ئێمە و پارتی ئێستا لەسەر کەرکووک چڕبووەتەوە ، ئەگەر لەسەر پرسی کەرکووک ڕێککەوتبان، وەزارەتی داد کێشەیەکی گەورە نەبوو لە نێوانیاندا "پارتی دەڵێ پێویستە دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، ئێمەش بە پارتیمان گوتووە، گەرەنتی چییە دۆخی کەرکووک تاوەکو شەش مانگی دیکەش ئاسایی بکرێتەوە؟".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی هەروەها دەڵێ: "بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمان پەکینەکەوێ، پێشنیازێکی نوێ خرایەڕوو کە ئەو ڕۆژەی سەرۆکی کابینەی حکومەت سوێندی یاسایی دەخوات، ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکرێ و پارێزگار هەڵبژێردرێت، بەڵام هێشتا لەسەر ئەوە ڕێکنەکەوتووین".

یەکێتی نیشتمانی کوردستان 5 ناوی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لە حاڵەتێکدا ئەگەر لەگەڵ پارتی گەیشتنە ڕێککەوتن، ناوەکان بدەنە پارتی، بەڵام یەکێتی بۆ خۆی یەکێک لەو ناوانە پەسەند بکات بۆ پارێزگاری کەرکووک "ڕزگار عەلی، بەربژێری پلە یەکی یەکێتییە بۆ پارێزگاری کەرکووک و پێموانییە ئێستا پارتی کێشەی زۆری لەگەڵ ڕزگار عەلی هەبێت" بەرپرسێکی یەکێتی وایگوت.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) یەکێتی تاوەکو درەنگانێکی شەو لەگەڵ بەرپرسانی گۆڕان لەسەر هێڵ بووە بۆ ئەوەی بەشداریی کۆبوونەوەی پەرلەمان نەکەن. بزووتنەوەی گۆڕان بەڵێنی ئەوەیان نەداوە کە بەشداری نەکەن، بەڵام گوتوویانە لەگەڵ پارتی هەوڵدەدەن کۆبوونەوەکە دوابخرێت تاوەکو ئەو کاتەی پارتی و یەکێتی دەگەنە چارەسەرێک.

هەر بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەولێر کە تاوەکو درەنگانێکی شەو بەردەوام بووە، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بووبوونە دوو بەشەوە، بەشێکیان پێیان باش بووە لەگەڵ پارتی ڕێکبکەون و سبەینێ بەربژێری حیزبەکەیان بۆ سەرۆکی پەرلەمان یەکلایی بکەنەوە، بەڵام بەشەکەی دیکەیان سووربوون لەسەر ڕاگەیێندراوەکەی دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی.

3»

# گۆڕان 8 پۆست لە ناو ئەنجوومەنی ئاسایش وەردەگرێ

**ڕووداو– سلێمانی**

پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشداریی بزووتنەوەکە لەو حکومەتەدا ڕێککەوتن. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ لە ڕێککەوتننامەکە ڕازین "چونکە زۆربەی داواکارییەکانمان جێبەجێکراون و داخوازییەکانی گۆڕان لەنێو کارنامەی حکومەت، جێگای کراوەتەوە".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ پارتی ڕازی بووە گۆڕان بەشداریی ڕاستەقینە لە حکومەت بکات و لە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و دەزگا ئەمنییەکاندا 12%ی پۆستەکان وەردەگرێت: "لە سەرۆکایەتی هەرێمیش تەنیا جێگری سەرۆکی هەرێم وەرناگرێ، بەڵکو 12%ی پۆستەکانی سەرۆکایەتی هەرێم وەردەگرێت و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، بەربژێری خۆی بۆ پۆستەکان ئامادە دەکات".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان دەستیکەوتوون، بزووتنەوەکە جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئاوەدانکردنەوە، بریکاری وەزیری پەروەردە، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە، جێگری سەرۆکی دەستەیەکی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. ڕاوێژکارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش و نزیکەی 7 پۆستی دیکە لەو ئەنجوومەنە وەردەگرێت. هەروەها لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە 3 نوێنەرایەتی کە دەکاتە 12%ی پۆستەکانی ئەو فەرمانگەیە، وەردەگرێ.

ڕۆژی 2109/2/17 لە کۆبوونەوەی جڤاتی گشتیدا، جەلال جەوهەر، ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندن و ئەندامی شاندی دانوستاندکاری گۆڕان، وردەکاریی ڕێککەوتنەکەی بۆ بەشداربووانی کۆبوونەوەکە خوێندەوە. هەندێک لە ئەندامانی جڤاتی گشتی لە سەرەتاوە ڕەخنەی ئەوەیان گرتبوو لە خانەی ڕاپەڕاندن کە پێش ئەوەی ئەوان ئاگادار بکەنەوە، لەگەڵ پارتی کەوتوونەتە دانوستاندن و بەشێکی زۆر لە بابەتەکانیشیان بڕیوەتەوە، لەکاتێکدا دەبوو پێشتر ڕای ئەوان وەربگیرێت. بەڵام ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن بۆیان ڕوونکردوونەتەوە کارنامەی گۆڕان لە هەڵبژاردندا کە هەردوو جڤاتەکە کاریان بۆ کردووە و بەرگرییان لێکردووە، لەو ڕێککەوتنەدا جێگای کراوەتەوە. ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ: "شەش کەس لە ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی دەنگیان بەو ڕێککەوتنە نەدا، لەگەڵ ئەوە بوون بزووتنەوەی گۆڕان ببێتە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام زۆرینە پەسەندی کرد".

ئەو بەرگری لە ڕێککەوتننامەکە کرد و باسی لە خاڵێکی گرنگی نێو ڕێککەوتننامەکە کرد و گوتی: "بەپێچەوانەی هەموو کابینەکانی پێشووی حکومەتەوە، سەرۆکی حکومەت دەهاتە پەرلەمان و کارنامەی حکومەتەکەی بۆ پەرلەمانتاران دەخوێندەوە، بەڵام ئەمجارە لە پەرلەمانەوە کارنامەی حکومەت گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و دواتر پەسەند دەکرێت، واتە ئەگەر پەرلەمانتاران تێبینییەکیان لەسەر کارنامەی حکومەت هەبوو، دەتوانن ڕەتیبکەنەوە".

3»

## ئەگەر نەوەی نوێ کاندیدی هەبێ

# پارتی سەرۆکێکی کاتی بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێرێ

**ڕووداو — هەولێر**

فراکسیۆنی نەوەی نوێ بڕیاری داوە بەشداری دانیشتنەکەی پەرلەمانی کوردستان بکات و کاندیدیشی بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەبێ، پەرلەمانتارێکی پارتیش دەڵێت لەو حاڵەتەدا پارتی پاڵپشتی پاڵێوراوێک دەکات بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ، تا ئەو کاتەی یەکێتی بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمان دەکات.

وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2019/2/18 پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە. کارنامەی دانیشتنەکەش دوو خاڵە، یەکەم: سوێندخواردنی سێ پەرلەمانتاری تازە (ڕاهی ڕەهبەر (یەکێتی)، سیروان بابان (نەوەی نوێ) و د.زێدان برادۆستی (پارتی)) لە شوێنی قوباد تاڵەبانی، شاسوار عەبدولواحید و شەعبان عەلی شەعبان. دووەم: هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

بەپێی ئەو دانوستاندنانەی لە نێوان لایەنەکاندا کراون، پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بۆ یەکێتی یەکلابووەتەوە و یەکێتیش بەنیازە ڕێواس فایەق یان بێگەرد تاڵەبانی بکات بە سەرۆکی پەرلەمان. پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ پارتییە و بەربژێرەکەش هێمن هەورامییە. هەرچی پۆستی سکرتێری پەرلەمانە بۆ پێکهاتەی تورکمانە و مونا قەهوەچیش چانسی بەهێزە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە.

بە گوێرەی خاڵی حەوتەم لە مادده 14ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بۆ هەر یەک لە پۆستەکان تەنیا یەک پاڵێوراوی بێ ڕکابەر هەبوو، سەرۆکی یەکەم دانیشتن ڕاستەوخۆ بە ناولێنان پاڵێوراوەکە بۆ پۆستەکە بە سەرکەوتوو ڕادەگەیەنێ. بۆیە ئەگەر تەنیا نەوەی نوێ کاندیدی بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان هەبێ، ئەوە کاندیدەکە ڕاستەوخۆ دەبێتە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام پارتی دەیەوێ ئەو پۆستە هەر بۆ یەکێتی بێ.



هیڤیدار ئەحمەد، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەگەر نەوەی نوێ بەربژێری بۆ سەرۆکی پەرلەمان هەبوو، بەربژێرێک کە پارتی پاڵپشتی دەکات بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بە کاتی دادەنرێت تاوەکو برادەرانی یەکێتی دەگەڕێنەوە. ئەگەر بەربژێرەکە دەرچوو ئەوە کارەکانی خۆی دەکات، تا ئەو کاتەی یەکێتی بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمان دەکات و بەربژێری خۆی بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان دەکات، ئەوکات بەربژێرە کاتییەکە دەست لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکێشێتەوە".

4»

کۆمەڵایەتی 13

دوو "قاچاخچی" لە هەولێر دەکوژرێن



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

مەلایەک بەشێک لە مزگەوتەکەی بە کرێ دەدات

ژنان 12

هاوکاری پیاوێک دەکات بۆ کوشتنی مێردەکەی



ڕاپۆرت 7

کوردێکی ئێزدی بۆ ڕزگارکردنی خوشکەکەی دەبێت بە داعش





## لێڤی کتێبەکەی پێشکەشی کورد دەکات

**رووداو- نیویۆرک**

بێرنارد هێنری لێڤی، بیرمەندی فەرەنسی لە نیویۆرک نوێترین کتێبی خۆی بە ئامادەبووان ناساند، کتێبەکەش پێشکەشی کورد دەکات. هێنری لێڤی لە کتێبەیدا باس لە 16ی ئۆکتۆبەر دەکات و وەکو یەکێک لە کاریگەریترین رووداوەکانی جیهان دەیناسێنێ، هەروەها 16ی ئۆکتۆبەر وەکو کەوتنی بەرلین بەدەست نازییەکان و وارشۆ بەدەست نازی و پاشان سۆڤیەت وەسفدەکات. فەیلەسووفە فەرەنسییەکە دەڵێ: "ئەوەی لە کەرکووک روویدا بۆ کورد کارەساتێکی مرۆیی بوو و بۆ ئێمەی رۆژئاوایی کارەساتێکی ئەخلاقی بوو. 16ی ئۆکتۆبەر دەکرێت دووبارە ببێتەوە، کاتێک دۆناڵد ترەمپ لە وەڵامی پرسیارێکدا رایگەیاند ئەو کوردی خۆشدەوێت، بەڵام خۆشەویستی بێ کردار لە سیاسەتدا هیچ مانایەکی نییە".

### سەندیکا ناسنامەیان ناداتێ

# 500 پارێزەر بەهۆی نەبوونی ناسنامە کاریان دەستناکەوێ

> سەندیکا ناسنامەم ناداتێ و ئێستا لەبری کاری پارێزەری، کارەباچیم
>
> دەرچوویەکی زانکۆ



گردبوونەوەی پارێزەرانی بێ ناسنامە لە بەردەم سەندیکای پارێزەراندا

> دەبێ چاوەڕێی بەستنی کۆنگرە بکەن
>
> سەندیکای پارێزەران

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

سەندیکای پارێزەران بەبیانووی ئامادەکاری بۆ کۆنگرە، بڕیاری داوە ناسنامەی کاری پارێزەری نەداتە پارێزەرانی تازە. پارێزەرەکانیش بڕیارەکە بە حیزبی و نایاسایی دەزانن، دەڵێن ئەگەر تاوەکو 25ی ئەم مانگە بڕیارێک نەدەن کە لەبەرژەوەندی ئەوان بێ، سکاڵا تۆمار دەکەن.

غەفوور محەممەد، دەرچووی بەشی یاسا بە (رووداو)ی راگەیاند: "سەندیکای پارێزەران مافی ئینتیمابوونی داوە بە هەندێک دەرچووی بەشی یاسای ساڵی خوێندنی 2017 – 2018، بەڵام بەسەدان قوتابی بێبەش کردووە، سەندیکا رۆژی 2018/8/15ی وەک دوا وادە بۆ وەرگرتنی پارێزەران دانابوو، بەڵام سەدان دەرچووی یاسا بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بڕوانامەکانیان لەلایەن زانکۆکانیانەوە لە وەرگرتنی ناسنامەی سەندیکای پارێزەران بێبەش بوون، دەبوو سەندیکا ئەوەی لەبەرچاوگرتبایە و وادەکەی درێژکردبایەوە، چونکە ئەوە تاوانی دەرچووەکان نییە کە بڕوانامەکانیان پەسەند نەکراوە".

ئەوانەی ناسنامەیان بۆ نەکراوە ژمارەیان 500 پارێزەر دەبێ. غەفوور دەڵێت "هاوپۆلم هەیە ناسنامەی وەرگرتووە و چەند مانگێکە کاردەکات و چەند سکاڵایەکیشی وەرگرتووە، ئێمەش لە ماڵەوە دانیشتووین، چونکە بەبێ ناسنامە ناتوانین کار بکەین".

سەبارەت بە پاساوی سەندیکا، غەفوور گوتی: "ئەوان دەڵێن لەبەر کۆنگرە رامانگرتووە، بڕیاربوو مانگی 8ی ساڵی رابردوو کۆنگرە بکرێ، بەڵام نەکرا و بۆ مانگی 12 دواخرا، ئێستا دەڵێن مانگی چوار کۆنگرە دەکرێ، بەڵام قسەش هەیە دیسان دوابخرێ".

> **نوێنەرێکی دەرچووەکان:**
>
> کۆنگرە نابەسترێ چونکە پارتی و یەکێتی لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی سەندیکا رێکناکەون

سەندیکای پارێزەران پشتڕاستی دەکاتەوە کە هۆکاری پێنەدانی ناسنامە بەستنی کۆنگرەیە.

ئارام گەردی، گوتەبێژی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "بەهۆی نزیکبوونەوەی وادەی کۆنگرەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و خۆئامادەکردنمان، لە 2018/8/15 ئینتیمابوون بۆ پارێزەری، نوێکردنەوەی ناسنامە وەستێنران، بەڵام دوای ئەوەی وادەی کۆنگرە دواخرا، سەندیکا ناچار نوێکردنەوەی ناسنامەی کردووە، بەڵام ئەندامێتی هێشتا وەستاوە".

لەبارەی وەرگرتنی بەشێک لە دەرچووانی ئەمساڵی کۆلێژەکانی یاسا، گوتەبێژی سەندیکای پارێزەران دەڵێ: "ئەو دەرچووانەی پێش 2019/8/15 داواکاری هاتنەڕیزی سەندیکایان پێشکەش کردووە و بەڵگەنامەکانیان هێناوە، ناسنامەیان پێدراوە و کاردەکەن، بەڵام ئەوانەی دیکە داواکارییان پێشکەشی سەندیکا نەکردووە بۆ ئەوەی ببنە ئەندام و وەرنەگیراون".

بە گوتەی ئارام گەردی، سەندیکا ناسنامەی داوەتە 15 هەزار پارێزەر، بەڵام هەندێکیان مردوون یان دەستیان لەکارکێشاوەتەوە و بوونەتە فەرمانبەر، ئێستا نزیکەی 10 هەزار پارێزەر ماونەتەوە.

ئەو دەڵێت: "دەبێ سەندیکا زیاتر بەرژەوەندی پارێزەران لەبەرچاو بگرێ نەک دەرچووانی یاسا، شکۆی پارێزەر بپارێزێ و نەهێڵێ زۆریی ژمارەی پارێزەر کاریگەری لە کار و داهات و بژێوییان بکات، بۆیە پێویستە فیلتەرێک دابنرێت بۆ وەرگرتنی پارێزەری نوێ".

بەڵام نوێنەری دەرچووە وەرنەگیراوەکان پێیوایە کۆنگرە کراوە بە بیانوو و بەهۆی ململانێی حیزبییەوە ناسنامەیان پێنادرێ.

جووتیار رزگار عەلی، نوێنەری دەرچووانی بەشی یاسا بە (رووداو)ی راگەیاند: "نزیکەی 500 دەرچووی یاسا دەبین، ئێمە پارێزەرین بەڵام کاری پارێزەری بە ناسنامە دەکرێ، سەندیکاش ناسنامەمان ناداتێ، بۆیە ئێستا من لەبری کاری پارێزەری کارەباچێتی دەکەم".

قوتابییە دەرچووەکان پێیانوایە کە جیاوازی لەنێوانیاندا دەکرێ. جووتیار دەڵێ: "مانگی شەش تاقیکردنەوەم کردووە، هەر لەو مانگە ئەنجامی کۆرسی دووەمم وەرگرتەوە، بەڵام لە 2019/9/18 بڕوانامەکەیان دامەوە و ئەوانەی بە خولی دووەمیش دەرچوون دوو سێ هەفتە پێش ئێستا بڕوانامەکانیان وەرگرتووەتەوە. مەعقول نییە هاوپۆلەکەم کە لەگەڵ من بڕوانامەی وەرگرتووە، ئەو بە واستەی هاوڕێیەتی ناسنامەی وەرگرتووە و کاردەکات، منیش لە ماڵەوە دابنیشم".

جووتیار هەروەها گوتی: "رۆژی 2018/8/2 سەندیکا ئینتیمابوونی داخست، گوتیان 2018/9/15 دەیکەینەوە، هۆکارەکەشیان بۆ دواخستنی کۆنگرە گەڕاندەوە، بەڵام لەبنەڕەتدا کێشەکە سیاسییە، پارتی و یەکێتی لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان لە سەندیکا رێکناکەون. هیچ برگەیەکی یاسایی نییە بە بیانووی دواکەوتنی بەستنی کۆنگرە، دەرگای وەرگرتن دابخرێ. ناشبێ ئەم دوو بابەتە بەیەکەوە ببەسترێنەوە".

نوێنەکەرەی دەرچووان پێیوایە سەندیکای پارێزەران بەڵێنەکانی جێبەجێ ناکات. جووتیار دەڵێ: "پێشتر چووینە لای سەرۆکی سەندیکای پارێزەران، بەڵێنی دا ئەگەر لە 2018/12/25 کۆنگرە نەکرا، ئینتیماکردن دەکرێتەوە، بەڵام کۆنگرە نەکرا و وەرگرتن هەر نەکرایەوە، بۆیە بڕیارەکە حیزبییە و پێیانوایە کاریگەری لەسەر دەنگدەر دەبێ، بۆیە نایکەنەوە، لەکاتێکدا پێشنیارمان کردووە پاڵپشتییەکمان بدەنێ و با مافی دەنگدانیشمان نەبێت لە کۆنگرە".

بڕیارە رۆژی 2019/2/25 سەندیکای پارێزەران بڕیارێک دەربکات. دەرچووەکانیش چاوەڕێی بڕیاری ئەو کۆبوونەوەیەن. نوێنەری قوتابییە دەرچووەکان دەڵێ: "ئەگەر بڕیارەکە بە دڵی ئێمە نەبوو، سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەین، چەند پارێزەرێکیش ئامادەن بە خۆبەخش بەرگریمان لێبکەن".

ئەو نوێنەرەی دەرچووان زۆربوونی ژمارەی پارێزەران بە بیانوو دەزانێت و دەڵێ: "با سەندیکا فلتەر بۆ ئێمە دانەنێ، بەڵکو فلتەر بۆ ئەندامەکانی خۆی لە وەزارەتەکان دابنێ کە ئیش ناکەن و بوون بە بارگرانی لەسەر ئەو کۆدەی لە سەندیکا هەیانە، هەندێک پارێزەر ناسنامەی سەندیکایان هەیە و فەرمانبەریشن، ئەمە دژی یاسا و ئەو بەڵێننامەیە کە پریان کردووەتەوە، چونکە نابێ پارێزەر فەرمانبەریش بێت".

# مەلایەک بەشێک لە مزگەوتەکەی بە کرێ دەدات

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

مەلایەک بەشێک لە مزگەوتەکەی بە کرێ دەداتە قوتابخانەیەکی ئەهلی. وەزارەتی پەروەردە کارەکە بە نایاسایی دەزانێ، بەڵام مەلای مزگەوتەکە دەڵێ زەوییەکەم بە موساتەحە وەرگرتووە و بە کەیفی خۆم مامەڵەی پێوەدەکەم. ئەمە پەیوەندی بە وەزارەتەکانی پەروەردە و ئەوقافەوە نییە.

ساڵی 2010 قوتابخانەیەکی ئاینی لەنێو مزگەوتی مەلا فائیز لە گەڕەکی حاکماوای شاری هەولێر کرایەوە، بە گوتەی خاوەنەکەی ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام بوون، بەڵام دواتر پێیان چۆڵ کردوون. مەلا خالید مەلا فائیز بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو قوتابخانەیە لە ساڵی 2010 دروستکراوە، موڵکەکەمان بە موساتەحە وەرگرت و بە پارەی خۆمان باڵەخانەمان دروستکرد. پێنج ساڵ قوتابخانەی ئایینی بوو، بەڵام لە ساڵی 2016 ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا قوتابخانە ئاینییەکان کە سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بوون، بخرێنە سەر وەزارەی پەروەردە، بۆیە قوتابییەکانیان گواستەوە بۆ شوێنی دیکە و قوتابخانەکە چۆڵ کرا".

ساڵی 2017 موڵکەکە بە کرێ دەدرێتە قوتابخانەیەکی ئەهلی. مەلا خالید فائیز دەڵێ: "ئەو موڵکەمان بە موساتەحە لە شارەوانی هەولێر وەرگرتووە. بۆیە بەپێی یاسا دەتوانم بیگۆڕم و بە کەیفی خۆم دەیکەم بەوەی کە دەمەوێت. لە ساڵی 2017 بە کرێ داومەتە قوتابخانەیەکی ئەهلی و ئێستا دەوامی تێدا دەکرێ، ئەمەش بە رەزامەندی شارەوانی هەولێر بووە، من نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێریشم دایە ئەنجومەنی شارەوانیی هەولێر. سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانیی هەولێریش رەزامەندی و لارینەبوونی خۆی نیشاندا کە بەکرێی بدەم، هەروەها قوتابخانە ئەهلییەکەش لەلایەن وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتی پێدراوە، بۆیە من کارم لەگەڵ ئەنجومەنی شارەوانی هەولێرە، ئیشم بە وەزارەتی ئەوقاف و پەروەردە نییە".

عەبدوڵڵا عەبدولغەنی، سکرتێری ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر لەبارەی بەکرێدانی ئەو موڵکە بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو زەوییە موڵکی شارەوانییە و بە موساتەحە دراوەتە ئەو کەسە. ئەویش ساڵانە کرێ دەدات بە شارەوانی هەولێر، بۆیە ئەو کێشەیە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە".

بەڵام وەزارەتی پەروەردە کردنەوەی قوتابخانە ئەهلییەکە لە نێو مزگەوتەکە بە نایاسایی دەزانێت و لەڕێگەی لیژنەیەکیشەوە لێکۆڵینەوە لە کردنەوەی قوتابخانەکە لەنێو مزگەوتەکە دەکات.

عەباس زێباری، بەڕێوەبەری خوێندنی ئیسلامی لە وەزارەتی پەروەردە بە (رووداو)ی راگەیاند: "خاوەنەکەی کاتی خۆی شوێنەکەی بە موساتەحە لە وەزارەتی شارەوانی وەرگرتووە، باڵەخانەکەی بۆ خۆی دروستکردووە، رەزامەندی لە وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی پەروەردە وەرنەگرتووە".

زێباری گوتیشی: "پێشتر ئەو قوتابخانە ئاینییانە سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بوون، بەڵام لە کۆتایی ساڵی 2014 بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران، گواسترانەوە سەر وەزارەتی پەروەردە کە ژمارەیان 32 قوتابخانە بوو. ئەو قوتابخانانە زۆر بێسەروبەر بوون، بۆ ئەوەی ریفۆرمێکی باش لەنێو ئەو قوتابخانانە بکەین، ساڵی 2016 ژمارەی قوتابخانەکانمان کەمکردەوە بۆ 22 قوتابخانە و بەشێکمان لێکدان".

> ئەو موڵکەم بە موساتەحە وەرگرتووە و بە کەیفی خۆم دەیکەم بەوەی کە دەمەوێت
>
> مەلا خالید فائیز

قوتابخانەی مەلا فائیز یەکێک بوو لەو قوتابخانە ئاینییانەی چۆڵ کرا و قوتابییەکانی گوازرانەوە شوێنی دیکە. بەڕێوەبەری خوێندنی ئیسلامی لە وەزارەتی پەروەردە دەڵێ: "هەندێک لە قوتابییەکانمان گواستەوە بۆ قوتابخانەی مەلا عەبدوڵڵا لە مزگەوتی سەواف، بەشێکیشیان گواسترانەوە بۆ قوتابخانەی کەسنەزان".

یەکێک لە خاڵەکانی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە دەبێت قوتابخانەکان بە هەموو مومتەلەکاتەوە بگوازرێنەوە سەر وەزارەتی پەروەردە، بەڵام وەک زێباری دەڵێ: "گواستنەوەی باڵەخانەکان بۆ سەر وەزارەتی پەروەردە کێشە بوو، زۆربەی قوتابخانەکان بوونە موڵکی وەزارەتی پەروەردە، بەڵام قوتابخانە هەیە وەکو ئەوەی مەلا فائیز لەنێو حەوشەی مزگەوتدایە، بۆیە نەدەکرا قوتابخانەیەکی دیکەی حکومی لەنێو مزگەوت بکەیەوە. چونکە رێگەپێدراو نییە، ئێمە لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ ئەوەی بزانین چ قوتابخانەیەک سوودی وەزارەتی پەروەردەی تێدایە بگوازرێتەوە سەر وەزارەتی پەروەردە، ئەوەشی وەزارەتی پەروەردە ناتوانێ سوودیان لێوەربگرێت، بگەڕێندرێتەوە سەر وەزارەتی ئەوقاف".

سەبارەت بە بەکرێدانی موڵکەکە و کردنی بە قوتابخانەیەکی ئەهلی، عەباس زێباری رایگەیاند: "پێشتر وەزارەتی ئەوقاف قوتابخانە ئاینییەکانی لەنێو مزگەوتەکان دەکردەوە و ئاسایی بوو، بەڵام ئێستا خاوەنەکەی کە بە کرێ داویەتی بە قوتابخانەیەکی ئەهلی، ئەو کارەی بە نایاسایی کردووە، چونکە بەپێی یاسا نابێت قوتابخانەی حکومی یان ئەهلی لەنێو مزگەوتدا بکرێتەوە. یان مزگەوت لەگەڵ قوتابخانەی ئەهلی یان حکومی لەتەنیشت یەکتری بن. وەزارەتی پەروەردەش هیچ رەزامەندییەکی نەداوە لەسەر ئەوەی ئەو قوتابخانە ئاینییە بکرێتە قوتابخانەیەکی ئەهلی، بۆیە ئێمە بەدواداچوونی بۆ دەکەین و ئەگەر پێویست بێت دەیدەینە دادگاش".

سەبارەت بە شوێنەکەش گوتی: "ئەو قوتابخانەیە لەنێو مزگەوتەکەیە، بۆیە جارێ ناتوانین بڕیار بدەین، پێشتر سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بووە، بۆیە ئەو لیژنەیەی دامانناوە، دوای بەدواداچوونێکی ورد مەحزەری خۆی تەواو دەکات و بەرزی دەکەینەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەوانیش بڕیار دەدەن لەسەر ئەوەی ئەو قوتابخانانە بگوازرێنەوە بۆ سەر وەزارەتی پەروەردە یان چییان لێبکرێت".

# دوای چوار مانگ مافی خوێندن لە خوێندکارێکی زانکۆ وەردەگیرێتەوە

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

خوێندکارێکی زانکۆ بە رەزامەندی و بەدەر لە رێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە زانکۆیەکی ئەهلی وەردەگیرێ، بەڵام دوای نزیکەی چوار مانگ دەوامکردن، ئاگادار دەکرێتەوە کە ناتوانێ لەو زانکۆیە بخوێنێ، خوێندکارەکە خۆی بە قوربانیی هەڵەی وەزارەت و زانکۆکەی دەزانێ و دەڵێ ئەگەر کێشەکەم بۆ چارەسەر نەکەن لە دادگا سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەم.

حوسێن عومەر، خوێندکاری بەشی ئەندازیاری کۆمپیوتەر لە زانکۆی لوبنانی – فەرەنسی بە (رووداو)ی راگەیاند: "ساڵی رابردوو لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی وەرگیرام، بەڵام بەهۆی ئەوەی درەنگ ناومان گەڕایەوە دوامخست بۆ ئەمساڵ. ئەمساڵیش هەمان بەش لە زانکۆی لوبنانی- فەرەنسی کرایەوە، من لە زانکۆکەی خۆشم بە پاراڵێل دەمخوێند و دەبوو ساڵانە پارە بدەم، نزیکەی هەفتەیەکیش دەوامم کرد، بەڵام 110 خوێندکار لەنێو پۆلێکدا بووین و هیچ تێنەدەگەیشتم، بۆیە کە هەر پارەی خوێندنم دەدا، بڕیارم دا بچمە زانکۆی لوبنانی – فەرەنسی، بە سیستەمی ئۆنلاین داواکاریم پێشکەش کرد، وەزارەتی خوێندنی باڵا رەزامەندی لەسەردا و زانکۆکەش قبوڵی کردم".

بەگوتەی حوسێن، دوای نزیکەی چوار مانگ ئاگادار کراوەتەوە کە ناتوانێ لە خوێندن بەردەوام بێ: "سیستەمی خوێندنی زانکۆی لوبنانی – فەرەنسی دوو کۆرسە، من کۆرسێکم تەواوکردووە، ئەنجامەکەشم وەرگرتووەتەوە، بەڵام دوای چوار مانگ وەزارەت دەڵێ ناتوانی لە خوێندن بەردەوام بی، گوتم من چوار مانگە لەو زانکۆیە دەخوێنم بە رەزامەندی ئێوە و زانکۆکەش وەرگیراوم، دوو ملیۆن و 100 هەزار دینارم بۆ کرێی خوێندن داوە، ئێستاش کۆرسێکم تەواو کردووە، بەڵام وەزارەت گوتیان بەپێی رێنمایی ئێمە نابێت خوێندکاری قۆناغی یەکەم بۆ خوێندنی ئەهلی تەمەنی لە 35 ساڵ زیاتر بێت".

حوسێن عومەر کە تەمەنی 39 ساڵە، دەڵێت ئەگەر هەڵەیەک کرابێ، هەڵەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆی لوبنانی – فەرەنسییە: "پێم سەیرە لە خوێندنی حکومی رەچاوی تەمەن نەکرێ و لە خوێندنی ئەهلی رەچاوی ئەوە بکرێ، لەکاتێکدا دەبوو پێچەوانە بووایە، ئەمساڵ لە کۆلێژی پۆلیتەکنیک لەدایکبووی 1972 هەبووە و وەرگیراوە و دەوامیش دەکات، بەڵام لە زانکۆ ئەهلییەکان رێگە نادەن، هەروەها ئاساییە ئەگەر خوێندکار رێنمایی و یاساکانی وەزارەت نەزانێ، بەڵام نابێ زانکۆ و وەزارەت خۆیان ئاگاداری رێنماییەکانی خۆیان نەبن، ناسنامەکەی من لەلای هەردووکیان بووە و بینیویانە، رەزامەندیشیان لەسەر خوێندنی من لەو زانکۆیە داوە، تاوانی من چییە دوای نزیکەی چوار مانگ و تەواوبوونی کۆرسێکی خوێندن بڵێن ناتوانی لە خوێندن بەردەوام بی؟! زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەڵێ دەمانەوێ بەردەوام بی، بەڵام ئەوە وەزارەتە کێشەی هەیە و ئێمەش ناچارین جێبەجێی بکەین".

> **خوێندکارەکە:**
>
> سکاڵا لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکەم تۆمار دەکەم

لەبارەی کێشەی ئەو خوێندکارە، رێکار شەمسەدین، بەڕێوەبەری کارگێڕی زانکۆی لوبنانی- فەرەنسی بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو خوێندکارە لەلای ئێمە وەرگیراوە و وەزارەتی خوێندنی باڵاش رازی بووە، ئێمە کێشەمان لەگەڵ بەردەوامبوون و خوێندنی نییە و ئێستاش بەردەوامە لە خوێندن، بەڵام وەزارەت دەڵێ نابێت بخوێنێ و تاقیکردنەوەش بکات، بۆیە کێشەکە لەنێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا و ئەو خوێندکارەیە، بەڵام ئێمە لەگەڵ وەزارەت لەسەر هێڵین بۆ چارەسەرکردنی".

حوسێن تاکە خوێندکاری زانکۆکەیە ئەو کێشەیەی هەبێت، ئەو پێیوایە دەبێت وەزارەت و زانکۆکە قەرەبووی بکەنەوە و دەڵێ: "من تاکە کەسم ئەو کێشەیەم هەیە، بۆیە ئەگەر بۆ راستکردنەوەی هەڵەی خۆشیان بێت، زانکۆ کورسی تایبەتی هەیە و دەتوانن بیدەن بە من و قەرەبووی هەڵەکەیانی پێبکەنەوە".

ئەو خوێندکارە هەموو رۆژێک رێگای وەزارەتی خوێندنی باڵا دەگرێتەبەر، بەڵام قسەیەکی دڵخۆشکەریان نەداوەتێ، ئەو گوتی: "سەرپەرشتیاری زانکۆ و پەیمانگا ئەهلییەکانی وەزارەت دەڵێ بەپێی رێنمایی مامەڵە دەکەین، کەسێکی دیکەی وەزارەت پێیگوتم تۆ ناتوانی تاقیکردنەوە بکەی، لەکاتێکدا خۆی منی لە زانکۆکە وەرگرتووە".

بەگوتەی حوسێن، وەزیری خوێندنی باڵا فەرمانی داوە کە ساڵێکی دیکە بیگەڕێننەوە شوێنی خۆی، ئەو دەڵێ: "نووسراوێکم پێشکەشی وەزیری خوێندنی باڵا کرد، ئەویش بۆ بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناردبوو، بەڕێوەبەری گشتیش دوو رێگاچارەی دانابوو، یان چاوپۆشی لە تەمەنی بکرێ یان بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی بۆ ساڵی ئاینده، بەڵام وەزیری خوێندنی باڵا ئەوەی دووەمی هەڵبژاردبوو، بۆیە نووسراوێکی دیکەم پێشکەش کردووە، ئەگەر ئەمجارە هەمان وەڵامم بدەنەوە یان کێشەکەم بۆ چارەسەر نەکەن، وەزیر و زانکۆکەش دەدەمە دادگای ئیداری، چونکە من لە مافی خۆم خۆشنابم و داوای قەرەبووی ماددی و مەعنەویش دەکەم".

وەزارەتی خوێندنی باڵا لەبارەی کێشەی ئەو خوێندکارە بەڵێنی دابوو وەڵامی (رووداو) بداتەوە، بەڵام وەڵامیان نەدایەوە.

## جیاوازییەکانیان کورت بووەتەوە بۆ کاتی هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووک

# یەکێتی ڕازییە ڕۆژی پێکهێنانی حکومەت پارێزگاری کەرکووک هەڵبژێردرێ



ئەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

تاوەکو درەنگانی شەوی ڕابردوو، سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی لەسەر ئاستی باڵا لەسەر هێڵ بوون. پارتی دوای گەڕانەوەیان لە ماڵی کۆسرەت ڕەسوڵ و کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، بە یەکێتییان گوت کە تێبینییە نوێیەکەیان تاوتوێ دەکەن و وەڵامیان دەدەنەوە، بڕیار بوو سەر لە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە 17ی شوبات، جارێکی دیکە شاندی باڵای پارتی و یەکێتی لە هەولێر کۆببنەوە، بەڵام وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی گوتی: "بەهۆی ئەوەی خوشکی هاوژینی کۆسرەت ڕەسوڵ کۆچی دوایی کردبوو، دەرفەت نەبوو ئەو کۆبوونەوە هاوبەشە بکرێت"، بەڵام دواتر لە کاژێر 9ی شەو مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەولێر کۆبوونەوە.

هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی دانوستاندنی پێکهێنانی حکومەتەوە، یەکێتی ڕایگەیاند کە بە مەرجی شەراکەتی ڕاستەقینە و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی وەزارەتی دادی عێراق و پارێزگاری کەرکووک لەگەڵ پارتی ڕێکدەکەون. ڕۆژی پێنجی شوبات لە کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیدا ڕایانگەیاند کە لەسەر کاتی کۆبوونەوەی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕێککەوتوون. لێژنەیەکیشیان پێکهێناوە بۆ نووسینی ڕەشنووسی ڕێککەوتنی سیاسی نێوان هەردوولا.

دوای ئامادەکردنی ڕەشنووسەکە، هەردوولا لە دوایین کۆبوونەوەیاندا کە ڕۆژی 15ی ئەم مانگە لە سلێمانی بەڕێوەچوو، ڕایانگەیاند کە لەسەر ڕەشنووسەکە ڕێککەوتوون و دەیبەنەوە سەرکردایەتییەکانیان و قسەی لەسەر دەکەن، بەڵام دواتر لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی لە سلێمانی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بەهۆی ئەو خاڵەی کە پەیوەندیدارە بە کەرکووکەوە، ڕێککەوتنەکەیان ڕەتکردەوە و داوای گەرەنتیان لە پارتی کرد.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، جیاوازی ئێمە و پارتی ئێستا لەسەر کەرکووک چڕبووەتەوە ، ئەگەر لەسەر پرسی کەرکووک ڕێککەوتبان، وەزارەتی داد کێشەیەکی گەورە نەبوو لە نێوانیاندا "پارتی دەڵێ پێویستە دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، ئێمەش بە پارتیمان گوتووە، گەرەنتی چییە دۆخی کەرکووک تاوەکو شەش مانگی دیکەش ئاسایی بکرێتەوە؟".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی هەروەها دەڵێ: "بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمان پەکینەکەوێ، پێشنیازێکی نوێ خرایەڕوو کە ئەو ڕۆژەی سەرۆکی کابینەی حکومەت سوێندی یاسایی دەخوات، ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکرێ و پارێزگار هەڵبژێردرێت، بەڵام هێشتا لەسەر ئەوە ڕێکنەکەوتووین".

بەپێی ڕێککەوتننامەی نێوان پارتی و یەکێتی لە ڕۆژی پێنجی شوبات، بڕیار بوو کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پێکەوە لە 18ی شوبات بکرێ.

بەڵام وەک بەرپرسانی یەکێتی باسی دەکەن، کەموکوڕی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئەوە بووە کە ڕوون نەکراوەتەوە کۆبووەنەوەکە لە چ شوێنێک دەبێت و چ بڕیارێکی تێدا دەدرێ . هەر بۆیە ئەندامە یەکێتییەکانی نێو لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕەتیانکردەوە بچنە هەولێر بۆ کۆبوونەوە و پارتیش ڕەتیدەکاتەوە بچێتە کەرکووک.

ڕەوەند مەلا مەحموود، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک، دەڵێ کۆبوونەوە لە هەولێر هیچ ئەنجامێکی نابێت و تەنیا دەبێتە کۆبوونەوەی لیستی برایەتی "ئەوکات کێشەی بەشدارینەکردنی عەرەب و تورکمانەکان هەیە و بەوەش کێشەکە چارەسەر نابێت، بۆیە باشترە لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕێکبکەوین و شوێنی کۆبوونەوە و هەڵبژاردنی پارێزگار نەبێتە کێشە".

یەکێتی نیشتمانی کوردستان 5 ناوی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لە حاڵەتێکدا ئەگەر لەگەڵ پارتی گەیشتنە ڕێککەوتن، ناوەکان بدەنە پارتی، بەڵام یەکێتی بۆ خۆی یەکێک لەو ناوانە پەسەند بکات بۆ پارێزگاری کەرکووک "ڕزگار عەلی، بەربژێری پلە یەکی یەکێتییە بۆ پارێزگاری کەرکووک و پێموانییە ئێستا پارتی کێشەی زۆری لەگەڵ ڕزگار عەلی هەبێت" بەرپرسێکی یەکێتی وایگوت.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) یەکێتی تاوەکو درەنگانێکی شەو لەگەڵ بەرپرسانی گۆڕان لەسەر هێڵ بووە بۆ ئەوەی بەشداریی کۆبوونەوەی پەرلەمان نەکەن. بزووتنەوەی گۆڕان بەڵێنی ئەوەیان نەداوە کە بەشداری نەکەن، بەڵام گوتوویانە لەگەڵ پارتی هەوڵدەدەن کۆبوونەوەکە دوابخرێت تاوەکو ئەو کاتەی پارتی و یەکێتی دەگەنە چارەسەرێک.

هەر بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەولێر کە تاوەکو درەنگانێکی شەو بەردەوام بووە، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بووبوونە دوو بەشەوە، بەشێکیان پێیان باش بووە لەگەڵ پارتی ڕێکبکەون و سبەینێ بەربژێری حیزبەکەیان بۆ سەرۆکی پەرلەمان یەکلایی بکەنەوە، بەڵام بەشەکەی دیکەیان سووربوون لەسەر ڕاگەیێندراوەکەی دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی.

پشکەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتین لە جێگری سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان و وەزارەتی کشتوکاڵ و ڕاوێژکارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش. 4 بۆ 5 نوێنەرایەتی حکومەت لە دەرەوە کە بەو شێوەیە پۆستەکانی یەکێتی لە 30% بۆ 35%ی پۆستەکانی حکومەت دەبێت.

بەهۆی ئاڵۆزیی دۆخەکە و پێکنەهاتنیان لەگەڵ پارتی، ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕەتیدەکەنەوە قسە لەبارەی کێشەکانیان لەگەڵ پارتی بکەن، بەڵام پەرلەمانتارێکی یەکێتی دەڵێ، بە پێکهاتنی پارتی و یەکێتی لەسەر کێشەی کەرکووک، یەکێتی بەشداریی دانیشتنی پەرلەمان دەکات و بەربژێری خۆی دەستنیشان دەکات. زیاد شەهید جەبار گوتیشی: "بۆ ئەوەی حکومەتێکی بەهێز هەبێت و کێشەکانی بەغدا و کەرکووک و کوردستان پێکەوە چارەسەر بکرێن، دەبێت ڕێککەوتنێکی گشتگیری سیاسی لەنێوان یەکێتی و پارتی واژۆ بکرێت".

یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەریەکە لە ڕێواز فایەق و بێگەرد تاڵەبانی، دەستنیشان کردووە تاوەکو یەکێکیان ببنە سەرۆکی پەرلەمان. بەپێی قسەی ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی: "ئەگەری زۆرتر ئەوەیە ڕێواز فایەق هەڵبژێردرێت و بۆ وەزارەتی تەندروستیش ڕکابەرێتی لە نێوان د.دارا و شەماڵ جەبار یاوەر و د.سۆران جەمال تاهیر هەیە. بۆ وەزارەتی پێشمەرگەش چەند ناوێکی سەربازی لە ئاستی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لەئارادان، بەڵام هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە".

### پۆستەکانی یەکێتی لە حکومەتی داهاتوو:

- جێگری سەرۆکی حکومەت
- سەرۆکی پەرلەمان
- وەزارەتی پێشمەرگە
- وەزارەتی تەندروستی
- وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان
- وەزارەتی کشتوکاڵ
- ڕاوێژکارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش
- 4 بۆ 5 نوێنەرایەتی حکومەت لە دەرەوە

## لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بەربژێرەکانی ئامادە دەکات

# گۆڕان 8 پۆست لە ناو ئەنجوومەنی ئاسایش وەردەگرێ



ئەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

پاش زنجیرەیەک کۆبوونەوە لە هەولێر و سلێمانی، دواجار پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشداریی بزووتنەوەکە لەو حکومەتەدا ڕێککەوتن و، بە 30 خاڵ کە 18 یان تایبەتە بە کوردستان و 12 خاڵیش تایبەتن بە بەغدا، واژۆی هەردوولایان خستە سەر ڕێککەوتننامەکە. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ لە ڕێککەوتننامەکە ڕازین "چونکە زۆربەی داواکارییەکانمان جێبەجێ کراون و داخوازییەکانی گۆڕان لەنێو کارنامەی حکومەت، جێگای کراوەتەوە".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی پێیوایە هەر لایەنە باشەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە وایکرد کە جڤاتی گشتی تێبینی زۆریان نەبێت لەسەر وردەکارییەکانی و دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەر کەم بن "لە جڤاتی نیشتمانیش هەروا ئەندامانی جڤات گرفتێکی وایان لەگەڵ ڕێککەوتنەکە نەبوو، بۆیە بە دەنگدانی هەردوو جڤاتەکە ئەو ڕێککەوتننامەیە پەسەند کرا".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ پارتی ڕازی بووە گۆڕان بەشداریی ڕاستەقینە لە حکومەت بکات و لە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و دەزگا ئەمنییەکاندا 12%ی پۆستەکان وەردەگرێت: "لە سەرۆکایەتی هەرێمیش تەنیا جێگری سەرۆکی هەرێم وەرناگرێ، بەڵکو 12%ی پۆستەکانی سەرۆکایەتی هەرێم وەردەگرێت و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، بەربژێری خۆی بۆ پۆستەکان ئامادە دەکات".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان دەستیکەوتوون، بزووتنەوەکە جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی، ئاوەدانکردنەوە، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە، جێگری سەرۆکی دەستەیەکی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی وەردەگرێ.

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی گوتیشی: "بزووتنەوەی گۆڕان، ڕاوێژکارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش و نزیکەی 7 پۆستی دیکە لەو ئەنجوومەنە وەردەگرێت. هەروەها لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە 3 نوێنەرایەتی کە دەکاتە 12%ی پۆستەکانی ئەو فەرمانگەیە، وەردەگرێ".

هێمن شێخانی، ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، پێمانوایە ئەو پێشنیازانەی کە کردوومانە "هەرچەندە پەسەندیش کراون، بەڵام پێویستیان بە هەمووارکردنە، چوونی ئێمە بۆ حکومەت لەپێناو جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵکە، بۆیە ئەگەر جێبەجێ بکرێن ڕێککەوتنێکی باشە و دەبێ پشتیوانی بکەین ".

ڕۆژی 2109/2/17 لە کۆبوونەوەی جڤاتی گشتیدا، جەلال جەوهەر، ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندن و ئەندامی شاندی دانوستاندکاری گۆڕان، وردەکاریی ڕێککەوتنەکەی بۆ بەشداربووانی کۆبوونەوەکە خوێندەوە. هەندێک لە ئەندامانی جڤاتی گشتی لە سەرەتاوە ڕەخنەی ئەوەیان گرتبوو لە خانەی ڕاپەڕاندن کە پێش ئەوەی ئەوان ئاگادار بکەنەوە، لەگەڵ پارتی کەوتوونەتە دانوستاندن و بەشێکی زۆر لە بابەتەکانیشیان بڕیوەتەوە، لەکاتێکدا دەبوو پێشتر ڕای ئەوان وەربگیرێت. بەڵام ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن بۆیان ڕوونکردوونەتەوە کارنامەی گۆڕان لە هەڵبژاردندا کە هەردوو جڤاتەکە کاریان بۆ کردووە و بەرگرییان لێکردووە، لەو ڕێککەوتنەدا جێگای کراوەتەوە.

بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان خاوەنی 12 کورسییە و هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتەوە مەرجی بەشداریی خۆی بەستووەتەوە بە جێکردنەوەی بەرنامەکەی لە کارنامەی حکومەتدا، هەرچەندە سەرەتا داوای جێگری سەرۆکی حکومەتی دەکرد، بەڵام دواتر بە وەرگرتنی جێگری سەرۆکی هەرێم ڕازی بوو.

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ: "شەش کەس لە ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی دەنگیان بەو ڕێککەوتنە نەدا، لەگەڵ ئەوە بوون بزووتنەوەی گۆڕان ببێتە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام زۆرینە پەسەندی کرد". ئەو بەرگری لە ڕێککەوتننامەکە کرد و باسی لە خاڵێکی گرنگی نێو ڕێککەوتننامەکە کرد و گوتی: "بەپێچەوانەی هەموو کابینەکانی پێشووی حکومەتەوە، سەرۆکی حکومەت دەهاتە پەرلەمان و کارنامەی حکومەتەکەی بۆ پەرلەمانتاران دەخوێندەوە، بەڵام ئەمجارە لە پەرلەمانەوە کارنامەی حکومەت گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و دواتر پەسەند دەکرێت، واتە ئەگەر پەرلەمانتاران تێبینییەکیان لەسەر کارنامەی حکومەت هەبوو، دەتوانن ڕەتیبکەنەوە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لەکاتی گفتوگۆکانیان لەگەڵ پارتی، بزووتنەوەی گۆڕان بەپێچەوانەی ساڵانی پێشوو کە پێداگیری دەکرد لەسەر ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتەکانی تەشریفاتی بن، ئەمجارە داوای دەسەڵاتی کردووە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بەوپێیەی بۆ خۆیان جێگری سەرۆکی هەرێم وەردەگرن و گوتوویانە کە دەبێت سەرۆکی هەرێم بەشێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بداتە جێگرەکەی، پارتیش بەوە ڕازی بووە.

هەر بەپێی زانیارییەکان، ئەو پۆستانەی کە گۆڕان لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و نوێنەرایەتییەکان وەریدەگرێ، ماوەتەوە بۆ کاتی پێکهێنانی حکومەت و لەگەڵ پۆستەکانی حکومەتدا، ئەو پۆستانەش وەردەگرێتەوە کە لە ئیدارەی پارێزگای هەولێر بەریکەوتبوون.

کوێستان محەممەد، ئەندامی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، جڤاتەکەیان ڕاسپاردەکانی خۆی ئاراستەی جڤاتی نیشتمانی کرد و بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتی "کاتی دیاری کردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو داخوازییانە و چاکسازی، کاتەکان لە 6 مانگەوە بۆ ساڵێکە و ئەگەر پێویستیشی کرد ڕەنگە کاتی زیاتری بدرێتێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە 90%ی کارنامە و پاکێجەکانی گۆڕان لە کارنامەی حکومەتدا جێی کراوەتەوە".

ڕێککەوتننامەکەی پارتی و گۆڕان 30 خاڵە، 18 خاڵی پەیوەندیدارە بە کوردستان و 12 خاڵیش تایبەتە بە بەغدا. لەبارەی کێشەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستانەوە، پارتی و گۆڕان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، لە پەرلەمان و حکومەت دەستەیەک دروستبکرێت و تاوەکو کۆتایی هاتنی کێشەکان، دانوستاندنی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەڕێوەببات و بۆ ناوچە کوردستانییەکانیش دووپاتی یەکهەڵوێستی لایەنە کوردستانییەکان کراوەتەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی دەرەوەش، ڕێککەوتنەکە بەو جۆرەیە کە بەرنامەی ئەو نوێنەرایەتییانە و شێوازی کارکردنیان بگۆڕدرێ" ئەندامێکی دیکەی جڤاتی نیشتمانی وایگوت. ئەو گوتیشی: "داخوازی ئەوەش لەلایەن هەندێک لە ئەندامانی جڤاتەوە هەبوو کە ڕێککەوتننامەکە لەلایەن کاک عومەری سەید عەلی و کاک مەسعودەوە واژۆ بکرێت، بۆ ئەوەی بایەخێکی زۆرتری پێبدرێت و هەردوولا ناچاری جێبەجێکردنی ببن".

ئەمڕۆ دووشەممە، پارتی و گۆڕان لە هەولێر جارێکی دیکە کۆدەبنەوە بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکەی نێوانیان.

ئاراس وەلی، ئەندامی شاندی دانوستانکاری گۆڕان دەڵێ تەنیا یەک تێبینییان هەبووە لەسەر کۆی ڕێککەوتننامەکە "ئێمە داوامان کردبوو وادەیەک بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی دابنرێ، ئەو تێبینییەشمان ئەمڕۆ دەبەینە هەولێر و دەیدەینە پارتی".

### پۆستەکانی گۆڕان لە حکومەتی داهاتوو:

- جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان
- وەزارەتی دارایی
- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە
- جێگری سەرۆکی دەستەیەکی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی
- ڕاوێژکارێک و 7 پۆستی دیکە لە ئەنجوومەنی ئاسایش
- سێ نوێنەری حکومەت لە دەرەوە

ئەگەر نەوەی نوێ کاندیدی هەبێ

# سەرۆکێکی کاتی بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ



پەرلەمانتارێکی پارتی:

پارتی پاڵپشتی بەربژێرێک دەکات بۆ سەرۆکی پەرلەمان تا ئەوکاتەی یەکێتی بەشداری دانیشتنی پەرلەمان دەکات

ڕووداو – هەولێر

سەرۆکی کاتی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانی کرد بۆ دانیشتنی پەرلەمان لە 18ی شوباتی 2019. ڕێڤینگ هەروری کۆتایی هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کۆبووەوە. جگە لە یەکێتی کە بەشدارییان لە دانیشتنەکەی پەرلەمان بەستەوە بە واژۆکردنی ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ پارتی، سەرجەم فراکسیۆنەکان ئامادەیی خۆیان نیشاندا کە بەشداری دانیشتنەکەی 18 مانگ بکەن.

شاندی دانوستاندنکاری پارتی و یەکێتی لە شەشەمین کۆبوونەوەیاندا لە ڕۆژی 2019/2/5 بڕیاریان دا 18ی ئەم مانگە پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە. پارتی و یەکێتی لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر سێ خاڵ ڕێککەوتبوون، خاڵی یەکەمیان پێکهێنانی لیژنەیەک بوو بۆ نووسینی ڕەشنووسی ڕێککەوتنی سیاسی نێوانیان "لیژنەی دیاریکراو بۆ نووسینی پرۆژە سیاسییەکان دەستبەکار دەبێت، هەوڵی ئەوە دەدات لە ماوەیەکی کورتدا لە کۆتایی ئەو هەفتەیە یان ناوەڕاستی هەفتەی داهاتوو وەرەقەی سیاسی و کاری هاوبەش ئامادە بکات و بیدات بە هەردوو مەکتەبی سیاسی بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت".

ئەگەرچی ڕەشنووسێکی 18 خاڵی لەلایەن هەردوولا ئامادە کراوە و لە دوایین کۆبوونەوەی نێوانیشیان لە 15ی ئەم مانگە ڕایانگەیاند کە لەسەر سیغەی کۆتایی ڕێککەوتنەکە ڕێککەوتوون، بەڵام ڕۆژی دواتر یەکێتی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیدا ڕایگەیاند کە کێشەکانی (هەولێر، کەرکووک و بەغدا) یەک پاکێجن و بەبێ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ پارتی، بەشداری کۆبوونەوەی 18ی مانگی پەرلەمانی کوردستان ناکەن، بەڵام پارتی سوورە لەسەر ئەوەی کە کۆبوونەوەکە بکرێ.

هیڤیدار ئەحمەد، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "یەکێتی بەشداری بکات یان نا، دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە کاژێر 11ی پێش نیوەڕۆی 2019/2/18 دەستپێدەکات، جگە لە یەکێتیش سەرجەم فراکسیۆنەکان بەڵێنیان داوە بەشداریی کۆبوونەوەکە بکەن".

## بە تەمەنێک و دوو گەنج دانیشتنەکە بەڕێوەدەبەن

بەپێی بانگهێشتنامەکەی سەرۆکی کاتی پەرلەمان، ئەجێندای دانیشتنەکە بریتی دەبێت لە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سوێندخواردنی سێ پەلەمانتاری نوێ لە شوێنەکانی قوباد تاڵەبانی، شاسوار عەبدولواحید و شەعبان عەلی شەعبان.

سەرەتا سێ پەرلەمانتارە نوێیەکە (ڕاهی ڕەهبەر (یەکێتی)، سیروان بابان (نەوەی نوێ) و د.زێدان برادۆستی (پارتی)) سوێندی دەستبەکاربوون دەخۆن، پاشان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ.

دانیشتنەکە لەلایەن ڕێڤینگ هەروری، سەرۆکی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان کە بەتەمەنترین ئەندامی پەرلەمانە، لەگەڵ دوو گەنجترین ئەندامانی پەرلەمان لە هەردوو فراکسیۆنی پارتی و یەکگرتووی ئیسلامی بەڕێوەدەچێ.

## نەوەی نوێ بەربژێری دەبێ

نەوەی نوێ کە خاوەنی هەشت کورسییە و فراکسیۆنێکی نوێیە لە پەرلەمانی کوردستان، هەرزوو ئۆپۆزیسیۆنبوونی خۆی ڕاگەیاند. ئەوان بڕیاریانداوە بەشداری لە دانیشتنەکەی پەرلەمان بکەن و بەربژێریشیان بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دەبێ.

ئەگەرچی بەرنامەکەی پارتی ئەوە بوو کە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بە بەتاڵی بۆ یەکێتی بهێڵدرێتەوە و تەنیا جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان هەڵبژێردرێن کە یەکەمیان بۆ پارتی دەبێ و دووەمیان بۆ پێکهاتەی تورکمان، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگەر نەوەی نوێ بەربژێری بۆ سەرۆکی پەرلەمان هەبێ، پارتی ناچارە بەربژێری بۆ سەرۆکی پەرلەمانیش هەبێ.

هیڤیدار ئەحمەد دەڵێت: "ئەگەر نەوەی نوێ بەربژێری بۆ سەرۆکی پەرلەمان هەبوو، بەربژێرێک کە پارتی پاڵپشتی دەکات بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بە کاتی دادەنرێت تاوەکو برادەرانی یەکێتی دەگەڕێنەوە. ئەگەر بەربژێرەکە دەرچوو ئەوە کارەکانی خۆی دەکات، تا ئەو کاتەی یەکێتی بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمان دەکات و بەربژێری خۆی بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان دەکات، ئەوکات بەربژێرە کاتییەکە دەست لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکێشێتەوە".

بە گوتەی هیڤیدار ئەحمەد، بەربژێری پارتی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، هێمن هەورامی دەبێ.

ڕووداو زانیویەتی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان بۆ پێکهاتەی تورکمانە و لەنێو تورکمانیش مونا قەهوەچی زۆرترین شانسی هەیە.

ئایدن مەعرووف، سەرۆکی بەرەی تورکمانی ڕایگەیاند ئەوان کاندیدیان بۆ پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان نابێ، ئاگاداری ئەوەش نییە مونا قەهوەچی بەربژێر بێ، بەڵام گوتی زیاتر لە بەربژێرێک بۆ ئەو پۆستە هەیە.

هەر لەوبارەوە محەممەد ئیلخانی، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی گەشەپێدانی تورکمان ڕایگەیاند "پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان فراکسیۆنە تورکمانییەکان کۆدەبنەوە و کەسێک بۆ ئەو پۆستەکە دەستنیشان دەکەین".

هیڤیدار ئەحمەد کارنامەی داهاتووی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستانی ئاشکرا کرد و گوتی: "دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەی یاسایی پێکدەهێنرێ، پاشان لیژنەکە پرۆژە یاسای هەمووارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات و تەنیا یەک خاڵ لە یاساکە هەموار دەکرێتەوە. ئەویش هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمە کە لە پەرلەمان دەبێ".

هیڤیدار ئەحمەد دەڵێت: "بەباشی نازانین یەکێتی بەشدار نەبێ لەو کۆبوونەوەیە، چونکە 27 ساڵە پێکەوە حوکمڕانی کوردستان دەکەن".

گوتیشی: "کەس لە پارتی دڵسۆزتر نییە بۆ مەسەلەی کەرکووک، بەڵام کە یەکێتی کەرکووکی لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕادەستی عێراق کرد، ئایا پرسی بە پارتی کرد؟ تاوەکو ئێستا بە چەقەنەیەک کەرکووک بگەڕێنینەوە؟".

پەرلەمانتارانی یەکێتی چاوەڕێی بڕیاری سەرکردایەتی حیزبەکەیان دەکەن بزانن لەگەڵ پارتی دەگەن بە کوێ. کاروان گەزنەیی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی دەڵێت: "هێشتا ئاگادار نەکراوینەتەوە بەشداری دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان بکەین یان نا".

### دەستەی سەرۆکایەتی چۆن هەڵدەبژێردرێ؟

بەپێی مادەی 14ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامان و بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ دەستەی سەرۆکایەتی بەپێی ئەم ڕێکارانە هەڵدەبژێرێ.

1 – سەرۆکی یەکەم دانیشتن دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی دەکاتەوە.

2 – داوا لە پاڵێوراوان دەکات کە خۆپاڵاوتنیان ڕابگەیەنن و دواتر هەڵبژاردن دەستپێدەکات.

3 – داوا لە ئەندامان دەکرێ بۆ پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی بە جیا دەنگ بە پاڵێوراوان بدەن.

4 – ئەندام ناوی پاڵێوراوی خوازیاری خۆی بۆ هەر یەک لە پۆستەکان لەسەر پسولەی تایبەت بەو هەڵبژاردنە دەنووسێ و بە دەستی خۆی دەیخاتە نێو سندوقی تایبەت بەو هەڵبژاردنە.

5 – سەرۆکی یەکەم دانیشتن کۆتاییهاتنی پرۆسەی دەنگدان ڕادەگەیەنێ و داوا لە دوو لاوترین پەرلەمانتار دەکات لەگەڵ خۆی دەنگەکان جیابکەنەوە.

6 – ئەگەر ژمارەی دەنگەکانی دوو ڕکابەر یان زیاتر بۆ هەر یەکێک لە پۆستەکان یەکسان بوون، ئەوە پرۆسەی دەنگدان دووبارە دەکرێتەوە. ئەگەر دیسان دەنگەکان یەکسان بوون، بە تیروپشک پۆستەکە بۆ یەکێک لە پاڵێوراوەکان یەکلا دەکرێتەوە.

7 – ئەگەر بۆ هەر یەک لە پۆستەکان تەنیا یەک پاڵێوراوی بێ ڕکابەر هەبوو، سەرۆکی یەکەم دانیشتن ڕاستەوخۆ بە ناولێنان پاڵێوراوەکە بۆ پۆستەکە بە سەرکەوتوو ڕادەگەیەنێ.

8 – سەرۆکی یەکەم دانیشتن ئەنجامی دەنگدان بۆ ئەندامان ئاشکرا دەکات و داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردراو دەکات بچنە جێگەی تەرخانکراوی خۆیان.

ڕێواز فایەق..

# لە کۆمیتەی دەربەندیخانەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان



نەوزاد مەحموود
ڕووداو – سلێمانی

18 ساڵ لەمەوبەر بووە سکرتێر، دواتر لەبەر ئەوەی نەیدەویست لەماڵێکدا دوو سکرتێر هەبن، پاشەکشەی کرد بۆ پیاوێک، بەڵام ئەمجارە نایەوێ هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی پەرلەمان ببێت بۆ ژنێک. هێشتا ڕوون نەبووەتەوە بۆ چوار ساڵی داهاتوو ڕێواز فایەق، لەسەر کورسی سەرۆکی پەرلەمان دادەنیشێ یان بێگەرد تاڵەبانی.

بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت لەنێو سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا ئەگەر دەنگدان ئەوە یەکلایی بکاتەوە، چانسی ڕێواز لە بێگەرد پترە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "ئەگەر لە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی شەممەدا گرێکوێرەی ڕێککەوتنەکەی یەکێتی لەگەڵ پارتی نەبووایە، قسە لەسەر بەربژێرەکانی یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دەکرا و ئەوکات ڕوون دەبووەوە کامیان نزیکترن لەو پۆستەوە".

گوتیشی، زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی ڕایانگەیاندووە کە پشتیوانی ڕێواز فایەق دەکەن بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان "ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی بە ماڵی تاڵەبانییان ڕاگەیاندووە، هەڵوێستی ئەوان پەیوەندی بە ململانێی باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ و ماڵی تاڵەبانییەوە نییە، تەنیا پێیانباشە ڕێواز فایەق بێت و نابێت ئەوە وەک ململانێی باڵەکان لێکبدرێتەوە".

پەرلەمانتارێکی پێشووی یەکێتی:

ڕێواز فایەق بە بیرکردنەوە چەپە

باوکی ڕێواز فایەق لە شۆڕشی ئەیلولدا سەرلق بووە

## دوو سکرتێر لە ماڵێکدا

لە خولی ڕابردوودا، بزووتنەوەی گۆڕان یوسف محەممەدی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەربژێر کرد، گەنجێک کە ناوی لە لیستی شۆڕشگێڕانی شاخدا نەبوو، دواتر دەرکەوت کە ئەوە بژارەی نەوشیروان مستەفا بووە. ئەمجارە هەواڵەکە بە جۆرێکی دیکە سەرنج ڕادەکێشێ، کێبڕکێی دوو ژن بۆ ئەوەی یەکێکیان ببێتە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام ڕێواز فایەق کێیە و لە کوێوە هاتووە؟

تاوەکو سەرەتای نەوەدەکان، کچێکی گەنجی بێ پشتوپەنای سیاسی لە خێزانێکی کەمدەرامەت و لە سێبەری باوکێکی خاوەن پێداویستی تایبەت، لە باوەنوورەوە ڕۆژانە دەچووە دەربەندیخان و لەنێو کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستاندا کاری دەکرد. ساڵی 1994 بووە ئەندامی کەرتی خوێندکاران لە زانکۆی سەلاحەدین. لە ساڵی 1999 بازێکی دیکەی دا و بووە ئەندامی کۆمیتەی دەربەندیخانی ئەو حیزبە.

باوکی ڕێواز، هەرچەندە سەر لقی پارتی بووە لە شۆڕشی ئەیلولدا، بەڵام کچەکەی لەنێو سیاسەتدا ڕێگەی خۆی گرت. ساڵی 2000 بووە ئەندامی سکرتاریەتی ڕێکخراوی ئازادی لاوان، یەکێکیش بوو لە دامەزرێنەرانی. لە کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەدا دوو لیست جیاکرانەوە بۆ ئەندامانی کۆنگرە کە ئەوانیش لیستی ژنان و پیاوان بوون، بەڵام ڕێواز بڕیاری دا لە لیستی پیاوانەوە خۆی هەڵبژێرێ و یەکەم دەنگی لیستی پیاوان بوو.

خەلیل عوسمان کە هاوژینی ڕێوازە، دەڵێت: "ئەو بووە سکرتێری ڕێکخراوی ئازادی لاوان. مام جەلال پێیگوت، ئێستا تۆ سکرتێری ڕێکخراوەکەی، بەڵام من پێمگوت ناکرێ لە ماڵێکدا دوو سکرتێر هەبن، چونکە بۆ خۆشم سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکاران بووم، ئیدی ڕێواز لەوە تێگەیشت و پاشەکشەی کرد".

ڕێواز و خەلیل هەر لە ڕێگەی خوێندکارانەوە یەکدییان ناسیوە و بۆ ماوەیەکی کەمیش ئەڤینداری یەک بوون. دواتر دەبنە هاوژین و تاوەکو ئێستاش پێکەوە دەژین. وەک خەلیل عوسمان باسی دەکات، هاوژینەکەی سەرباری ئەو سەرقاڵییەی، هێشتا خۆی کاروبارەکانی ماڵ ڕادەپەڕێنێ و زۆریش سەیری ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانە دەکات کە باسی شێوازەکانی ئامادەکردنی خواردن دەکەن "کفتە و یاپراخەکەی زۆر خۆشە".

## لەبەر بادینان نەگەیشتە سەرکردایەتی

ساڵی 2010 کاتێک کۆنگرەی سێیەمی ئەو حیزبە بەسترا، ڕێواز فایەق بووە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی "بەڵام یەکێتی و خودی مام جەلال پێیان باش بوو بۆ ڕاستکردنەوەی باری لاسەنگی بادینان کە دەنگەکانیان لە کۆنگرەدا زۆر خراپ بوو، دەنگەکانی ئەو بدرێتە عارف ڕوشدی. ڕێواز فایەقیش ئەوەی قبوڵ کرد". ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی وایگوت.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2013، هەریەک لە ڕێواز فایەق و بێگەرد تاڵەبانی خۆیان هەڵبژارد و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. ئەو دوو ژنە جارێکی دیکە چوونەوە نێو کێبڕکێی هەڵبژاردنی خولی پێنجەم و دیسان دەنگی پێویستیان مسۆگەر کرد. هەردووکیشیان داوایان کردبوو لە حیزبەکەیان ببنە بەربژێری یەکێتی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان. ڕێواز فایەق، نزیک لە کۆسرەت ڕەسوڵ ناوی دەبرێ و بێگەرد تاڵەبانیش پاشناوەکەی دەڵێت پەسەندکراوی ماڵی تاڵەبانییە.

ئەوین مەحموود، هاوڕێی قۆناغی ئامادەیی ڕێوازە و بە کەسێکی "بەوەفا و ڕاستگۆ و دڵسۆزی هاوڕێکانی" ناوی دەبات و دەڵێت: "زۆر زیرەک بوو، هەندێک ساڵ لە تاقیکردنەوەی کۆتایی دەبەخشرا بەهۆی زیرەکییەوە".

ڕێواز، جگە لەوەی دکتۆرای لە یاسادا هەیە، ساڵانێکیش لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی مامۆستا بووە و وانەی یاسای ڕۆژنامەوانی گوتووەتەوە. زمانی ئینگلیزی و عەرەبیش دەزانێ.

د.زانا جەلال، هاوڕێی قۆناغی زانکۆی ڕێواز فایەقە و دەڵێ، ئەو بە لێهاتووی خۆی هەموو قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە و لە سیاسەتیشدا هەروا بووە "لەناو پەرلەمانیش بەردەوام بۆ پرۆژە یاسای باش ڕاوێژی بە هاوڕێ و نزیکەکانی خۆی کردووە و کەسێکی بەوەفا و دڵسۆزە". وەک هەندێک لە هاوڕێکانی باسی دەکەن، ئەو زوو تووڕە دەبێت و زوو هێور دەبێتەوە، بەڵام بە گوتەی خەلیل عوسمانی هاوژینی "ساڵانێکە تووڕەبوونەکەی نەماوە".

ڕێواز فایەق حوسێن، لە 1977/1/1 لە شارەدێی بێبازی سەر بە شارۆکەی کەلاری دەڤەری گەرمیان لەدایک بووە و ئاستی خوێندن و پسپۆڕییەکەی دکتۆرایە لە یاسای مەدەنی و یاسای وەبەرهێنان.

دلێر ماوەتی، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمان لە فراکسیۆنی یەکێتی، دەڵێت بەهۆی کارامەیی و لێهاتوویی هەردوو بەربژێرەکە، ڕکابەریی نێوانیان قورس دەبێت "ئێمە لە خولی پێشوو یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانمان ئەوەبوو لەناو فراکسیۆنی یەکێتی خەڵکانی یاساییمان زۆر بوون. ڕێواز خانیش یەکێک بوو لەوانە کە شارەزایی باشی لە یاساکاندا هەبوو". گوتیشی ئەو کەسێکە زۆر پێداگیرە لەسەر بۆچوونی خۆی و لەکاتی گفتوگۆی پرۆژە یاساکاندا دەردەکەوت کە بۆچوونێکی چەپ و سۆسیالیستانەی هەیە بۆ شتەکان و زۆرتر بەلای چەپدا دەیشکێنێتەوە".

تاڵەبانییەک بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ڕکابەرە تاڵەبانییەکەی ڕێواز چانسی کەمتر بێت. دانانی قوباد تاڵەبانی لەلایەن یەکێتییەوە بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت، وای لە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی کردووە کە پشتیوانی ڕێواز بکەن و پێیانوایە ناکرێ لەنێو ماڵی تاڵەبانیدا دوو پۆستی باڵا، تاڵەبانی بن "بەڵام هێشتا بێگەرد تاڵەبانی بەردەوامە لە لۆبی و کۆکردنەوەی پشتیوانی و دەنگی ئەندامانی سەرکردایەتی". ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی گوتیشی: "هەریەکە لە کۆسرەت ڕەسوڵ، بەرهەم ساڵح، لاهور شێخ جەنگی، وەک بڕیار بەدەستانی نێو یەکێتی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پشتیوانیی ڕێواز دەکەن".

هاوژینی ڕێواز فایەق:

کفتە و دۆڵمەکەی زۆر خۆشە

تووڕەبوونەکەی جارانی نەماوە

لەبەر من وازی لە سکرتێری لاوان هێنا

# "باندێک کچە 19 ساڵەکەمیان رفاندووە"

شکار ئەحمەد
رووداو – هەولێر

دوای نزیکەی دوو مانگ لە دیارنەمانی ژنێکی 19 ساڵان، ئەو پیاوە دەستگیرکرا کە کەسوکاری کچەکە دەڵێن رفاندوویەتی، هەرچەندە پیاوەکە نکۆڵی لێدەکات، بەڵام باوکی ژنەکە دەڵێ ئەوانە باندێک بوون و کاری لەشفرۆشی بەو ئافرەتانەوە دەکەن کە دەیانرفێنن.

شەوی 2018/12/18 فرمێسک عومەر، تەمەن 19 ساڵ لە ماڵەوە دەچێتە دەرەوە. کەسوکارەکەی دەڵێن رفێنراوە، بەڵام (ع.ع)، ئەو پیاوەی بە رفاندنی کچەکە تۆمەتبار کراوە، بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو ئافرەتە لە ناکاو هاتە بەردەم ئۆتۆمبێلەکەم، دەرگاکەی کردەوە و گوتی فریامکەوە کەسوکارەکەم دەمکوژن، منیش سەرمخست، کاتەکەی درەنگ بوو، بۆیە بردمەوە ماڵی خۆم".

بەگوتەی ئەو شوفێرە، (ف) بێوەژن بووە و بە قسەی خۆی لە ماڵەوە دەرکراوە، چونکە دوای مردنی دایکی، بەهۆی زڕدایکەکەیەوە باوکی لێیداوە و لە ماڵەوە دەریکردووە. بەهۆی ئەوەی منداڵیشی نەبووە، مێردەکەی تەڵاقی داوە.

(ع) کە تەمەنی 30 ساڵە و خێزاندارە و منداڵێکیشی هەیە، دەڵێ: "خێزانەکەم هەر بۆڵەبۆڵی بوو، بەڵام تێمگەیاند. دوای 8 رۆژ دوو مامی و ئامۆزاکانیشی پێیانزانی، ویستم بیاندەمەوە، بەڵام باوکی لە کچەکەی پرسی دەتەوێ بگەڕێیەوە ماڵەوە؟ کچەکە رازی نەبوو، بۆیە باوکی حاشای لێکرد و پێیگوتم کچەکە تازە هی تۆیە، مارەی دەکەی، بەمێردی دەدەی، هەرچییەکی لێدەکەی بیکە. منیش نەمدەتوانی وەکو ئەوان بەرەڵڵای بکەم و بکەوێتە سەر شەقامەکان، بۆیە بردمە ماڵی براکەم".

(ع) بڕیار دەدات (ف) مارە بکات، بەڵام فریاناکەوێ و دەستگیر دەکرێ، ئەو دەڵێ: "نزیکەی دوو مانگ لەلای ئێمە مایەوە، خانوومان بۆ گرت، دەمانویست ناوماڵی بۆ دابنێین، بڕیار بوو مارەشی بکەم، بەڵام لەگەڵ براکەم دەمەقاڵێمان بوو، ئەویش رایکرد و چووە داڵدەدانی ئافرەتان، منیش ئۆتۆمبێلەکەم شکابوو، چووم چاکی بکەم، باوک و برای کچەکە منیان دۆزییەوە و پۆلیس دەستگیری کردم".


رفێنەری فرمێسک لەگەڵ چوار تۆمەتباری دیکە بە تۆمەتی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر دەستگیر کراون

(ع) لەگەڵ چوار کەسی دیکە گیراوە کە تۆمەتبارن بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، بەڵام ئەو دەڵێ: "من ماددەی هۆشبەرم بەکارنەهێناوە، ئەوانەش کە دەستگیرکراون نایناسم، تەنیا دوو برایان دەناسم کە دوکاندارن لە ناوچەی پیشەسازی بنەسڵاوە و چەند جارێک بۆ چاککردنی ئۆتۆمبێل چووبوومە لایان".

(ن.ب) کە لە کۆتایی ساڵی 2010 هاوسەرگیری لەگەڵ (ع) کردووە، بە (رووداو)ی گوت: "شەوێک هاوژینەکەم کچێکی لەگەڵ خۆی هێنایەوە و گوتی لەدەستی کەسوکارەکەی هەڵاتووە و ویستوویانە بیکوژن. مێردەکەم کچەکەی نەڕفاندووە، بەڵام ئەو لە مێردەکەم هەڵگەڕایەوە و گوتی پەلاماری داوم و دەبێ بمهێنێت، ئەمە دوورە لە راستی، خۆی داوای کرد بیبەینە داڵدەدانی ئافرەتان و شووبراکەشم بردی".

(ن) ئاگاداری ئەوە نییە کە هاوژینەکەی ویستوویەتی کچەکە مارە بکات، بۆیە دەڵێ: "بەهیچ شێوەیەک رازی نیم هاوژینەکەم هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کچە بکات، ئەگەر مارەشی بکات، سکاڵا لەسەر هەردووکیان تۆمار دەکەم".

بەڵام باوکی کچەکە دەڵێت کچەکەی رفێندراوە و (ع)یش بەتەنیا نەبووە لە رفاندنەکەی. عومەر عەلی، باوکی ئەو ژنە بە (رووداو)ی راگەیاند: "کچەکەم بە سێ ئۆتۆمبێل رفێنراوە و هەموویان لەگەڵ (ع) بوون، ئەمانە باندێک بوون کە ئەو کارەیان کردووە، ئەو ئۆتۆمبێلەی بە (ع) بوو، مازدایەکی سەوز بووە، لەگەڵ کامرییەکی سپی و ئۆپڵێکی رەش، هێشتا ئۆتۆمبێلێکی دیکە ماوە دەستگیر بکرێ کە تاکسییەکە و ژمارەکەشیمان لەلایە".

عومەر کە تەنیا ئەو کچە و دوو کوڕیشی هەیە، دەڵێ: "کچەکەم لە ماڵەوە هیچ کێشەیەکی نەبوو، دوو کوڕەکەم لەلایەک و کچەکەشم لەلایەک بووە، زیاتر لەوان خۆشمدەویست، بەڵام ئەو باندە لەڕێگەی فەیسبووک و بە قسەی خۆش و بریقەدار هەڵیانخەڵەتاندووە و رفاندوویانە".

(ف) لە تەمەنی 16 ساڵی هاوسەرگیری کردووە، بەڵام مانگێک پێش رفاندنی تەڵاقدراوە، بەگوتەی عومەر هەر ئەو باندە هۆکاری تەڵاقدانی کچەکەی بوون: "نزیکەی مانگێک پێش ئێستا لە هاوژینەکەی جیابووەوە، چونکە ئەوانە هەڵیانخەڵەتاندبوو، مێردەکەشی کە ئەوەی زانی تەڵاقی دا، هەر ئەو باندە بایی پێنج هەزار دۆلار ئاڵتوونیشیان بە کچەکەم فرۆشتووە".

باوکی (ن) دوای ئەو رووداوە حاشای لە کچەکەی کردووە، چونکە وەکو خۆی دەڵێ ئەمە بابەتی ناموسە و قبوڵکردنی سەختە، لەبارەی ئەوەی (ع) ویستوویەتی کچەکەی مارە بکات، عومەر دەڵێ: "راست ناکات، ئەوان خانوویەکیان لە بەحرکە هەبووە، ویستوویەتی لەو خانووە کاری لەشفرۆشی بە کچەکەم بکات، پێشتر چەند کچێکی دیکەی وا لێکردووە".

مفەوەز عەبدوڵڵا عوسمان ئەحمەد، رێپێدراوی لێکۆڵینەوە لە بنکەی پۆلیسی بنەسڵاوە کە لە کاتی رووداوەکە تۆمەتبارەکانی دەستگیر کردووە، بە (رووداو)ی گوت: "رۆژی 2018/12/18 کچەکە رفێنراوە، باوکیشی لە 2019/12/20 سکاڵای لەسەر کچەکەی و (ع) کە رفاندوویەتی تۆمارکردووە، دوای ئەوەی ئاگادار کراینەوە کە لە ناوچەی پیشەسازی بنەسڵاوە شەڕە تەقە لەنێوان باوکی کچەکە و (ع) روویداوە، چووینە شوێنی رووداوەکە و کوڕەکە و چەند کەسێکی دیکەمان دەستگیر کرد کە ماددەی هۆشبەریان پێبوو".

سەبارەت بە پەیوەندی (ع) بەو گروپەی لەسەر مادەی هۆشبەر دەستگیرکراون، راید هۆگر عەزیز گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتی: "(ع)یش یەکێک بووە لە بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، وەکو باندێک لەگەڵ 5 کەسی دیکە بوون و لەو شوێنە دەستگیرکران. بەڵام (ع.ع) بە هەردوو ماددەی 421ی رفاندن و ماددەی 14ی تایبەت بە هۆشبەر دەستبەسەر کراوە".

## سەرەڕای هەڵگرتنی خاڵی گومرگ

# رێگە بە بارهەڵگرانی دهۆک نادرێ بچنە مووسڵ

ناسر عەلی
رووداو – دهۆک

سەرەڕای هەڵگرتنی خاڵە گومرگییەکانی نێوان شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەروەها کارکردن بە یەک پێناسی گومرگی لە هەموو عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام سێ رۆژە رێگە بە چوونی بارهەڵگرەکانی پارێزگای دهۆک نادرێ بۆ مووسڵ.

دوای چەندین دانیشتن لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان و دەستەی گشتی گومرگەکانی عێراق، هەردوولا رێککەوتن لەسەر کارکردن بە یەک پێناسی گومرگی لە سەرجەم دەروازەکان و فڕۆکەخانەکان. سەعات هەشتی بەیانی رۆژی 17ی ئەم مانگەش کارکردن بە پێناسە گومرگییەکە لە سەرجەم گومرگەکانی کوردستان کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام بڕیارەکە لە خاڵی گومرگی نێوان دهۆک و مووسڵ جێبەجێ ناکرێ، هەرچەندە هیچ گومرگێک لە بارهەڵگرەکان وەرناگیرێ، بەڵام رێگەش نادرێ هیچ بارهەڵگرێک لە دهۆکەوە بچێ بۆ مووسڵ.

عیزەت فەتاح، بەڕێوەبەری گومرگی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند، دوو مانگ پێش ئێستا وەزارەتی دارایی عێراق بڕیاری دابوو خاڵی گومرگی نێوان دهۆک و مووسڵ هەڵبگیرێ، بەڵام ئەوکات لایەنی عێراقی لە نەینەوا ئەو بڕیارەی جێبەجێ نەکرد و دەیانویست دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیلی پێ لاواز بکەن، ئەمجارەش سێ رۆژە بڕیاری هەڵگرتنی خاڵی گومرگی لە نێوان مووسڵ و دهۆک دراوە، بەڵام هێشتا جێبەجێ نەکراوە.

دوای نەمانی داعش و بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە 25ی ئەیلولی 2017، ساڵی رابردوو بە بڕیاری حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق سێ خاڵی گومرگی لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی دیکەی عێراق دانران. ئەگەرچی سەرەتای ئەم هەفتەیە خاڵە گومرگییەکانی نێوان هەولێر – کەرکووک، سلێمانی – کەرکووک هەڵگیران، بەڵام ئەوەی دهۆک – مووسڵ هێشتا ماوە.

عیزەت فەتاح دەڵێت: "لەدوای یەکخستنی پێناسی گومرگی عێراق و هەرێمی کوردستان، لەمەودوا تەنیا لە دەروازە سنوورییەکان کاڵاکان گومرگ دەکرێن".

## بەڕێوەبەری گومرگی دهۆک

### هەندێک بەرپرسی سوودمەند بە پاساوی نەبوونی ئامێری پشکنین رێگەکەیان داخستووە

گوتیشی: "ماوەی سێ رۆژە هیچ کارمەندێکی گومرگەکەی نێوان دهۆک و مووسڵ نەماون، بەڵام هێشتا رێگە بە چوونی کاڵا بۆ پارێزگای نەینەوا نادرێ، زیاتر لە سێ هەزار بارهەڵگر لە خاڵی گومرگی بەدریکێ نۆرەیان گرتووە و چاوەڕێن رێگەیان پێ بدرێ بچنە مووسڵ".

بەڕێوەبەری گومرگی دهۆک لەبارەی هۆکاری نەکردنەوەی ئەو رێگایە لە بەردەم بارهەڵگرەکان، گوتی: "هەندێ بەرپرسی ئەمنی لە مووسڵ لەو خاڵە گومرگییە سوودمەند بوون، ئێستا کە بڕیار دەرچووە گومرگ وەرنەگیرێ، بیانوو دەهێننەوە و دەڵێن ئامێری پێویستی پشکنینمان نییە، بۆیە رێگە بە هیچ کاڵایەک نادەن بچێ بۆ مووسڵ".


نزیکەی 3000 بارهەڵگر لە بازگەی نێوان دهۆک و مووسڵ نۆرەیان گرتووە و چاوەڕێن رێگەیان پێ بدرێ بچنە مووسڵ

ئەگەرچی بازرگانان بە گومانەوە دەڕواننە پێناسە نوێیە گومرگییەکە و ترسیان هەیە بەو هۆیەوە بازرگانی لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لاواز ببێ، بەڵام عیزەت فەتاح بۆچوونێکی دیکەی هەیە و دەڵێت: "پێناسە نوێیەکە زۆر باشە و تەنیا گومرگ لەسەر جگەرە و ئۆتۆمبێل و خواردنەوە کحولییەکان و چەند ماددەیەکی کەم زیاد کراوە و گومرگی کاڵاکانی دیکە وەک خۆی ماوەتەوە. تەنانەت گومرگی هەندێک کاڵا لە جاران کەمترە".

ئەیاد حەسەن، سەرۆکی ژووری بازرگانی دهۆک لەبارەی پێناسە نوێیەکە بە (رووداو)ی گوت: "پێناسە نوێیەکە کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک نابێت و بۆ بازرگانانیش زۆر باشە، دەتوانن لە هەموو دەروازەکانی عێراق کاڵا بهێننە ژوورەوە".

گوتیشی: "سیستمە نوێیەکە کێبڕکێ لە نێوان بازرگانان دروست دەکات و سوودمەندی یەکەمیش هاووڵاتیان دەبن".

## 60 کەس دەستگیرکرابوون

# 16 کەس لە گیراوەکانی رووداوەکەی شێلادزێ لە بەندیخانە ماون

ناسر عەلی
رووداو – دهۆک

23 رۆژ لەسەر رووداوەکەی شێلادزێ تێدەپەڕێ کە هێرشکرایە سەر بنکەکانی سوپای تورکیا. هێشتا 16 لەوانەی بەشداریان لە خۆپیشاندانەکەدا کردبوو لە زینداندا ماون. ئاسایشی گشتی دهۆک دەڵێت ئەوانە بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراون و بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. پارێزەرێکی خۆبەخشیش دەڵێت ئەوانەی لایەنگری پارتی و گۆڕانن و لە دوای خۆپیشاندانەکە دەستگیرکرابوون ئازاد کران.

رۆژی 2019/1/24 بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا، پێنج هاووڵاتی لە سنووری ناحیەی شێلادزێ و دیرەلووک بوونە قوربانی. دوو رۆژ دواتر بۆ ئیدانەکردنی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا، نزیکەی 2000 هاووڵاتی ئەو دەڤەرە لە سەنتەری ناحیەی شێلادزێ خۆپیشاندانێکیان رێکخست. دوای تەواوبوونی خۆپیشاندانەکە بەشێک لە خۆپیشاندەران بەرەو سەربازگەیەکی تورکیا لە کۆمەڵگای سێریێ (سێ کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی شێلادزێ) چوون، دواتر بارەگایەکی سەربازیی تورکیا لە کۆمەڵگەی سێریێ سوتێنرا، بەهۆی ئەو رووداوە گەنجێکی تەمەن 13 ساڵ گیانی لەدەستدا و 15 خۆپیشاندەریش بریندار بوون.

دوای رووداوەکە هێزە ئەمنییەکانی دهۆک 60 کەسیان دەستگیر کرد کە بەشێک لەوانە چالاکڤانی مەدەنی بوون، پاشان ژمارەیەک لەوانە ئازاد کران، بەڵام 16 لەو دەستگیرکراوانە هەر لە بەندیخانەکانی دهۆکن.

دوای دەستگیرکردنی ئەو 60 کەسە، 13 پارێزەری خۆبەخش ئامادەیی خۆیان نیشان دا بەرگری لە گیراوەکان بکەن. خەتاب عومەر، سەرپەرشتیاری پارێزەرانی خۆبەخش بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەوانەی دەستگیرکراون ئەندامانی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانیان تێدا بوون، هەروەها خەڵکی بێ لایەنیشیان تێدایە. بەشێک لەوان هیچ تاوانێکیان نییە، ئێمە داوای بەڵگە لە ئاسایش دەکەین و ئەوان هیچ بەڵگەیەکیان نییە کە بەشدارییان لە هێرش بۆ سەر بارەگاکانی سوپای تورکیا کردبێ، نازانین بۆچی دەستگیرکراون".

ئەو پارێزەرە خۆبەخشە زانیاری وردی لەبارەی ژمارەی گیراو و ئازادکراوەکان ئاشکرا کرد و گوتی: "سەرەتا زیاتر لە 60 کەس دەستگیرکران، بەڵام بەشێک لەوان ئەندام و لایەنگری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بوون، لەبەر مەسەلەی رێککەوتنی پێکهێنانی حکومەت ئازاد کران، دوێنێ یەکشەممەش سێ کەسی دیکە ئازادکران، بەڵام هێشتا 16 کەسی دیکە لە زینداندا ماون".

> **ئەوانەی لایەنگری یەکێتی و گۆڕان بوون ئازادکراون**
> پارێزەرانی خۆبەخش

گوتیشی: "خەڵکانێک بە تۆمەتی بەشداری لە خۆپیشاندانەکان دەستگیرکراون، ئەسڵەن هەر بەشداریشیان تێدا نەکردووە، تەنانەت هەیە پێشمەرگەیە و کادری پارتییە هێشتا لە زیندانە. بە کورتی ئەوانەی بێ خاوەنن هێشتا لە زیندانن، ئەوانەشی کە پشتگیرییان هەیە، بۆ نموونە یەکێتی و گۆڕانەکان ئازاد کراون".

بژار رەشید، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەوانەی دەستگیرکراون هەموویان دەیانویست ئارامی پارێزگای دهۆک و کوردستان تێکبدەن، هەر کەس و لایەنێک مۆڵەتی خۆپیشاندانی هەبێت و بە ئارامی خۆپیشاندان بکات ئێمە رێگری لێناکەین و رێگریشمان نەکردووە، بەڵام چەند کەسێک هەن لە دهۆک کە ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێناپەڕێت، لە هەر شوێنێک گلەییەک هەبێ، گردبوونەوەیەک هەبێ خۆیان دەکەنە خاوەنی. دەستی دەرەکی لە پشت ئەو کەسانەیە و ئەوانە دەیانویست ئارامی دهۆک تێکبدەن".

سەبارەت بە ئازادکردنی لایەنگرانی یەکێتی و گۆڕان و هێشتنەوەی لایەنگرانی حیزبەکانی دیکە و بێلایەنەکان لە زیندان، بەڕێوەبەری ئاسایشی دهۆک گوتی: "ئەوانە بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراون و بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. ئازادکردن و مانەوەیان لە زیندان بە بڕیاری دادوەرە و هیچ پەیوەندی بە ئاسایشەوە نییە".

هەندێک لە میدیاکان بە تایبەتی ئەوانەی لە یەکەکە نزیکن، بڵاویان کردووە کە خۆپیشاندەران ئەشکەنجەدراون، بەڵام پەرلەمانتارێک کە بەدواداچوونی بۆ ئەو کەیسە کردووە، دەڵێت کەسیان ئەشکەنجە نەدراون.

بژار کۆچەر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئێمە بەدواداچوونمان بۆ ئەو کەیسە کردووە، هیچ کەسێک لەوان ئەشکەنجە نەدراوە. بەرگریش لەو کەسانە دەکەین کە دەستگیرکراون".

د.موحسین عەبدولحەمید، سەرۆکی پێشووی حیزبی ئیسلامیی عێراق بۆ (ڕووداو):

# هەندێ سەرکردەی حیزبی ئیسلامی دژی ئەوە بوون بە کوردی قسە بکەم



(فۆتۆ: ڕووداو)

دەڵێن پۆڵ بریمەر، حاکمی مەدەنیی عێراق ئەو کاتەی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی حکومی کردووە، زۆر ڕێزی لە د.موحسین عەبدولحەمید گرتووە. ئەو لە قسەکانی بەرامبەر ئەمریکییەکان بەردەوام وشەی "داگیرکەر"ی لەسەر زار بووە. د.موحسین عەبدولحەمید لە دوایین بەشی هەڤپەیڤینەکەیدا لە بەرنامەی پەنجەمۆر کە شەوی هەینی سەعات 22:05 لە کەناڵی ڕووداو پەخش دەکرێ، باسی ئەنجومەنی حوکم، کوژرانی کوڕەکەی لەلایەن میلیشیا شیعەکان، کودەتای حیزبی ئیسلامی بەسەر خۆیدا، دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی و زۆر بابەتی دیکە دەکات.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین
ڕووداو - سلێمانی

## بەشی چوارەم و کۆتایی

**ڕووداو: ئایا ڕاستە ئیخوانەکان لە شەڕی ئێران و عێراقدا، پشتیوانی ڕژێمی بەعسیان کرد؟**

**د.موحسین:** یەکەم، ئەوکات قیادەی ئیخوان نەبوو لە عێراق. تاوەکو بەیاننامە لەوبارەیەوە دەربکات. ئەسڵەن هەر پێیان ناخۆش بوو ئەو شەڕە ڕوویدا، چونکە لە دیدی ئەواندا شەڕەکە بۆ لاوازکردنی هەردوولا بوو. بە دەلیلی ئەوەی دۆناڵد رامسفێڵد ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پاڵپشتیکردنی عێراق بۆ شەڕەکە. ئەمریکا و ئیسرائیل دەیانویست عێراق کاول ببێ، چونکە لە شەڕی ئیسرائیل و فەلەستین هەڵوێستی هەبووە. کە ئیخوان چالاکی ڕاگرت، هەندێ لە ئیخوانە لاوازەکان ئاشبەتاڵیان لێکرد. هەندێکیان لە بەعس دەترسان. جگە لەوەش وەکو تاک ئیلزامی بوو کە ببن بە سەرباز. ئیخوان زۆر لەو شەڕە دەترسا، بە پلەی یەک ترسی لەوە هەبوو ئێران دەست بەسەر عێراقدا بگرێ، بە تایبەتی لەڕووی تائیفییەوە.

**ڕووداو: کەواتە بۆیە هەندێک لە ئیخوانەکان پشتیوانیان کرد؟**

**د.موحسین:** نەخێر، پشتیوانییان نەکردووە، بە پێچەوانەوە دەیانگوت ئەو شەڕە پێویست نەبوو. سەدام ئەو شەڕەی بۆ ئەوە کرد دەسەڵاتی خۆی لە عێراق جێگیر بکات. ئیخوان قەت ناتوانێ پشتگیری حیزبی بەعس بکات. چونکە بەڵگە هەیە کە ڕۆژئاوا حیزبی بەعسی بۆ ڕووخاندنی ئیخوان دروستکرد.

**ڕووداو: ئەوانەی سەرکردایەتیی شەڕەکەیان دەکرد سوننە بوون، ترستان لەوە هەبوو شەڕەکە ببێتە شەڕی شیعە و سوننە؟**

**د.موحسین:** دەترساین ئەو شەڕە لە ئایندەدا ببێتە شەڕی شیعە و سوننە. بەتایبەتی دوای ئەوەی شیعەکانی وەکو حیزبی دەعوە کوشتوبڕ کران و چوون بۆ ئێران.

**ڕووداو: لەو ئیخوانانەی کە ناودار بوون و ساردبوونەوە کەسیان هەیە بووبێتە بەعسی؟**

**د.موحسین:** بێگومان ئەوانەی کاتی خۆی ئاشبەتاڵیان لێکرد و دوورکەوتنەوە، بارودۆخ وایلێکردن ببنە بەعسی. چونکە کەسێک نەیدەتوانی وانە بڵێتەوە ئەگەر نەبووایە بە بەعسی. ئەوان

**سعودییەکان دەیانگوت تۆ فاسقی چونکە ڕیشت نییە**

هەموو دەرگایەکیان داخستبوو.

**ڕووداو: بەڵام کەسانی وەک تۆش هەبوون کە نەبوون بە بەعسی و وانەشیان دەگوتەوە؟**

**د.موحسین:** بەڵێ. ئەوان دوژمنی مێژوویی ئێمەن، تا ئێستاش وازیان لێ نەهێناوین.

**ڕووداو: ساڵی 1981 تۆ سەمینارێک دەکەی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر و پۆلیس، لەسەر داوای کێ بوو؟**

**د.موحسین:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس داوایان لێکردم. ئەو ئەفسەرەی هاتە لام پێمگوت: ئێوە من دەناسن؟ ئەویش گوتی دەبێ بگەڕێمەوە لای بەڕێوەبەری گشتی کە ئەوسا عەبدولخالق عەزیز بوو. ئەفسەرەکە هاتەوە و گوتی بەڵێ ئێمە تۆ دەناسین، بەعسی نیت و ئیسلامیت. سەمینارێکمان بۆ بکە. ئێران ئەوکات دەیگوت بەعسییەکان کافرن، پێویستیان بەو جۆرە سەمینارانە هەبوو. منیش چووم. زیاتر لە دوو هەزار کەس لە هۆڵەکە بوون. ئەو ئەفسەرەی بەدوامدا هات لەوێ بە گوێیدا چرپاندم: دکتۆر بەڵکو لە وتارەکەت مەدحی سەدام حوسێن بکەی. پێمگوت بۆ من بێژەری ڕادیۆی عێراقم! یان منتان هێناوە وەکو مامۆستایەکی زانکۆ قسەتان بۆ بکەم؟ عەبدولخالق عەزیز بەعسی بوو، بەڵام پیاوێکی بەڕێز بوو، گوتی نەخێر ئێمە تۆمان هێناوە بۆ ئێرە سەمینارمان بۆ بکەی لەسەر ئیسلام. موحازەرەکەم دوو سەعات و 20 خولەکی خایاند. پاشان گوتم لەگەڵ من دوعا بکەن و بڵێن خوایە ئاگری ئەو شەڕە بکوژێتەوە. ڕۆژی دواتر لە ڕۆژنامەی سەورە زۆر درۆیان بە ناوی من

**مام جەلال دەیگوت یەکگرتووی ئیسلامی نەبووایە، قاعیدە لە کوردستان دەیخواردین**

بڵاوکردەوە. کە چووم بۆ زانکۆ گوتیان دکتۆر ئێمە باوەڕ بەوە ناکەین ئەمانە قسەی تۆ بن.

**ڕووداو: ساڵی 1982 چووی بۆ مەغریب، ئەمە لەسەر داوای کێ بوو؟**

**د.موحسین:** زانکۆکانی مەغریب پێویستیان بە مامۆستا بوو. منداڵەکانم گەورە بووبوون، بارودۆخی ئابووریش خراپ بوو، داواکاریم پێشکەش کرد و قبوڵیان کرد. سێ ساڵ لەوێ مامەوە. جگە لەوەش ماوەی پێنج ساڵ چووم بۆ زانکۆی محەممەد بن سعود لە ڕیاز، هەر ساڵێک ماوەی مانگێک لەوێ دەمامەوە. جا پرۆگرامی ئەوان جیابوو لەوەی عێراق، هی ئەوان سەلەفیەت و وەهابیەت بوو. کاتێک بانگی شێوانی دەدا لەگەڵ 15-20 قوتابی خوێندنی باڵا دەچووین بۆ مزگەوت، کەس داوای لێنەکردم پێشنوێژییان بۆ بکەم، پاشان قوتابییەک هات گوتی مامۆستا دەزانی بۆچی داوات لێناکەن؟ چونکە تۆ لەلای ئەوان فاسقی. پرسیم بۆ؟ گوتی: چونکە ڕیشت نییە. لەوێ هەوڵمدا بیرکردنەوەیان بگۆڕم، کاریگەریشم هەبوو، کە ساڵی 1986 چوومەوە ئەوێ بینیم گۆڕانکاری گەورە بەسەر بیرکردنەوەیاندا هاتبوو.

**ڕووداو: تۆ زۆر سەرسام بووی بە نووسینەکانی سەعید نورسی؟**

**د.موحسین:** نورسی زانایەکی زۆر گەورەی کوردە. تێگەیشت سەردەم گۆڕاوە. جارێکیان شێخی ئەزهەر لێی پرسی ڕات چییە لەسەر ڕۆژئاوا. ئەویش گوتی: ڕۆژئاوا دەبێتە هۆی لەدایکبوونی ئیسلام. ئیسلامیش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی ڕۆژئاوا. بیرکردنەوەیەکی زۆر قووڵی هەبوو. زیاتر لە 80 جار دەستگیرکرا، ئەتاتورک پێیگوت تۆ لادەری، نەفی کرد بۆ سەر چیایەک. 120 نامەی نووسی لەبارەی بارودۆخی موسڵمانان. لەبارەی ململانێی ئیسلام و ڕۆژئاوا، لەسەر حکومەت، بەڵام ناوی نەدەهێنان.

**ڕووداو: تۆ دوو کتێبت لەبارەی نورسییەوە نووسیوە، قەت مەسەلەی کوردایەتی و ئیسلامی تێکەڵ کردووە؟**

**د.موحسین:** نورسی پەیوەندی زۆری لەگەڵ شێخ سەعیدی پیران هەبوو. پێیدەگوت واز لەو شۆڕشە بێنن. چونکە ئەو شۆڕشە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەتاتورک میللەتی کورد تەفروتونا بکات. ئێوە هێزتان نییە، ڕێکخستنتان نییە. ئەو دەیزانی ئەتاتورک لەناویان دەبات. تەنانەت حوسێن پاشا هاتە لای و پێیگوت فتوایەک بدە لەسەر ئەو شۆڕشە، گوتی: نایدەم، چونکە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە گەلی کورد لەناوبچێ و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی حکومەتەکەی ئەتاتورک. دواتریش وا

**هەندێک لەو ئیخوانانەی ئاشبەتاڵیان کرد بوونە بەعسی**

دەرچوو.

**ڕووداو: ئێوە هەتا 1996 ئیخوانتان زیندوو نەکردەوە، بۆچی؟**

**د.موحسین:** ئێمە لە ساڵی 1989 وە، چەند سەرکردەیەکی ئیخوان زۆر بە نهێنی لە بەغدا دەستمان بە جوڵانەوە کرد، بینیمان 13 ڕێکخراوی ئیخوان لە عێراق هەیە، یەکێکیان پەیوەندی بە ئەوی دیکەیانەوە نییە. هەمووان ئێمەیان دەناسی. ساڵی 1989 تاوەکو 1996 توانیمان ئەوانە یەکبخەین. ترسمان هەبوو ئەگەر ئەو گروپانە یەک نەخەین، ڕەنگە چەک لە دژی بەعس هەڵبگرن و هەموویان لەناو بچن.

**ڕووداو: ئەی مەسەلەی خەتی یەک و خەتی دووی نێو ئیخوان چی بوو، وەکو مەلا سدیق و ئەوان؟**

**د.موحسین:** من ئاگاداری ئەوە نەبووم. لە ساڵی 1985 مەلا سدیق سەردانی کردم، داوای لێکردم دووبارە دەست بە ڕێکخستنی ئیخوان بکەینەوە، بەڵام من ڕەتمکردەوە و پێمگوت لە کوردستان ئارەزووی خۆتانە چی دەکەن، بەڵام پەیوەندیتان لە بەغدا بپچڕێنن، هەر واشیان کرد.

**ڕووداو: لەسەر داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە چی دەڵێی؟**

**د.موحسین:** ئیخوان بەیاننامەیەکی دەرکرد کە نابێ ئەو شەڕە بکرێ. تەنیا ئیخوانی کوێت ئەمەی پێخۆش بوو، بەڵام دواتر کە ئەمریکا هات، بەیاننامەیەکی دیکەی لە دژی ئەمریکا دەرکرد.

**ڕووداو: ئەی هەڵوێستتان لەبارەی ڕاپەڕینی کورد و شیعەکان و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان چی بوو؟**

**د.موحسین:** پشتگیریمان کرد.

**ڕووداو: گۆڤاری دارولسەلام هی کێ بوو؟**

**د.موحسین:** هی حیزبی ئیسلامی بوو کە ئەیاد سامەڕائی و ئوسامە تکریتی لە ساڵی 1986 حیزبی ئیسلامییان لە تاراوگە دامەزراندەوە. پەیوەندیان لەگەڵ کورد زۆر باش بوو، سەردانی مام جەلال و کاک مەسعودیان کرد.

**ڕووداو: بەڵام لە گۆڤاری دارولسەلام کە لە 1992/10/23 دەرچووە، لەوێ بابەتێک نووسراوە دەڵێت: پرسی سەربەخۆیی ڕەگوڕیشەی قووڵی نییە لە ناخی گەلی کورددا، بەهۆی ئەوەی ئیسلامیان بە باشی وەرگرتووە و باوەڕیان پێیەتی، بەڵام جیابوونەوە دروشمی حیزبە عەلمانییەکانە.**

**د.موحسین:** ئاگام لێ نییە، چونکە پەیوەندیمان لەگەڵ دەرەوە پچڕا. ئەگەر ئاگادار بوومایە دژی دەوەستامەوە.

**ڕووداو: شەڕی ناوخۆ لە نێوان یەکێتی و**

**کوڕەکەم لەلایەن میلیشیا شیعەکانەوە کوژرا**

**بزووتنەوەدا دروست دەبێ، ئێوە هیچ هەوڵێکتان دا ئەو شەڕە نەکرێ؟**

**د.موحسین:** ئێمە دژی ئەوە بووین. تەنانەت بزووتنەوەمان تۆمەتبار کرد، چونکە تەنانەت ئەگەر شەڕیشیان پێ فرۆشتبان، نەدەبوو ئەو شەڕە بکەن.

**ڕووداو: ئێوە ئاگاداری دروستبوونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بوون؟**

**د.موحسین:** بەڵێ، ئاگاداربووم و تەشجیعیشم کردن، بۆ؟ مام جەلال قسەیەکی هەبوو، بەردەوام دەیگوت: ئەگەر یەکگرتوو نەبێ، قاعیدە لە کوردستان دەمانخوات. یەکگرتوو حیزبێکی بێ چەکە، باوەڕی بە فرەلایەنی هەیە.

**ڕووداو: یەکگرتوو نزیکە لە ئیخوان؟**

**د.موحسین:** وەکو سەرکردایەتی نەخێر. ڕەنگە هەماهەنگی هەبووبێ، بەڵام ئەبەد پەیوەندی ڕێکخستن لە نێوان کوردستان و دەرەوەدا نییە.

**ڕووداو: تۆ کە ئەوەندە ڕازیت لە یەکگرتوو، بۆ خۆت نەبووی بە یەکگرتوو؟**

**د.موحسین:** من 50 ساڵ لە بەغدا بووم، ئەوە حەوت ساڵە لە کوردستانم، تازە شتێک لە بارودۆخی کوردستان تێدەگەم. زۆر حەزم کرد کە یەکگرتوو دامەزرا، چونکە دەترسام ئەو جەماعەتە توندڕەوانە پەرەبسێنن.

**ڕووداو: پێش ئەوەی یەکگرتوو دروستببێ سەلاحەددین بەهائەدینت دەناسی؟**

**د.موحسین:** بەڵێ دەمناسی. پێش 1994 چەند جارێک هاتمە کوردستان و بینیم.

**ڕووداو: ئەی لەکاتی شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتی، پەیوەندیتان لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا هەبوو؟**

**د.موحسین: نەخێر هەتا 2003 من هیچ پەیوەندیم لەگەڵ پارتی و یەکێتی نەبوو، بەڵام ئەو شەڕەمان زۆر پێ ناخۆشبوو.**

**ڕووداو: ئەی پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبی فەزیلەدا هەبوو؟**

**د.موحسین: نەخێر، هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵیان نەبوو، بەڵام لە دەرەوە حیزبی ئیسلامی پەیوەندی لەگەڵیان هەبوو.**

**ڕووداو: ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003 بە**

**بەهۆی کوردبوونم لە حیزبی ئیسلامی کودەتام بەسەردا کرا**

**"بومەلەرزە گەورەکە" ناو دەبەی، بۆچی؟**

**د.موحسین:** چونکە عێراق وەهای بەسەرهات. دەترساین عێراق بەو ڕۆژگارە بگات.

**ڕووداو: لەگەڵ لێدانی عێراق نەبوون؟**

**د.موحسین:** بەڵێ، بەڵام کاتێک ئەمریکا لەگەڵ 30 دەوڵەت هات لە عێراقی دا، زانیمان مەسەلەکە لە ناوبردنی بەعس نییە، بەعس بیانوویەکە بۆ وێرانکردنی عێراق.

**ڕووداو: حیزبی ئیسلامی عێراق درێژەپێدەری ئەو حیزبە بوو کە لە ساڵی 1960 دامەزرا؟**

**د.موحسین:** بەڵێ، بەڵام لە 1960 تاوەکو 2003 حیزبی ئیسلامی نەبوو، هەر ئیخوان هەبوو.

**ڕووداو: بەڵام ئێوەش هەر بە تامی ئیخوان داتانمەزراندەوە؟**

**د.موحسین:** بە سەرکردایەتی ئیخوان.

**ڕووداو: ئێوە ئەمریکاتان بە داگیرکەر دەزانی؟**

**د.موحسین:** بەڵێ. لە ئەنجومەنی حوکم بەردەوام بە ئەمریکام دەگوت داگیرکەر. تەنانەت ڕۆژێک گوتم: کاتێک ئەمریکا بەغدای داگیرکرد، یەکێک لە ئەندامان گوتی: بۆ ناڵێی ئازادکردن؟ پۆڵ بریمەر، حاکمی مەدەنی عێراق تەدەخولی کرد و گوتی: دکتۆر موحسین ڕاست دەکات ئێمە داگیرکەرین.

**ڕووداو: ئێوە کە بە داگیرکەرتان دەزانی، بۆچی چوونە نێو ئەنجومەنی حوکمەوە؟**

**د.موحسین:** بۆ ئەوەی تەرکیبی کۆمەڵگەی عێراق تێکنەچێ. ئەمریکا قبوڵی نەکرد سوننەی عەرەب بەشداری ئەنجومەنەکە بکات، بەڵام مام جەلال و کاک مەسعود فەرزیان کرد، چونکە یەکەم: بەبێ سوننەی عەرەب هاوسەنگی نامێنێ. دووەم: وەفایان هەبوو بۆ ئەو یاداشتنامەیەی پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەگەڵ حیزبی ئیسلامی واژۆیان کردبوو.

**ڕووداو: دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی حوکم عەدالەتی تێدابوو؟**

**د.موحسین:** نەخێر، عەدالەتی تێدا نەبوو. بەڵام ئێمە گوتمان ئەوە بۆ ساڵێکە دوایی هەڵبژاردن دەکرێ. نەمانزانی سوننەی عەرەب بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن. ئێمەش ناچاربووین بایکۆتی بکەین، چونکە قاعیدە و موقاوەمە چەندین بارەگایان لێ سووتاندین، چەندین کەسیان لێ کوشتین. تەنانەت کاک مەسعود پەیوەندی پێوەکردین و گوتی بۆچی بایکۆتتان کرد؟ ئێمە حیزبێکی بێ چەک بووین.

**ڕووداو: ئێوە چەند نوێنەرتان لە مەجلیسی حکوم هەبوو؟**

**د.موحسین:** تەنیا من بووم، عەرەبەکان دەیانگوت ئێوە نوێنەرایەتیی عەرەب ناکەن، چونکە سەرۆکی حیزبەکەتان کوردە.

**ڕووداو: دەڵێن پۆڵ بریمەر لە مەجلیسی حکوم زۆر ڕێزی تۆی دەگرت، قەت قسەی بە تۆ نەدەبڕی، ئەوە وابوو؟**

**د.موحسین:** بۆ پشتگیری لەو قسەیەت، ئەو ڕۆژەی کە عێراقی جێهێشت سکرتێرەکەی نارد بۆ لام و پێیگوتبوو دەمەوێ سەردانی د.موحسین بکەم، بەڵام دەترسم بمکوژن. ئایا ئەو دەتوانێ بێت سەردانم بکات و خوا حافیزی لێ بکەم. بیرم لێکردەوە و گوتم دەبێ ئەخلاقی ئیسلامی پێ نیشان بدەم. چووم بۆ لای. گوتی من زۆر موتەسیفم، دەبوایە من بهاتمایە لای تۆ، بەڵام دەمەوێ جارێکی دیکە هاوژینەکەم ببینمەوە. هەندێک قسەی بۆ کردم، عەیبە من خۆم بیڵێم. تەنیا یەک ڕستەی دەڵێم. گوتی: من زۆر ڕێزی تۆم گرت لەبەر ئەوەی دینەکەی خۆت پاراست، حیزبەکەی خۆت پاراست. بەردەوام قسەی حەقت دەکرد.

**ڕووداو: بەڵام شەوێک ئەمریکییەکان بەسەرماڵەکەتدا دەدەن و دەتگرن؟**

**د.موحسین:** بەڵێ کە پارێزبەندییەکەم نەما، یەکسەر هێرشیان کردە سەرم. بە خەبەر هاتم بۆ نوێژی بەیانی. لە هەموو لایەک سەربازی ئەمریکی بەسەر ماڵەکەیان دادام. کەلەپچەیان کردم و توورەکەیان کردە سەرم. منداڵەکانیشیان گرتم. دایکی میقداد بە تەنیا مایەوە. سەعات پێنجی بەیانی تەلەفۆنی بۆ نووسینگەی مام جەلال کردبوو، ئەوانیش گوتبوویان مام جەلال خەوتووە. پێیگوتن بە مام جەلال بڵێن ئەمریکییەکان براکەتیان دەستگیرکردووە. مام جەلال خەبەری دەبێتەوە، یەکسەر تەلەفۆن بۆ ژەنەراڵ کەیسی دەکات، بە تووڕەیی قسەی لەگەڵ کردبوو. زۆر قسەی پێگوتبوون، مادام دکتۆر موحسینتان گرتووە، وەرن منیش بگرن. هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارە ئازادیان کردم.

**حیزبی بەعس بۆ ڕووخاندنی ئیخوان دروستکرا**

**ڕووداو: لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردی، پێیانگوت بۆچی گیراوی؟**

**د.موحسین:** گوتیان چەند ڕۆژێک لەگەڵمان دەبی و لێکۆڵینەوەت لەگەڵ دەکەین.

**ڕووداو: داوای چیان لە تۆ دەکرد؟**

**د.موحسین:** هیچ، سوکایەتیان پێدەکردم، چونکە من دژایەتی ئەوانم دەکرد.

**ڕووداو: لە ئەنجومەنی حوکم، باسی فیدراڵیەت و سنووری کوردستان دەکرا؟**

**د.موحسین:** بەڵێ. ئەو ڕۆژەی مام جەلال قسە مێژووییەکەی کرد و نەخشەی کەرکووکی پێشان دا، من سەرۆکی ئەنجومەن بووم، هاتە لام و گوتی: دکتۆر داوا دەکەم ماوەی سەعاتێک پرۆگرامی دانیشتنە ڕابگری و ئەو سەعاتە بوار بدەی بە من. دەمەوێ لەسەر بابەتی کەرکووک قسە بکەم. منیش گوتم: ئەمر دەکەی. مام جەلال قسەی هەیە، ئێوە ڕازی دەبن؟

**ڕووداو: کەس وەڵامی قسەکانی مام جەلالی دایەوە؟**

**د.موحسین:** کە مام جەلال قسەکانی تەواو کرد و دانیشت. سونگول چاپوک نوێنەری تورکمان بوو، گوتم دەتەوێ وەڵامی مام جەلال بدەیتەوە، چونکە تۆ نوێنەری کەرکووکی. گوتی: نەخێر.

**ڕووداو: ئەمریکییەکان لەوە ترسان کورد داوای سەربەخۆیی بکات، بەڵام دەڵێن نوێنەرانی کورد داوای پارە و ئیمتیازاتیان کرد، شتی وا هەیە؟**

**د.موحسین:** نەخێر، چونکە نە مام جەلال نە کاک مەسعود پێویستیان بە پارە نەبووە.

**لە ترسی قاعیدە و مقاوەمە بایکۆتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقمان کرد**

**ڕووداو: ئەدای مام جەلال و کاک مەسعود لە ئەنجومەنی حوکم چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**د.موحسین:** کەمتەرخەمییان نەکرد، زۆر مەنتقی بوون، لەسەرخۆ بوون. ئەوەی سەبارەت بە فیدراڵی ویستیان کردیان.

**ڕووداو: کێ بەرپرس بوو لە سەرهەڵدانی تیرۆر لە عێراق؟**

**د.موحسین:** یەکەم، ئەمریکا چونکە سنووری عێراقی بە ئازادییەکی تەواوەوە کردەوە. دراوسێکانیشمان قسووریان نەکرد. من لە ئەنجومەنی حوکم بە ئەمریکییەکانم گوت: ئێوە بەرپرسن لەو فەرتەنەیەی لە عێراق ڕوویدا. پاشان ئێوە سنووری عێراقتان کردەوە، ئەوەی دژی عێراق بوو هاتە نێو عێراق. تەنانەت جۆن ئەبوو زەید کە قسەم دەکرد پێدەکەنی، پێمگوتن ئێوە تەنیا بەرگریتان لە یەک وەزارەت کرد، ئەویش وەزارەتی نەوت بوو.

**ڕووداو: دەتوانین وا دابنێین کە لەنێو حیزبی ئیسلامیدا کودەتایەک لە دژی تۆ کرا بۆ ئەوەی لە حیزبی ئیسلامی لابدرێی؟**

**د.موحسین:** بەڵێ.

**ڕووداو: لەبەر ئەوەی کورد بووی، یان هۆکاری دیکە؟**

**د.موحسین:** بێگومان لەبەر ئەوە بوو. نەک هەموویان، هەندێک دەمارگیر لەژێر کاریگەریی ئەوەدا بوون کە چۆن دەبێ حیزبی ئیسلامی کە حیزبێکی سوننەیە، سەرۆکەکەی کورد بێ. تەنانەت گلەیی ئەوەیان کردبوو کە من لە پەرلەمانی کوردستان بە کوردی قسەم کردووە. هەروەها ئەوەشیان پێ ناخۆش بوو کە ئەو کاتەی کاک مەسعود سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بوو، لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان لەگەڵ ئەو دەرکەوتووم.

**ڕووداو: دەڵێن بەرامبەر شیعەکان زۆر توند بووی؟**

**د.موحسین:** توند نەبووم، بەڵکو ڕاستییەکانم باس دەکرد.

**ڕووداو: کێ تۆمەتبار دەکەی بە کوشتنی کوڕەکەت؟**

**د.موحسین:** زوڵمیان لێکرد، میلیشیای شیعە کوشتیان، خۆیان تەلەفۆنیان کرد و گوتیان باوکیان لەسەر ئێمە قسە دەکات و ئێمەش کوڕەکەمان کوشت. کوڕێکی زۆر باش بوو، هەموو منداڵەکان لە لایەکی تەرازوویەک، ئەو لەلایەکەی دیکە بوو. مافی ئەوەی هەبوو 30 پاسەوانی هەبێ، نەیویست، گوتی: من زوڵمم لە کەس نەکردووە.

**مام جەلال و کاک مەسعود سووربوون لەسەر ئەوەی بەشداری ئەنجومەنی حوکم بکەین**



كەنیزەكەكانی خەلافەت..

# براكەم بۆ رزگاركردنی من بوو بە داعش

چیرۆكی نۆیەم (بەشی سێیەم و كۆتایی)

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – دهۆك**

لەیلا، لە سێیەمین ساڵی بندەستی نزیک دەبووەوە، لەژێر دەستی بازرگانێكی سعودیدا بوو، هەتا داعش فەتوای زۆرتری لەبارەی دەستكەوتەكانی جەنگ دەدا، سەروەتەكەی ئەم گەورەتر دەبوو.

رۆژانە، چەكدارانی سەر بە ئیتنیک و نەتەوەی جیاواز روویان دەكردە ماڵەكەی ئەبوو حەمزە بۆ ئەوەی كەنیزەكی تازە بكڕن. لەیلا دەڵێت: "هەندێک لەوان بە هەموو كەس رازی نەدەبوون، دەهاتن و دەیانگوت جارێكی دیكە دێینەوە، بەڵام بازرگانێک منی هەڵبژارد و لەگەڵ خۆی بردمی".

پیاوێک هێندەی دەوڵەمەندییەكەی دڵڕەق بوو. لەیلا لەو 8 مانگەی لەگەڵ ئەو بازرگانە بوو، دەستی دابووە سەركێشی و شەڕی خۆكوژی "ئەو هەرچی داواكردبا من بە پێچەوانەوە دەمكرد، ئیدی بێزار بووم لە سووكایەتی و كۆیلایەتی"، بەڵام ئەو سەركێشییە هەموو جارێک لێدان و فەلاقەی بەدواوە بوو.

بازرگانە سعودییەكە، لە نێوان شارەكانی بندەستی داعشدا بازرگانی خواردەمەنی دەكرد و پارەیەكی زۆری پێكەوە نابوو. ئەوەش بیانوویەكی باش بوو بۆ ئەوەی زۆر بەكەمی بچێتە بەرەكانی شەڕ. ئێواران بە روخسارێكی گرژ و مۆنەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە و هەندێكجاریش لە تووڕەییدا بەرپێی خۆی نەدەبینی.

زۆربەی ئەوانەی لەیلایان كڕیوەتەوە، توندوتیژی و بێڕەحمی خاڵی هاوبەشیان بووە. "زۆر بێزاركەر بوو.. ئەوان گوێیان بەوە نەدەدا تەمەن رێگەیان دەدات یان نا، دەیانویست جیهان خوێناوی بكەن.. جارێک لاپتۆپەكەی فڕێ دایە كۆشمەوە و گوتی وانەیەكی نوێ فێر بە، وانە نوێیەكەش ڤیدیۆی سەربڕین و دەست و پێ قرتاندن بوو".

لەیلا دەڵێت ئێستا هەموو هەستەكانی مردوون. ژیان لە شارێكدا كە هەموو باس و خواسەكانی كڕین و فرۆشتنی مرۆڤ و شێوازەكانی سەربڕین و ئەشكەنجەدان بێت، دەبێ هەستی مرۆڤ چۆن زیندوو بمێنێ؟

"سەرەتا ئەوەندە سەیری ئەو وێنانەم كردبوو، هەموو ئێوارانێک دەرشامەوە و دڵم بێهێز دەبوو. تاوانەكان ئەوەندە قێزەون بوون، نازانم چیت بۆ باس بكەم. كەللەسەری بڕدراو و دەست و قاچ و گوێی بڕدراو. كەسانێک زەلیلانە خرابوونە سەرچۆک و چەقۆیان بەملدا دەهێنرا".

یەكێ لەو پارچە ڤیدیۆیانەی سەیری كردووە و تاساندوویەتی، ڤیدیۆی چەكدارێكی پاكستانی بووە كە ماوەیەک لەیلا لەلای ئەو بووە. چەكدارەكە سەرقاڵی سەرپەڕاندنی كەسێكی جلوبەرگ پرتەقاڵی بوو. دیمەنەكە ئەو شەوە لەیلای زۆر گریاند. ئەو كەللەسەرەی پێدەچوو سەتان خۆزگە و خەونی وەدینەهاتووی تێدابن. بیری لەوە دەكردەوە ئاخۆ لەوكاتەی چەقۆكە خراوەتە سەر گەردنی، چاوەكانی چۆن ماڵئاواییان لە دنیا كردبێ؟

لەیلا گریابوو، بەڵام لەنێو خەلافەتێكی ئاوا بێبەزەییدا، فرمێسكڕشتن چ سوودێكی هەیە؟

## داعش نازی كێی هەڵدەگرت؟

كڕیارەكە وەک هەر كڕیارێكی دیكە، پاش ماوەیەک لەیلای فرۆشتەوە بە ئەبوو حەمزە "ئەبوو حەمزە، پیاوێک بوو هەرگیز نەمبینیوە بچێت بۆ شەڕ. بەڵام بەردەوام قسەی بۆ چەكدارەكان دەكرد و باسی بەهەشت و فریشتەكانی بۆ دەكردن. كار و پیشەی سەرەكی ئەو تەنیا كڕین و فرۆشتنی ئێمە بوو. بەڵام نا، من هەستم كردبوو بۆیە نەیاندەبرد بۆ شەڕ، چونكە زۆر ترسنۆک بوو، بەڵام هەر دەیانویست، چونكە كەسێكی دەوڵەمەند بوو".

ئەو ساڵانە لەیلا سەرباری مەینەتییەكانی خۆی، تێبینی كردبوو كەسانێک هەبوون لەنێو داعشدا زۆر بەناز بوون. كەسانێک كە پسپۆڕییەكانیان بۆ داعش و نەشونماكردنی خەلافەتە تازە سەرپێكەوتووەكە گرنگ بوون: "داعش پسپۆڕییەكانی جیاكردبوونەوە، كەسانێک كە لە بواری بەرنامەكانی كۆمپیوتەر و ئایتیدا زیرەک بوون، یان ئەوانەی پزیشک بوون، داعش ئەوانەی نەدەبردە بەرەكانی جەنگ و دەیهێشتنەوە، تەنانەت لەلایەن داعش و ئەمیرەكانیشەوە زۆر خزمەت دەكران و پێداوستییەكانیان بۆ جێبەجێ دەكردن. من دەمبینی كە ئەوان تەواوی كەلوپەل و پێداویستی نێو ماڵیشیان بۆ دابین دەكرا".

تونسییەكانیش هەروا بەنازترینی نێو چەكدارانی داعش بوون. ئەمیرە تونسییەكان بوێریی ئەوەیان هەبوو یاسا و رێساكانی داعش بە شێوەیەک دابرێژنەوە كە خۆیان دەیانویست، ئەویش بەهۆی ئامادەیی زۆری ئەوان لە بەرەكانی شەڕ: "زۆرترین ئەو چەكدارانەش كە داواكارییان پێشكەش دەكرد بۆ خۆتەقاندنەوە، لەنێو تونسییەكان بوون، هەر ئەوە وایكردبوو داعش چاوپۆشی لە سەرپێچییەكانیان بكات و سزایان نەدات".

جارێكی دیكە، ئەبوو حەمزە لەیلای فرۆشتەوە و كڕیارەكەی ئەمجارە ئەبوو ئەنەسی حەلەبی بوو. ئەو پیاوە عێراقییەی بەهۆی ئەوەی لە حەلەب دەژیا، دەیویست پاشگرێكی حەلەبی هەڵبگرێ. لەیلا هەستی كردبوو كە ئەو پیاوە چیرۆكێكی هەیە.

**لەیلا: تۆ بۆچی بوویتە داعش؟**

**ئەبوو ئەنەس:** (بەبێ ئەوەی باسی بكات بەهۆی چی دەستگیركراوە) ئەمریكییەكان دەستگیریان كردم.

**لەیلا : ئێ؟**

**ئەبوو ئەنەس:** من لە زیندانی ئەمریكییەكان بەشێوەیەک ئەشكەنجە دراوم، هەرگیز ناتوانم باسی بكەم. زۆر دڕندانە و بەئازار بوو.

**لەیلا: واتە بەو شێوەیەی من ئەشكەنجە دەدەی، ئەشكەنجە دەدرای؟**

**ئەبوو ئەنەس:** بەڵێ. زۆربەی ئەوانەی تۆیان كڕیوەتەوە، دەیانناسم و پێشتر لە زیندانی ئەمریكییەكاندا بوون.

دیسانەوە پیاوێكی سعودی كڕییەوە. پیاوێک كە لەیلا زۆرتر باسی بۆنە ناخۆشەكەی جەستەی دەكات "سعودییەكان زۆربەیان چڵكن و بۆنیان ناخۆش بوو. ئەوان بۆ داپۆشینی بۆنە ناخۆشەكەی جەستەیان، بۆنێكیان لە خۆیان دەدا لە بۆنی چڵكەكەیان ناخۆشتر بوو، دوای مانگێک كابرای سعودی منی فرۆشت بە پیاوێكی ئەمریكی، پیاوێک كە بە عەرەبییەكی شڕ قسەی دەكرد".

كڕینەوەی لەیلا لەلایەن ئەمریكییەكەوە كەمێک جیاواز بوو. لە دادگای كەنیزەكەكان شاهێدی نێوانیان هەر چەكدارێكی دیكەی ئەمریكی بوو. ئەمریكییەكە، لە رێگای تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە رێگەی كەوتبووە شام. بە عەرەبی لە لەیلای پرسی "هل تریدین شیئا؟" لەیلا زۆر بەو پرسیارە پێكەنی و ئەوەش وایكرد بە خێرایی بێزار ببێ "ئەمریكییەكان زۆر حەزیان بە گۆڕینی كەنیزەک بوو، دوای 5 رۆژ تاقەتی لە من نەما و فرۆشتمی".

بەڵام فرۆشتنێكی زیرەكانە، چونكە ئەوی دا بە پیاوێكی دەوڵەمەندی ئیماراتی، بە دوو هێندەی ئەو پارەیەی لەیلای پێ كڕیبوو. پیاوێكی ئێسک قورس و تووڕە و شەڕانی "بە خراپترین شێوە سزای دەدام و دواتر كە دەیویست لەگەڵم بخەوێ، بە پارچەیەک زێڕ ئاشتی دەكردمەوە".

ئەو ماوەیەی لای چەكدارە ئیماراتییەكە مایەوە، رۆژێک دەرفەتی ئەوەی هەبوو بڕواتە بازاڕ و پارچە زێڕەكەی دەستی بفرۆشێت و بیداتە مۆبایلێک. ئەو مۆبایلەی لەیەک كاتدا فریادڕەس و بەڵایەكی سەرخۆرەش بوو. ئیدی پرسیارێک بەردەوام بە مێشكی لەیلادا دەهات و دەچوو، چۆن پەیوەندییەک بە براكەیەوە بكات؟ پەیوەندییەكە كرا و وشەكان بەگریان و ترسێكی زۆرەوە گۆڕدرانەوە. چەند پەیوەندییەكی دیكە لە رۆژانی دواییدا ئاڵوگۆڕكران، تاوەكو رۆژێک براكەی بە لەیلا دەڵێ: "پلانێكی باشم هەیە بۆ رزگاركردنت".

## براكەم خۆی كرد بە داعش

"بۆ ئەوەی پلانی براكەم تێكنەچێت، دەبوو مۆبایلەكەم بپارێزم و هەوڵیش بدەم لای پیاوە ئیماراتییەكە بمێنمەوە، چونكە براكەم ریشی هێشتبووەوە و جلوبەرگی چەكدارانی داعشی پەیداكردبوو، زۆری نەبرد خۆی گەیاندە رەققە. دەیویست دوای ماوەیەک مانەوە، وەک چەكدارێكی داعش كە بیەوێت كەنیزەكێک بكڕێت، بێتە لای پیاوە ئیماراتییەكە و من بكڕێتەوە، ئەو ماوەیە بەردەوام پەیوەندیمان بەیەكەوە هەبوو بۆ ئەوەی بزانم پلانەكە وەک پێویست بەڕێوەدەچێت".

ئەو خۆپارێزییە لەپێناو ئەوەی ریسی براكەی نەبێتەوە بە خوری، سەرسووكی بۆ چەكدارە ئیماراتییەكەش دروستكردبوو، چونكە ئیدی لەیلا كەنیزەكە یاخی و سەرەڕۆیەكە نەبوو.

دوای ئەو نەهامەتییەی بە دەستی چەكدارانی داعش بەسەر ئێزدییەكان هات، بۆ یەكەمجار بابا شێخ، شێخ خەرتۆ حاجی ئیسماعیل كە مەرجەعی ئایینی ئێزدییەكانە لە جیهاندا، فەتوایەكی دەركرد و تێیدا رایگەیاند، پێویستە هەموو ئێزدییەكان پێشوازی لەو ژن و كچانە بكەن كە لای داعش دیل بوون و ئازاد دەكرێن "بەشێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵدا بكەن وەک ئەوەی هیچ رووینەدابێت، چونكە ئەوەی روویداوە لە دەرەوەی ویستی خۆیان بووە".

لە دوای ئەو فەتوایە، بەشێكی زۆری ئێزدییەكان جارێكی دیكە كچ و ژنەكانیان كە لە دەستی داعش رزگاریان دەبوو، دەیانگرتنەوە خۆیان، بەڵام هەندێكی دیكەیان، سەرەڕای فەتواكە ئامادە نەبوون پێشوازییان لێ بكەن، بابا شێخ ئەو كەسانەی بە "نەزان" ناوبرد.

ئێزدییەكان لە مێژووی خۆیاندا رووبەڕووی 74 كۆمەڵكوژی بوونەتەوە كە خۆیان بە "فەرمان" ناوی دەبەن، لە یەكێک لەو فەرمانانەدا كە پێش 150 ساڵ بووە، زیاتر لە هەزار و 200 كچی ئێزدی بە دیل گیران و بەسەر ئەمیرەكانی عوسمانی و فەرماندەی سوپاكەیاندا دابەشكران، بابا شێخ دەڵێت، ئەگەر لەو سەردەمەدا مەرجەعە دینییەكانی ئێزدییەكان دەنگیان بگەیشتایە بەو خەڵكە، ئەوا فەتوایەكی هاوشێوەیان دەردەكرد.

یەكێک لە رۆژە هەتاوییەكانی ئاداری 2017 براكەی بە لەیلای گوت، نەخشەكە بەو شێوەیەی ئەوان دەیانەوێ دەڕواتە پێشەوە و پەیوەندی بە پیاوە ئیماراتییەكەوە كردووە بۆ ئەوەی تۆ بە من بفرۆشێت، دەبێت كاتێک یەكدی دەبینین، بە تەواوی كۆنترۆڵی خۆت بكەیت و هیچ بایەخ بە من نەدەیت، بۆ ئەوەی ئاشكرا نەبین.

## 5 هەزار دۆلاری ساختە

پیاوە ئیماراتییەكە بە لەیلای گوت، خۆی بپێچێتەوە بۆ ئەوەی بیفرۆشێتە چەكدارێكی دیكەی داعش. ئەوە یەكەمین فرۆشتنە كە لەیلا نەک حەزی پێدەكات، بەڵكو چركەی بۆ دەژمێرێ. ئەو ساتی بەیەكگەیشتنەوەیە هات.. چەند بەیەكگەیشتنێكی ساختە بۆ خوشک و برایەک كە نازانن چۆن بوركانی تووڕەیی و گریانی ساڵانی دووری لەناخەوە سەركوت بكەن. لەیلا ئەی خوشكی هەزار جار بریندار من، ئەوە تۆیت؟

بۆ ئەوەی پیاوە ئیماراتییەكە گومان نەكات، لەیلا رەتیكردەوە بچێتە لای كڕیارە نوێیەكە و گوتی لای تۆ دەمێنمەوە، بەڵام ئیماراتییەكە بە تووڕەیی گوتی: ئەوە تۆ نیت كە بڕیار دەدەی "لێشی پرسیم باشە ئەگەر حەزت لێنییە بچیتە لای ئەو، پیاوێكی مەغریبی هەیە و دەتدەمە ئەو، زۆر ترسام و گوتم نا، دەچمە لای ئەم".

براكەی لەیلا دەستیكرد بە گیرفانیدا و بەستەیەک دۆلاری دەرهێنا و دەستی بە ژماردن كرد. 5 هەزار دۆلاری جیاكردەوە و دایە فرۆشیارەكە. لەیلا، لەوكاتەدا كسپە لە دڵییەوە دەهات كە ماڵی باوكی دەبێت بە چ ژان و سۆیەک ئەو هەموو پارەیان پەیداكردبێ بۆ كڕینەوەی ئەو، بێئاگابووە لەوەی براكەی دۆلاری ساختەی لەگەڵ خۆی هێناوە: "گرێبەستی هاوسەرگیری كەنیزەكایەتییان لەگەڵ براكەم بۆ كردم و شاهیدیان هێنا، بەبراكەمیان گوت، كەنیزەكێكی گوێڕایەڵت كڕیوە و كاتێكی خۆشی لەگەڵ ببەیتە سەر". براكەی زەردەخەنەیەک دەكات كە تەنیا لەیلا و خودای ئەوان لێی تێدەگەیشتن.

لەیلا سەری سوڕمابوو لە هەڵسوكەوتی براكەی: "ناوێكی داعشانەی بۆ خۆی دانابوو، وەكو داعشەكان هەڵسوكەوتی دەكرد، تەنانەت جوڵەی دەست و پەنجەكانیشی وەک ئەوان بوو".

ئیدی كات بەفیڕۆدان وەک نزیكبوونەوە لە دەمی چەقۆی داعش وابوو. دەبوو لەیلا و براكەی بەخێرایی لە رەققە دەربچن: "نزیكەی سێ رۆژ بەپێ رۆیشتین، تەواو شەكەت بووبووین، پێیەكانم بەدوامدا نەدەهاتن. پێڵاوەكانمان بنیان پێوە نەما، قاچەكانمان خوێناوی ببوون".

ئەوان دوو جار لە یاساكانی داعش لایاندابوو، هەم براكەی فێڵی كردبوو، هەم دراوی ساختەی هێنابووە نێو داعش. هەر بۆیە ئەگەر دەستگیركرابان، ملپەڕاندنیان مسۆگەر بوو. هەر بۆیە كاتێک لە جێگایەكەوە دەگەیشتنە جێگایەكی دیكە، براكەی ناوی خۆی دەگۆڕی. ئازادی شیرینترین دەستكەوتی ژیانە، بەڵام رێگاكانی تاڵ و كەمەرشكێنن. رێگاكە ترسناک بوو بەهۆی هاتن و چوونی ئەو ئۆتۆمبیلە سەربازییانەی داعش كە بۆ شەڕگەكان دەچوون و دەهاتنەوە. بەڵام ئەوە هاوكات رێگای سەربەستیش بوو بۆ لەیلا. ئەوان دواجار دەرباز بوون و لەیلا دوای 33 مانگ لە دیلی، باوەشی بە ئازادیدا كردەوە.

لە ناوەڕاستی مانگی 10 ساڵی 2018، چەند كەسێک لە ئێزدییەكان بە فڕۆكەیەک گەیشتنە شاری بۆمبای لە هیندستان. لە نێو هۆڵێكی گەورە و پڕ لە خەڵكانێک كە هەریەكە و جۆرە جلوبەرگێكی پۆشیبوو، زۆربەی چاوەكان لەسەر روخساری ژنێک نیشتبوونەوە كە روخسارێكی مەلوول و خەمبار بوو. دواتر ئەو ژنە داوای لێكرا قسەیەک بۆ ئامادەبووان بكات: "من ناوم لەیلایە... 19 كەسمان بە دەستی داعش دەستگیركران، 10 كەسیان بە هەوڵی سەرۆكوەزیرانی كوردستان ئازاد كران، چیرۆكی من، چیرۆكی مەینەتی و داماویی هەر ئێزدییەكە..." لەیلا، سەنگینانە و كورت قسەی دەكرد. هەر وشەیەک گوزارشتی لە خەرمانێک رۆژ و شەوی بە ئازار و جەرگبڕ دەكرد. بەژێر رێژنەی چەپڵەڕێزانی گەرمدا، رۆیشت بۆ وەرگرتنی خەڵاتی دایكە تێریزا.

لەیلا، هەر لەسەر شانۆی ئەو رۆژە شكۆدارە، رستەیەكی دیكەی هەیە: "وێ زولمێ، ب عالەم بگەهینن".

ئێستا من پێویستم بەوە نییە لەیلا پێمبڵێ بۆچی چاوەكانی لەسەر بنمیچی دیوارە ماندووەكە رەوان و بە نیگا بێدەنگەكانی ئەو وێنەیە دەدوێنێ. وێنەكە پارچەیەک بوو لە رۆحی هەزار جار گلاراوی ئەو و كوشتیان. ئێستا چیرۆكی تۆ ئاشنایە لەیلا؟ حەزی لەوەیە بڵێ بەڵێ، بەڵام خێمە شڕەكان كە بەدەم بای ساردی زستانەوە زەلیل بوون، رێگەی پێنادەن بۆ چەند خولەكێكی كەمیش گەشبین بێت.

> براكەم منی بە 5000 دۆلاری ساختە كڕییەوە

> پزیشک و پرۆگرامەرەكانی داعش زۆر نازیان هەڵدەگیرا

> چەكدارە سعودییەكانی داعش چڵكن بوون



> زۆربەی ئەو چەكدارانەی داوایان دەكرد خۆیان بتەقێننەوە، تونسی بوون

ڕووداو
ژمارە ( 543 ) - دووشەممە 2019/2/18

## زەریف: پەیوەندییەکی ئابووری باشتر لەگەڵ کوردستان بنیاددەنێین



**ڕووداو- میونشن**

لەدوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەجێندای پلانەکانمان ئەوەیە: پەیوەندییەکی ئابووریی باشتر لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق بونیادبنێین". ڕۆژی 2019/2/16 لە چوارچێوەی کۆبوونەوەکانی 55ـەمین کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، مەسروور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەگەڵ محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران کۆبووەوە. بەگوێرەی ڕاگەیێندراوی نووسینگەی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، مەسروور بارزانی کۆبوونەوەیەکی "بەرهەمدار"ی لەگەڵ محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە.

# ئەمساڵ تەنیا شەش بەشە خۆراک دەدرێتە هاووڵاتیان



ئەمساڵ عێراق تەنیا ترلیۆنێک و 500 ملیار دیناری بۆ کڕینی بەشە خۆراک تەرخان کردووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیاردەری لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێت ئەو پارەیەی ئەمساڵ لە بودجەی حاکیمە بۆ کڕینی بەشە خۆراک تەرخان کراوە، بەشی کڕینی تەواوی مادده خۆراکییەکان ناکات، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمساڵ چەند ماددەیەکی دیکە ببڕدرێ یان بڕی بەشە خۆراکەکە کەم بکرێتەوە.

ساڵانە وەزارەتی بازرگانیی عێراق بەگوێرەی ئەو بڕە پارەیەی لە بودجەی حاکیمە بۆ کڕینی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان تەرخان دەکرێت، تەندەر بۆ کڕینی مادده خۆراکییەکان دەکات.

ساڵی 2013 حکومەتی عێراق بۆ کڕینی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان 4 تریلیۆن و 916 ملیار و 750 ملیۆن دیناری تەرخان کرد، پشکی هەرێمی کوردستان ئەوکات 835 ملیار و 847 ملیۆن و 500 هەزار دینار بوو، بەڵام ئەمساڵ بۆ کڕینی بەشە خۆراکی تەواوی عێراق، تەنیا یەک تریلیۆن و 500 ملیار دیناری تەرخان کردووە، پشکی هەرێمی کوردستانیش لەو پارەیە 190 ملیار و 50 ملیۆن دینارە.

ساڵی 2014 بودجە پەسەند نەکرا، بەڵام لە ساڵی 2015 حکومەتی عێراق بە بیانووی بەردەوامیی شەڕ و دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی داهات پارەکەی بۆ دوو تریلیۆن و 500 ملیار دینار و، لە ساڵی 2016 بۆ دوو تریلیۆن و 470 ملیار دینار و لە ساڵی 2017 بۆ تریلیۆنێک و 639 ملیار دینار کەمکردەوە.

ئەم کەمکردنەوەیە کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر دابەشکردنی بەشە خۆراک هەبووە، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان بەشێوەی زۆر پچڕ پچڕ بەشەخۆراک دابەش کرا، تەنیا شەش مانگ مادده خۆراکییەکانی وەک زەیت و شەکر و بڕنج دابەش کرا، ئاردیش لە 11 بەشەوە بۆ 8 بەش کەمکرایەوە.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، بڕیاردەری لێژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: "پارەکە کەمە، بۆیە وەزیری بازرگانیی عێراق هاتە لێژنەی دارایی و گوتی ئەم بڕە پارەیەی تەرخانکراوە بەشی کڕینی تەواوی مادده خۆراکییەکان ناکات، بۆیە ئەگەر پارەکە زیاد نەکرێت ناتوانین تەواوی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان بە کوالێتییەکی باش دابەش بکەین".

ئەحمەد حاجی ڕەشید دەڵێت، ئەوان پێشنیازیان کرد لە جیاتی خۆراک، پارە بدرێتە هاووڵاتیان، بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیش سندوقی نێودەوڵەتیی دراو پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیە دەکات و وەزیری بازرگانیش ڕازییە، بەڵام ئەنجوومەنی نوێنەران لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە نییە".

جگە لە دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی داهات، سندوقی نێودەوڵەتیی دراویش گوشاری خستووەتە سەر عێراق بۆ کەمکردنەوە یان بڕینی پارەی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان.

ئەحمەد حاجی ڕەشید دەڵێت: "یەکێک لە مەرجەکانی سندوقەکە بۆ هاوکاری دارایی عێراق ئەوەیە کە پاڵپشتی بۆ کڕینی خۆراک نەمێنی، بەڵام لەبەر ئەوەی نزیکەی 60%ی خێزانەکان لەسەر ئەم بەشە خۆراکە دەژین، عێراق نەیتوانیوە بچێتە ژێر باری ئەم مەرجە، بەڵام ساڵانە بە کەمکردنەوەی پارەکەی، وردە وردە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات".

بە گوتەی ئەحمەد حاجی ڕەشید، بۆ ئەوەی پارەی ئەمساڵ بەشی کڕینی مادده خۆراکییەکان بە کوالێتیەکی باش بکات، دوو بیرۆکە هەیە: یەکەم، لەو چوار مادده خۆراکییەی دابەش دەکرێت یەک یان دوو مادده ببڕدرێت، دوو ماددەکەی دیکە هەموو مانگێک دابەش بکرێت. دووەمیش ئەوەیە هەر چوار ماددەکە بمێنێت، بەڵام بڕەکانیان کەمتر بکرێتەوە تا خەڵک لەگەڵی ڕادێن، دواتر بەیەکجاری نەمێنێ.

### بەرە بەرە بایەعی نامێنێ

پەرلەمانتارێکی کورد

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان بەشە خۆراکی مانگانە لە ڕێگەی 6 هەزار 952 بریکار دابەشی سەر ملیۆنێک و 182 هەزار و 772 خێزان دەکات.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "ساڵی ڕابردوو تەنیا شەش بەش لە مادده خۆراکییەکانی وەک زەیت و شەکر و برنج و هەشت بەشە ئارد دابەشکرا، پێشبینی دەکەین ئەمساڵیش بەهۆی کەمکردنەوەی بڕە پارەکە، هەروەک ساڵی ڕابردوو خۆراک و ئارد دابەش بکرێت".

بەپێی ئاماری وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی 5 ملیۆن و 62 هەزار و 497 کەس لە هەرێمی کوردستان سوودمەندن لە وەرگرتنی بەشەخۆراکی مانگانە، ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی بڕیارێکی حکومەتی عێراق سەرجەم ئەوانەی مووچەی مانگانەیان لە ملیۆن و نیوێک زیاترە بایەعییەکەیان دەبڕدرێ.

نەوزاد ئەدهەم دەڵێت: "جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە کارێکی ئاسان نییە، توانراوە بەشەخۆراکی ئەو فەرمانبەرانە ببڕین کە مووچەیان زۆرە، بەڵام تائێستا میکانیزمێکمان لەبەردەست نییە بەشە خۆراکی بازرگان و خاوەن کارگە و کۆمپانیاکان و ئەو کەسانە ببڕین کە دەوڵەمەندن".

لە ئەنجامی دوو ڕووپێوی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی 2016 و 2018 بۆ ئاسایشی خۆراک بە هاوکاری ڕێکخراوی (WFP) کراوە، دەرکەوتووە کەمکردنەوە یان بڕینی بەشە خۆراک کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی خەڵک دەبێت و ڕێژەی هەژاری بەرەو هەڵکشان دەبات.

ڕەقیب بەهائەدین، بەرپرسی بەشی شیکردنەوەی داتای ڕووپێووەکان لە دەستەی ئاماری هەرێم دەڵێت :"لە ئەنجامی ڕووپێویەکە دەرکەوت 93.4%ی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەشە خۆراکی مانگانە وەردەگرن، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت دابەشکردنی ئەم خۆراکە جێگەی بایەخی خەڵک بووە".

هەر لەڕووپێوی ساڵی 2016 دا ڕاپرسییەک کراوە کە ئایا لە جیاتی خۆراک پارەی کاش بدرێت یان دابەشکردنی مادده خۆراکییەکان وەک خۆی بمێنێتەوە، 84.5%ی دانیشتووان وەرگرتنی پارەی کاشیان لە جیاتی مادده خۆراکییەکان ڕەتکردووەتەوە.

ڕەقیب بەهائەدین دەڵێت: "28.9%ی خەڵکی کوردستان ڕازی نین لە کوالێتی مادده خۆراکییەکان و 42%ش بەشێوەی مامناوەند ڕازیبوون، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت سەرەڕای تێبینی خەڵک لەسەر کوالێتی مادده خۆراکییەکان، بەڵام هێشتا وەرگرتنی پارە لە بەرامبەر بەشە خۆراکەکە ڕەتدەکەنەوە".

لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو بەهاوکاری بانکی نێودەوڵەتی ڕووپێویەکی دیکە بۆ ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان کراوە، سەرەڕای باشبوونی باری دارایی خەڵک، بەڵام ڕەقیب دەڵێت: "بۆچوونی خەڵک لە بارەی وەرگرتنی پارەی کاش و کوالێتی خۆراکەکان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بۆیە پێویستە بەر لە بڕیاری کەمکردنەوە یان نەهێشتنی بەشە خۆراک، حکومەت بیر لە جێگرەوە بکاتەوە و کۆنترۆڵی بەرزبوونەوەی نرخ لە بازاڕ بکات، چونکە ڕەنگە بە کەمکردنەوەی یان نەمانی بەشەخۆراک، نرخی کاڵا خۆراکییەکان بەرزببێتەوە و ڕێژەی هەژاری لە کوردستان بەرەو هەڵکشان ببات".

# ساڵانە 10 ملیۆن نەمام و گوڵ هاوردە دەکرێن

**بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەرهەمی نەمامگەکانی حکومەت 70% کەمی کردووە**

**خاوەن نەمامگەیەک:**

**جۆرە دارێکی زەیتوون لە کوردستان دەفرۆشرێ بە 10 هەزار دۆلارە**



نزیکەی 200 جۆر نەمامی سێبەر، گوڵی سروشتی، گوڵی باخچە، داری باخداری هاوردە دەکرێن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتیی باخداری لە هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەهۆی باشبوونی باری دارایی و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی هاووڵاتیان لەڕووی گرنگیدان بە ژینگە و سەوزایی، خواست لەسەر چاندنی نەمام و کڕینی گوڵی سروشتی زۆر زیاد بووە، ساڵانە نزیکەی 10 ملیۆن نەمام و گوڵی سروشتی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان، لە ساڵی 2013 بازرگانان 4 ملیۆن و 500 هەزار نەمام و گوڵیان هاوردە کردووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو هاوردەکردنی نەمام و گوڵی سروشتی گەیشتووەتە 9 ملیۆن و 917 هەزار دانە کە لە تورکیا، ئێران، هۆڵەندا و ئیتاڵیا و چەند وڵاتکی دیکەوە هاوردە کراون.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "بەهۆی ئارامی و باشبوونی باری دارایی و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی خەڵک، ساڵانە جگە لە بەرهەمی ناوخۆ، بازرگانان 7 تاوەکو 10 ملیۆن نەمام هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەن، پاشان بەشێکی باشی لێ هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەن".

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان خاوەنی 32 نەمامگەیە (13 نەمامگەی دارستان، 16 نەمامگەی باخداری و 3 نەمامگەی جوانکاری) کە ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی 3 ملیۆن نەمامی دارستان، ملیۆنێک نەمامی باخداری، نزیکەی 175 هەزار نەمامی جوانکارییە، بەڵام بەهۆی دابیننەکردنی بودجەی پێویست بەرهەمی نەمامگەکان زۆر کەمی کردووە.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت: "بەر لە قەیرانی دارایی ساڵانە 4 تاوەکو 5 ملیۆن نەمامی دارستان، باخداری و جوانکاریمان بەرهەم دەهێنا، بەگوێرەی جۆرەکانیان بە نرخی پاڵپشتی 50% تاوەکو 75% بەسەر جووتیارانمان دابەش کردووە، زۆر جاریش بەبێ بەرامبەر داومانەتە فەرمانگە و ڕێکخراوەکان، بەڵام ئێستا بەهۆی دابیننەکردنی بودجە، نزیکەی 70%ی بەرهەمی جارانمان کەم بووە".

کۆی بەرهەمی ئەمساڵی نەمامگەکانی باخداری نزیکەی 320 هەزار نەمام بووە، بەرهەمی نەمامگەکانی دارستان و جوانکاریش 663 هەزار نەمام بووە.

لەپاڵ نەمانگە حکومییەکان، ساڵ بەساڵ ژمارەی نەمامگە ئەهلییەکانیش زیاد دەکات، ژمارەیەک کۆمپانیای بازرگانیش بۆ هاوردەکردنی نەمام و گوڵی سروشتی دامەزراون.

حوسێن حەمەکەریم، دەڵێت: "پێشتر نەمامگە حکومییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لەزیادکردنی ڕووبەری باخ و دارستانەکان و سەوزکردنی باخچەکان هەبووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی، توانای نەمامگە حکومییەکان لاواز بووە، بۆیە پلانمان هەیە لەمەودوا زیاتر گرنگی بە بەرهەمهێنانی نەمامی دارستان بدەین و بۆ نەمامی باخداری و گوڵ گۆڕەپانەکە بۆ کەرتی تایبەت چۆڵ بکەین".

بەهۆی زیادبوونی ژمارەی نەمامگەکانی کەرتی تایبەت، ساڵی ڕابردوو بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵەیەکی تایبەت بە نەمامگە و گوڵخانەکان دامەزرا.

شەماڵ مزەفەر ئیسماعیل، سەرۆکی کۆمەڵەی گرنگیدان بە نەمامگە و گوڵخانەکان بە (ڕووداو)ی گوت :"ئامانجی سەرەکیمان لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە ڕێکخستنی کاری نەمامگە و گوڵخانەکان و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ و کەمکردنەوەی ڕێژەی هاوردەیە بۆ ئەوەی هەلی کاری زیاتر لەم بوارە بۆ گەنجان بڕەخسێ و پارەی وڵاتیش بۆ هاوردەکردنی نەمام کەمتر بچێتە دەرەوە".

بەگوێرەی ئاماری کۆمەڵەکە، ئێستا نزیکەی 200 جۆر نەمامی سێبەر، گوڵی سروشتی، گوڵی باخچە، داری باخداری لە تورکیا، ئێران، ئیتاڵیا و هۆڵەندا و چەند وڵاتێکی دیکەوە هاوردە دەکرێن. شەماڵ دەڵێت "ساڵانە نزیکەی 10 ملیۆن نەمام و گوڵی سروشتی و داری باخداری هاوردە دەکرێت".

شەماڵ 13 ساڵە خەریکی فرۆشتن و بەرهەمهێنانی نەمامی جوانکارییە، ئێستا لە هەولێر خاوەنی نەمامگەیەکە و کۆمپانیایەکی هاوردەکردنی نەمامیشی هەیە. ئەو لەبارەی نرخی ئەو گوڵانەی هاوردە دەکرێن، دەڵێت: "نرخەکانیان بەگوێرەی جۆر و خواست و تەمەن لە 10 سەنتەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە 4 هەزار دۆلار. زەیتوونی بۆنسای هەیە کە تەمەنی زۆرە، نرخەکەی دەگاتە 10 هەزار دۆلار، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی فرۆش لەسەر ئەو گوڵانەیە کە نرخەکانیان لە 5 دۆلارەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە 500 دۆلار".

هۆڵەندا کە بە وڵاتی گوڵ دەناسرێ، بۆرسەی فرۆشتنی گوڵی هەیە، زۆربەی وڵاتان گوڵ و نەمامی سروشتی لەو بۆرسەیە بۆ فرۆشتن نمایش دەکەن، ماوەی چەند ساڵێکە کۆمپانیا بازرگانەکانی کوردستانیش گوڵ و نەمام لەم بۆرسەیە دەکڕن.

ئیبراهیم زوهدی، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای ڕۆنا فلاوەر بۆ بازرگانی گوڵ و نەمامی سێبەر کە گوڵ و نەمام لە تورکیا و هۆڵەندا هاوردە دەکات، دەڵێت :" بەهۆی زیادبوونی ژمارەی نەمامگەکان و باشبوونی باری دارایی خەڵک، خواست لەسەر گوڵی سروشتی و نەمامی سێبەر و جوانکاری باخچەکان زیاد بووە، ئەمەش بازاڕی کۆمپانیاکانی خۆشتر کردووە".

ئیبراهیم زهدی، هاوردەی کۆمپانیاکەی خۆی بە نموونە دەهێنێتەوە، دەڵێت :"ساڵی ڕابردوو مۆڵەتی هاوردەکردنی 420 هەزار نەمامی گوڵم وەرگرت، پاشان مۆڵەتی هاوردەکردنی 80 هەزاری دیکەشم وەرگرت، لەم بڕەش نزیکەی 300 هەزارم بۆ بەغدا هەنارده کردووە و ئەوەی دیکەشم لە هەرێمی کوردستان فرۆشت، کۆتایی ساڵی ڕابردووش مۆڵەتی 500 هەزاری دیکەم وەرگرت و هێشتا ڕەسیدم ماوە، بەڵام بڕێکی باشم لێ هاوردە کردووە".

ئیبراهیم زوهدی پێیوایە ئەگەر گومرگی نێوان شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان هەڵبگیرێت، بازرگانی هاوردەکردنی گوڵ زۆر فراوانتر دەبێت، چونکە ئەوکات لە ڕێگەی کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستانەوە گوڵ و نەمام بۆ زۆربەی شارەکانی عێراق دابین دەکرێ.

ئیبراهیم گوتی :"خەڵکی شارەکانی عێراق زۆر پارە بە گوڵ نادەن، بۆیە زیاتر ئەو گوڵ و نەمامانە لەوێ خواستیان لەسەرە کە نرخەکانیان لە نێوان 10 تاوەکو 40 هەزار دینارادیە، بەڵام خەڵکی کوردستان حەزیان بە نەمام و گوڵ و درەختی گرانبەها هەیە، بۆ نموونە زەیتوونی بۆنسای ئیتاڵی بە تەمەن کە نرخەکەی دەگاتە 10 هەزار دۆلار، خواستیشی لەسەرە. هەروەها گوڵی ڕۆژ، سنۆبەر، فیتۆنیاش خواسیان لەسەرە کە هەریەک لەوانەش 10 تاوەکو 15 جۆری هەیە".

### داری قاچاخ لە کوردستان دەفرۆشرێ

وەزارەتی کشتوکاڵ عێراق لە ترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، هاوردەکردنی کۆمەڵێک داری قەدەغە کردووە، لەوانە: مێو، دارخورما، واشنتۆنیا، زەیتوون، مزرەمەنییەکان، مانگۆ، سێوی ئێرانی، قامیشی شەکر، ڕووەکی هایبسکس، سترایکا، ڕووەکی خەنە و لۆکە، بەڵام بەشێک لەوانە لە کوردستان دەفرۆشرێن.

شەماڵ مزەفەر، سەرۆکی کۆمەڵەی گرنگیدان بە نەمامگە و گوڵخانەکان دەڵێت "ئەو نەمامانەی قەدەغەکراون، بەشێوەی قاچاخ لەنێو باردا دەشاردرێنەوە، لێرەش چاودێرییەکی توندیان لەسەر نییە و بە ئازادانە کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت ".

## نرخەکانی نەوت ڕوو لە بەرزبوونەوەن

# 2019 ساڵێکی هاوسەنگ دەبێ بۆ بازاڕی نەوت



هەفتەی ڕابردوو نرخی نەوت بەرزترین ئاستی لە سێ مانگی ڕابردوودا تۆمار کرد

(فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی هەینی ڕابردوو نرخەکانی نەوت گەیشتنە بەرزترین ئاست لە سێ مانگی ڕابردوودا، شارەزایان پێیانوایە ئەگەر دانوستاندنە بازرگانییەکانی چین و ئەمریکا وەک ئێستا ئەرێنی بن، هەروەها ئۆپێک و ڕووسیا بە درێژایی 2019 ڕێککەوتنەکەیان جێبەجێ بکەن، ئەوە نرخەکانی نەوت تووشی دابەزینی بەرچاو نابن و هاوسەنگی بۆ بازاڕەکانی نەوت دەگەڕێتەوە.

کۆتایی هەفتەی پێشوو نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت گەیشتە سەرەوەی 65 دۆلار، بەو پێیەش لە چاو مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوو 15 دۆلار بەرزبووەتەوە و بەرزترین نرخی لە سێ مانگی ڕابردوودا تۆمار کردووە. شرۆڤەکارانی بازاڕی وزە پێیانوایە دوو هۆکاری سەرەکی و هۆکارێکی لاوەکی لە پشت ئەم هەڵکشانەی نرخەکانی نەوتن.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ دانوستاندنە بازرگانییەکانی نێوان ئەمریکا و چین دەگەڕێتەوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەرپرسانی هەردوو وڵات ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە پێشکەوتنی باش لە گفتوگۆکاندا بەدەستهاتوون. سەرۆکی ئەمریکاش لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەگەر گفتوگۆکان "بەو شێوە باشە" بەردەوام بن، ئەوە لە مانگی ئاداریش رسوماتی گومرکی لەسەر چین بەرز ناکەنەوە.

پێشتر وا چاوەڕوان دەکرا کە ئەگەر ئەمریکا و چین هەتا سەرەتای مانگی ئاداری ئەمساڵ ناکۆکییە بازرگانییەکانیان چارەسەر نەکەن، ئەوە ئەمریکا رسووماتی گومرکیی سەر کاڵا چینییەکان لە ٪10ەوە بۆ ٪25 بەرز دەکاتەوە، بەڵام لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ترسی دابەزینی زیاتری ئاستی گەشەی ئابووریی وڵاتەکەیان هەردوو وڵاتی ناچار کرد هەوڵی ڕێککەوتن بدەن.

بەگوێرەی مەزندەکانی (ڕۆیتەرز) ئاستی گەشەی بەکارهێنانی نەوت لە ساڵی 2019 لەچاو سێ ساڵی نێوان 2014 بۆ 2017 خاوتر دەبێ، بەڵام ئەگەر چین و ئەمریکا خۆیان لە بەرزکردنەوەی رسوماتی گومرکی لەسەر کاڵاکانی یەکدی دوور بگرن، ئەوە گەشەی داوا لەسەر نەوت بە خێراییەکی مامناوەند بەردەوام دەبێ.

لەلایەکی دیکەوە ڕێکخراوی ئۆپێک بە سەرکردایەتی سعودیە سوورە لەسەر ئەوەی ئاستی نەوتی ئەمبارەکانی جیهان کەمبکەنەوە. هەفتەی ڕابردوو، خالد فالح، وەزیری نەوتی سعودیە بە ڕۆژنامەی (فاینەنشاڵ تایمز)ی بەریتانی ڕاگەیاند، سعودیە ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی لە مانگی ئادار بۆ 9.8 ملیۆن بەرمیل دادەبەزێنێ. بەو پێیەش ئاستی بەرهەمهێنانی سعودیە لەچاو مانگی تشرینی دووەمی 2018 بە بڕی 1.3 ملیۆن بەرمیل دادەبەزێ. هەناردەی نەوتی شانشینیش لە 8.2 ملیۆن بەرمیل بۆ 6.9 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دادەبەزێ.

سعودیە سوورە لەسەر ئەوەی ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بپارێزێ کە لە ساڵی 2017 وە لە نێوان ئۆپێک بە سەرکردایەتی سعودیە و 10 وڵاتی دیکە بە سەرکردایەتی ڕووسیا واژۆکراوە. لە دوو ساڵی ڕابردوودا سعودیە سەلماندوویەتی کە ئامادەیە کەموکوڕی بەشدارەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکەش قەرەبوو بکاتەوە.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئاستی بەرهەمهێنان بە بڕی 1.2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم بکەنەوە. لەو بڕەش 800 هەزاری بەر ئۆپێک دەکەوێ و 400 هەزار بەرمیلیشی بۆ 10 وڵاتەکەی دیکە دەبێ، لە کاتێکدا بەگوێرەی ڕێککەوتنێکی پێشتری ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی هێشتا 600 هەزار بەرمیل کەمتر لە ئاستی کانوونی دووەمی 2017یان بەرهەمدەهێنا.

فالح ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە سعودیە دەیەوێ سیاسەتی وزەی خۆی لە بەرهەمهێنانەوە بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی بگۆڕێ، بە جۆرێک ئارامکۆ هاوشێوەی کۆمپانیا جیهانییەکانی وەکو ڕۆیاڵ داچ شێڵی هۆڵەندی و ئێکسۆن مۆبیلی ئەمریکی لە سەرتاسەری جیهان وەبەرهێنان بکات، بە تایبەتیش لە بواری غازی سروشتیدا، چونکە بەکارهێنەری ئەو سەرچاوەیە لە زیادبوونێکی بەرچاودایە.

هەوڵەکانی ئۆپێک و ڕووسیا بە پێچەوانەی خواستی ئەمریکایە. دۆناڵد ترەمپ لە چەند مانگی ڕابردوودا داوای لە سعودیە کردووە ڕێگە نەدات نرخەکانی نەوت بەرزببنەوە. کۆنگرێسی ئەمریکا جارێکی دیکە پرۆژە یاسای (NOPEC)ی زیندوو کردووەتەوە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوڵی ڕێکخراوەیی و کۆییە بۆ ڕێکخستنەوەی نرخەکانی نەوت. هێشتا پرۆژەکە لە کۆنگرێس تێنەپەڕیوە و وەزارەتی دادی ئەمریکاش دەبێ پێداچوونەوەی بۆ بکات، بەڵام کۆمارییەکان گەشبینن بەوەی ئەگەر لە کۆنگرێس تێپەڕێ، ئەگەری زۆرە سەرۆک واژۆی بکات. لەسەردەمی ئیدارەی پێشووی ئەمریکادا ئەو پرۆژەیە ڕەتکرابووەوە.

هۆکارە لاوەکییەکە کە دەکرێ لە هەر ساتەوەختێکدا گۆڕانی بەسەردا بێ یان بۆشاییەکەی پڕ بکرێتەوە، بۆ سزاکانی ئەمریکا لەدژی کەرتی وزەی ئێران و ڤەنزوێلا دەگەڕێتەوە. ئەمریکا لە مانگی تشرینی دووەمی 2018ەوە سزای بەسەر کەرتی سەرچاوەکانی وزەی ئێراندا سەپاندووە، هەشت وڵات بۆ ماوەی شەش مانگ لێخۆشبوونیان بۆ دەرچووبوو. ماوەی لێخۆشبوونەکە لە مانگی ئایاری ئەمساڵ کۆتایی دێ، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (ڕۆیتەرز) ئەمریکا ئەگەر ماوەی لێخۆشبوونەکە بۆ هەندێک لەو وڵاتانە درێژیش بکاتەوە، ئەوە بڕی ئەو نەوتەی دەتوانن لە ئێرانەوە هاوردەی بکەن کەمتر دەکرێتەوە.

نزیک سێ هەفتە بەسەر ڕاگەیاندنی سزاکانی ئەمریکا لەسەر کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ڤەنزوێلا (PDVSA)دا تێدەپەڕێ، ئەمریکا هەتا کۆتاییەکانی نیسان ماوەی بە کۆمپانیای وڵاتان داوە کڕینی نەوت لە کاراکاس ڕابگرن، یان پارەی نەوتەکە بۆ هەژماری بانکی ئۆپۆزیسیۆن بنێرن، بەڵام ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ڤەنزوێلا هەر ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە.

لە کاتی سەپاندنی سزاکاندا سیاسەتمەدارانی ئەمریکا پێیانوابوو سزاکان دوای چەند ڕۆژێک حکومەتەکەی مادورۆ ئیفلیج دەکات، بەڵام دوای نزیک سێ هەفتە دیار نییە ڕژێمی کاراکاس کەی لەسەر کار لادەدرێ. ڕاپۆرتەکەی (ڕۆیتەرز) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دۆخی نادیاری ڤەنزوێلا وایکردووە بازرگانانی نەوت بە مەزندەکانی خۆیاندا بچنەوە و چاوەڕێی دابەزینی زیاتری نەوتی ڤەنزوێلا بکەن.

# ڕێککەوتنی واشنتن و پەکین نرخی نەوت بەرز دەکاتەوە؟



**یادگار سدیق**

سەرباری نزیکبوونەوەی کۆتاییهاتنی ماوەی هۆشدارییەکەی دۆناڵد ترەمپ بۆ چین، کەمکردنەوەی پێشبینی گەشەی خواستی نەوت لەلایەن ڕێکخراوی ئۆپێک، کەمکردنەوەی پێشبینی گەشەی ئابووریی ناوچەی یورۆ لەلایەن کۆمسیۆنی ئەوروپا، کەمکردنەوەی پێشبینی گەشەی ئابووریی بەریتانیا لە دوایین دانیشتنی بانکی ناوەندیی ئەو وڵاتە لە ماوەی ئەمساڵدا بۆ نزمترین ئاست کە گومانەکانی سەبارەت بە گەشەی ئابووری جیهان بەرزکردەوە، بەڵام دەستپێکردنەوەی دانوستاندنە بازرگانییەکانی نێوان واشنتن و پەکین سەبارەت بە چارەسەرکردنی گرفتی بازرگانیی نێوانیان و کەمکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن ئەندامانی ئۆپێک بەبڕی 797 هەزار بەرمیل لە مانگی یەکی ئەمساڵ، سزاکانی واشنتن بۆ سەر هەردوو کەرتی نەوتی ڤەنزوێلا و ئێران کە دابەزینی خستنەڕووی نەوتی لێکەوتووەتەوە، نرخەکانی نەوت لە نیوەی ئەم مانگەدا بەرزترین ئاستیان لە ماوەی ئەمساڵدا تۆمار کرد.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکی مانگی داهاتووی وەک دوا مۆڵەت داوەتە حکومەتی پەکین کە ئەگەر لەگەڵ ئەمریکا نەگەنە ڕێککەوتنێکی بازرگانی، گومرگی زیاتر دەخاتە سەر کاڵاکانی ئەو وڵاتە. هەرچەندە وادەی کۆتاییهاتنی ئەم هۆشدارییە نزیک بووەتەوە، ترەمپیش ڕازی بووە ئەگەر دانوستاندنەکان بەرەوپێش بچن، ئەو مۆڵەتەی دیاری کردووە درێژی دەکاتەوە، بۆیە دەسەڵاتدارانی پەکین و واشنتن هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە تاوەکو بگەنە ڕێککەوتنێک بەر لەم وادەیە.

ڕۆژی یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە بۆ ماوەی 90 ڕۆژ باجە گومرکییەکان لەسەر کەلوپەلە چینییەکان بەرز ناکاتەوە و هەر لە ئاستی 10% ڕایاندەگرێ. بڕیار بوو لە ڕۆژی یەکی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە ئەمریکا ڕێژەی باجی گومرکی سەر کاڵا چینییەکان بۆ 25% بەرز بکاتەوە.





ترەمپ هۆشداری داوەتە چین کە باجی سەر کاڵاکانی لە 10%وە بۆ 25% زیاد دەکات

نوێنەرانی حکومەتی پەکین یەک هەفتە لە واشنتن بوون بۆ قسەکردن لەسەر کێشە بازرگانییەکانیان، هەفتەی ڕابردووش دووبارە لە پەکین کۆبوونەوە. هەرچەندە هیچ وردەکارییەک سەبارەت بە دانوستانەکانیان بە فەرمی بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام ستیڤن منوچین، وەزیری گەنجینەی ئەمریکا کە نوێنەرایەتی حکومەتی ئەمریکای کرد لە ماوەی هەفتەی ڕابردوو لە پەکین، ڕایگەیاند کە کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ بەرپرسانی چین بەرهەمدار بووە، ئەوەی ئەو کۆبوونەوەیەی لە کۆبوونەوەکانی دیکە جیاکردەوە، بەشداریی سەرۆکی چین بوو. ئەمەش گەشبینییەکانی بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نێوان چین و ئەمریکا بەرز کردەوە، هەروەها سەرۆکی چین لە دوای کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا، ڕۆژی هەینی ڕابردوو ڕایگەیاند کە دانوستاندنەکانمان لەگەڵ ئەمریکا ڕەنگە بەردەوام بێت و هەفتەی داهاتووش نوێنەرانمان لە واشنتن درێژە بەم پرسە دەدەن.

دوای گەیشتنی ئەو پەیامانە بە بازاڕە داراییەکان، بازاڕی پشکەکانی جیهان ڕوویان لە بەرزبوونەوە کرد و پێنوێنە سەرەکییەکانی ئەمریکا نرخێکی نوێیان لە 2019 تۆمار کرد، پێنوێنی داوجۆنزی پیشەسازیی ئەمریکا گەیشتە 25904 خاڵ و پێنوێنەکانی ناسداک و ئێس ئاند پی بۆ 7059 و 2778 بەرزبوونەوە. دۆلار کە بەلای وەبەرهێنەرەکانەوە وەک پەناگەیەکی سەلامەت بوو لە کاتی زیادبوونی گومانەکان سەبارەت بە سستبوونی گەشەی ئابووریی جیهان و تێکچوونی پەیوەندیی پەکین و واشنتن، ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد. بەڵام پەیامە گەشبینەکان بەهای دۆلاریان داکشاند و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و کاڵا و دراوەکانی دیکەی لێکەوتەوە، بەڵام دەپرسین ئایا دوای ڕێککەوتنی چین و ئەمریکا بەهای دۆلار بەردەوام دەبێت لە دابەزین و نرخی نەوتیش بەردەوام دەبێت لە بەرزبوونەوە؟

ئەگەر لە مەودای کورتخایەن شرۆڤەی بکەین، وڵامەکەمان بەڵێ دەبێت، چونکە ترسی پاشەکشەی ئابووریی جیهان بەرامبەر بە جەنگی بازرگانیی نێوان چین و ئەمریکا کەم دەکاتەوە کە بووژانەوەی بازاڕەکان و کەمبوونەوەی خواستی لەسەر دۆلاری ئەمریکی لێدەکەوێتەوە و نرخی نەوتیش بەرز دەکاتەوە، بەڵام لە ئاستی درێژخایەن شرۆڤەیەکی دیکە هەڵدەگرێ.

ئیدارەی ترەمپ تەنیا چین بە هۆکاری کورتهێنانی بازرگانیی دەرەکی وڵاتەکەی نازانێ، بەڵکو ئەمجارە ترەمپ تیشک دەخاتە سەر باجی گومرکیی ئەوروپا کە ئێستا ناوچەکە دووچاری داکشانێکی ئابووری بووەتەوە. دووبارە گوشار خستنەسەر ئەم ناوچەیە لەلایەن ترەمپ بە بەرزکردنەوەی باجی گومرکی، نیگەرانی پاشەکشەی ئابووریی جیهان بۆ بازاڕەکان دێنێتەوە و خواست لەسەر دۆلاری ئەمریکی بەرز دەکاتەوە و دابەزینی نرخی نەوتیشی لێدەکەوێتەوە. سەرباری ئەوەی لە دوایین دانیشتنی کۆمسیۆنی ئەوروپا، لێژنەکە پێشبینییەکانی بۆ گەشەی ئابووریی ناوچەکە لە ساڵی 2019 بۆ 1.3 کەمکردەوە لە کاتێکدا پێشتر پێشبینی دەکرد ئابووری ناوچەی یورۆ 1.9 گەشە بکات، گوشاری ئەمریکا بۆ ئەوروپا ڕەنگە ئابووریی ناوچەی یورۆ لە پێشبینییەکان زیاتر سست بکات و دواتر سیستەمی دارایی ئەمریکا و جیهانیش بگرێتەوە، بەڵام بەرزبوونەوەی خواستی بەردەوامی چین لەسەر نەوت کە بۆ سێیەمین مانگە ئاستی 10 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا تێدەپەڕێنێ، ئاماژەی باشن بۆ بازاڕی وزە و نرخی نەوت. هەروەها هەوڵەکانی سعودیە و ئیمارات و کوێت بە کەمکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنانیان و پاشەکشەی بەردەوامی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران و ڤەنزوێلا لە بازاڕی وزە، دەتوانن نرخەکانی نەوت لە ئاستێکی بەرزدا بهێڵنەوە.

## سیاسەتی نوێی گەنجینەی فیدراڵی چی بەسەر بازاڕی وزە دێنێ؟

کۆتایی مانگی ڕابردوو گەنجینەی فیدراڵی ئەمریکا، سیاسەتەکانی خۆی گۆڕی و گەنجینەکە ڕایگەیاند: ئارامگر دەبن لەسەر بەرزکردنەوەی زیاتری ڕێژەی سوودی بانکی، گەنجینەکە هۆکاری گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی گەڕاندەوە بۆ بەرزبوونەوەی گومان سەبارەت بە گەشەی ئابووریی ئەمریکا. ئەوەی بازاڕەکانی بووژاندەوە و نرخی کاڵاو دراوەکانی دژ بە دۆلار بەرزکردەوە، ئاماژە نەکردنێکی ڕوون بوو لەلایەن گەنجینەی فیدراڵی، گەنجینەکە ئاماژەی نەدا بەوەی چەند جاری دیکە ڕێژەی سوودی بانکی بەرز دەکاتەوە، یان کەی سیاسەتەکەی دەگۆڕێت، لە کاتێکدا ساڵی ڕابردوو چوار جار ڕێژەی سوودی بانکی بەرزکردەوە، هاوکات بڕیار بوو سێ جاری دیکەش لە ماوەی ئەمساڵدا ڕێژەکە بەرز بکاتەوە.

داتا نەرێنییەکانی هەفتەی ڕابردووی تایبەت بە ڕێژەی وردەفرۆش و بەرهەمهێنانی پیشەسازیی ئەمریکا، گومانەکانی دابەزینی گەشەی ئابووریی ئەمریکای خێراتر لە پێشبینییەکان زیاد کرد، سێ لە پلاندانەرانی گەنجینەی فیدراڵی ئەمریکا ڕایدەگەیەنن گەنجینەی فیدراڵی ڕەنگە بتوانێت تەنیا یەک جار ڕێژەی سوودی بانکی بەرز بکاتەوە، یان ئەوجارەش نەتوانێ. گۆڕانی سیاسەتی گەنجینەی فیدراڵی ئەمریکا هانی بازاڕەکان دەدات و نرخی نەوتیش بەرز دەکاتەوە لە کاتێکدا سیاسەتەکان پاڵپشتی بەهای دۆلار ناکەن.

## لە سلێمانی کچە خوێندکارێک خۆی کوشت



**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژی 2019/2/16 تەرمی کچە خوێندکارێک لە ماڵەکەی خۆیدا لە سلێمانی خۆی کوشت. پۆلیس تەرمی کچەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کردووە و پەراوی لێکۆڵینەوەی بۆ کردووەتەوە.

بەگوتەی نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ڕووداوەکە کاژێر 7:30ی ئێوارە بووە و کچەکە بە دەمانچەی براکەی کە لە سەفەر بوو خۆی کوشتووە، بەڵام هێشتا هۆکاری خۆکوشتنەکەی نەزانراوە. گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی گوتیشی: "کچەکە ناوی (ب) و تەمەنی 31 ساڵە، قوتابی قۆناغی چواری بەشی دارایی و بانکی زانکۆی جیهان بووە".

# هاوکاری پیاوێک دەکات بۆ کوشتنی مێردەکەی

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

(ن) لەگەڵ خۆشەویستەکەی ڕێککەوتبوو بۆ ئەوەی یوسفی مێردی بکوژن، پلانەکەیان جێبەجێ کرد، بەڵام پۆلیس هەردووکیانی دەستگیر کرد.

یوسف عەبدوڵڵا، تەمەن 60 ساڵ، دوو هاوژینی هەبوو، دانیشتووی کۆمەڵگەی دۆمیزی سەر بە شاری دهۆک بوو. شەوی 2019/2/12 لەلایەن پیاوێکەوە بە سێ چەقۆ کوژرا. پیاوەکە کە ئاوارەیەکی ڕۆژئاوای کوردستانە، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ یەکێک لە ژنەکانی یوسف هەبوو.

موقەدەم هێمن سلێمان، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پاش ئەوەی هێزەکانی پۆلیسی سێمێل لە تاوانێکی کوشتن ئاگادارکرانەوە، دەرکەوت کەسێکی نەناسراو هێرشی کردووەتە سەر ماڵێک و سێ چەقۆی لە خاوەن ماڵەکە داوە و هەڵاتووە. تەرمەکە ڕەوانەی پزیشکی دادوەریی دهۆک کرا".

بە گوتەی پۆلیس، بکوژەکە دەستی لەگەڵ یەکێک لە ژنەکانی قوربانییەکە تێکەڵ کردووە و



(ن) ساڵێک بوو لەگەڵ خۆشەویستەکەی پلانیان بۆ کوشتنی مێردەکەی دادەنا

پێشتر پلانی کوشتنەکەیان داناوە. موقەدەم هێمن گوتی: "دوای ئەوەی هاوژینی قوربانییەکەمان بۆ لێکۆڵینەوە بانگی بنکەی پۆلیس کرد، گوتی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ بکوژەکە هەبووە، ماوەی ساڵێکە پێکەوە پلان بۆ کوشتنی مێردەکەی دادەنێن. دواتر بکوژەکەشمان دەستگیر کرد کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە".

وەک موقەدەم هێمن باسی دەکات، بکوژ لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتوویەتی: "شەو (ن) بانگی کردم گوتی هاوژینەکەم خەوتووە، وەرە بیکوژە". (ن) لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتوویەتی "ساڵێکە پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ ئەو پیاوە هەیە، بیرمان لەوە کردەوە تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی بە یەکدی بگەین ئەوەیە یوسف بکوژین".

کۆڤان سدیق کە خوشکەزای یوسفە بە (ڕووداو)ی گوت: "خاڵم ئەو شەوە هەتا سەعات دووی شەو لە ماڵی ئێمە بوو، گوتی بەیانی یەکدی دەبینینەوە". بەڵام یوسف جارێکی دیکە خوشکەزاکانی نەبینییەوە.

یوسف دەگەڕێتە ماڵەوە، ئەو شەوە نۆرەی (ن) بووە لەلای بمێنێتەوە، بەڵام نەیزانی ئەوە دوا شەوی دەبێ و دەمێکە (ن) کە 11 ساڵە هاوژینیەتی و سێ منداڵی لێی هەیە، پلانی بۆ کوشتنی داناوە.

کۆڤان کە دراوسێی ماڵی خاڵیەتی، نەیزانیوە هیچ کێشەیەک لە نێوان خاڵ و خاڵۆژنیدا هەبووبێ. کۆڤان دەڵێت: "خاڵم لەگەڵ هاوژینی یەکەمی کە کچی پووری خۆیەتی هیچ کێشەی نەبوو، ڕۆژێک گوتی ژن دێنم، کچە پوورەکەی ڕازی بوو. ئەوان 11 ساڵ بوو پێکەوە بوون، قەت نەمانزانیوە کێشەیان هەبووبێ. خاڵم هێندەی خۆشدەویست هەرچییەکی پێویست بووایە بۆی جێبەجێ دەکرد".

کۆڤان باسی کوشتنی خاڵی دەکات و دەڵێت: "دوای ئەوەی خاڵم دەچێتەوە ماڵەوە دەخەوێت، (ن) پەیوەندی بە خۆشەویستەکەیەوە دەکات، ئەویش دێت و سێ چەقۆ لە خاڵم دەدات و دەڕوات. پاشان (ن) منداڵە حەوت ساڵانەکەی دەنێرێتە ماڵی دراوسێیەکەیان، دەڵێت بڕۆ پێیان بڵێ کەسێک هاتووەتە سەر ماڵمان، چەقۆی لە باوکم داوە و دایکیشم لەهۆش چووە".

منداڵەکەش دەچێت و هەمان ئەو قسانەی دایکی بۆ دراوسێکەیان دەکات. کۆڤان گوتی "ئێمە هێشتا نەخەوتبووین، کوڕە گەورەکەی خاڵیشم لەگەڵ ئێمە بوو، دراوسێکانی ماڵی خاڵم تەلەفۆنیان کرد، کوڕی خاڵم ڕەنگی گۆڕا، گوتمان چی بووە؟ گوتی: کەسێک چووەتە ماڵی باوکم و چەقۆی لێداوە".

کاتێک دەچنە ماڵی یوسف، دەبینن پۆلیس لەوێیە، (ن) لە سووچێکی ماڵەکە دانیشتووە و دەڵێت: "من خەوتبووم، کە هەستام بینیم مێردەکەم لەنێو خوێندا کەوتووە".

کۆڤان گوتی: "لە (ن)مان پرسی چی ڕوویداوە؟ تازە خاڵم لای ئێمە بوو، چۆن بەنیو سەعات ئەوە ڕوویدا؟ ئەو گوتی من هیچ نازانم. من هیچ شتێکم نەکردووە، یەکسەر گومانمان بۆ دروست بوو، چونکە یەکێک مێردەکەی کوژرابێت وا بە ئاسانی قسە ناکات، وەک ئەوەی بڵێی هیچ نەبووە".

چوونی منداڵە حەوت ساڵانەکەی یوسف بۆ ماڵی دراوسێکەیان، گومانی لەلای کەسوکارەکەی دروستکردووە. بۆیە کاتێک قسە لەگەڵ منداڵەکە کراوە، ئەو گوتوویەتی دایکم پێیگوتم بچۆ ماڵی دراوسێکەمان بڵێ باوکم کوژراوە. کۆڤان دەڵێت: "پێمان سەیرە خاڵۆژنە گەورەکەم هەر لەو ماڵە لە نهۆمی سەرەوە دەژی، بۆچی هەواڵی بەو نەدابوو".

تاکە داواکاریی بنەماڵەی قوربانییەکە ئەوەیە کە (ن) بە توندترین شێوە سزا بدرێ، چونکە جگە لەوەی خیانەتی لە هاوژینەکەی کردووە، هاوکاری خۆشەویستەکەی کردووە بۆ کوشتنی یوسف.

# بۆ جیابوونەوە بوختانی بە هاوژینەکەی کرد

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو — هەولێر**

لەلایەن مێردەکەیەوە ئەشکەنجە دەدرێ، هەر بەوە وازی لێناهێنێ و بوختانیشی پێ دەکات، تەنیا بۆ ئەوەی لێی جیاببێتەوە. دۆسیەی خەندە لە دادگایە و چاوەڕێیە دادوەر بڕیاری خۆی لەبارەیەوە بدات.

خەندە ناوی خوازراوی ئافرەتێکی تەمەن 32 ساڵە. 15 ساڵ لەمەوبەر شووی بە خزمێکی کردووە و ئێستا دایکی سێ منداڵە. خەندە دەڵێت: "کە دایکم مرد، منداڵ بووم. باوکم ژنێکی دیکەی هێنا. کاتێک بوومە 16 ساڵ، زڕدایکەکەم گوتی دەبێ شوو بە خزمێکی من بکەی، منیش نەمتوانی هیچ بڵێم و ڕازی بووم".

سەرەتا خەندە وای لێکدەدایەوە کە لە دۆزەخی ماڵە باوک ڕزگاری دەبێ و دەچێتە ژیانێکی ئارامەوە، بەڵام ئەمە تەنیا ماوەیەکی کەمی خایاند. خەندە دەڵێت: "هەتا منداڵی سێیەمیشمان بوو لەگەڵم باش بوو، بەڵام دواتر لەگەڵم زۆر خراپ بوو. زۆر جار کە دەهاتەوە ماڵەوە بەبێ هۆکار لێیدەدام. جاری وا هەبووە دەست و قاچەکانمی داخ دەکرد لە پێش چاوی منداڵەکان".

خەندە پەنای بۆ خوشکەکەی بردووە و باسی هەڵسوکەوتی مێردەکەی بۆ کردووە، بەڵام خوشکەکەی نەک یارمەتی نەداوە، بەڵکو داواشی لێکردووە لەبەر زڕدایکەکەی بەردێکی لەسەر دابنێ.

خەندە دەڵێت لێدان و ئەشکەنجەدانی مێردەکەی بەردەوام بووە، بە جۆرێک 20 کیلۆ لە کێشی کەمکرد

"زۆرکەس لێیان دەپرسیم بەچی وا لاواز بووی؟ کەس نەیدەزانی من چ ژیانێکم هەیە".

خەندە پێیوایە هەموو هەڵسوکەوتی خراپی مێردەکەی تەنیا لەپێناوی ئەوە بووە داوای جیابوونەوە بکات "مێردەکەم بۆیە ئەشکەنجە و ئازاری دەدام تاوەکو داوای جیابوونەوە بکەم لە دادگا، بۆ ئەوەی بڵێت تۆ داوای جیابوونەوەت کردووە و هیچ شتێکت ناکەوێت".

وەک خەندە باسیکرد (ئە)ی هاوژینی هەر بە لێدان و ئەشکەنجەدان نەوەستاوە، بەڵکو پلانیشی بۆ داناوە کە خەندە تۆمەتبار بکات بەوەی خیانەتی لێکردووە.

خەندە گوتی: "مێردەکەم سەعات پێنجی بەیانی لە ماڵ دەرچووبوو، دەرگاشی دانەخستبوو، دەنگێک هات خەبەرم بووەوە، چوومە هۆڵەکە خزمێکی مێردەکەم لە هۆڵەکە بوو، پێمگوت چی دەکەیت لێرە، چۆن هاتیتە ژوورەوە. پیاوەکە گوتی: ئەگەر دەتەوێ هیچت لێنەکەم وێنەیەکی خۆتم بۆ بنێرە، منیش دواتر لە ترسان وێنەیەکم بۆ نارد".

خەندە هەروەها دەڵێت: "نیوەڕۆ مێردەکەم هاتەوە تووشی شۆک بووم کە بینیم ئەو پیاوەی لەگەڵە، پێمگوت چۆن ئەو پیاوە دەهێنیتەوە، کارێکی وای لەگەڵ من کردووە. ئەویش گوتی: گوێی مەدەرێ هەموو کەس دەزانێ ئەو پیاوە چۆن کەسێکە".

مانگێک دوای ئەو ڕووداوە، (ئە) چەند شوێنێکی جەستەی خەندە داغ دەکات. خەندە لە بنکەیەکی پۆلیس سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات. کاتێک پۆلیس مێردەکەی دەستگیر دەکەن، ئەویش بە تۆمەتی خیانەت سکاڵا لەسەر خەندە تۆمار دەکات.

دۆسیەی خەندە دەچێتە دادگا، لە دانیشتنی دادگا، باوکی لە بەردەم دادوەر حاشا لە کچەکەی دەکات و دەڵێت "لە هەر شوێنێک بیبینم دەیکوژم".

بۆ ئەوەی خەندە پارێزراو بێ دەنێردرێتە شەڵتەر. مانگێک لەوێ دەمێنێتەوە، مامی دەیباتە لای خۆی. بەڵام خەندە دەڵێت ئەوانیش لەگەڵی خراپ بوون و بەردەوام تانەیان لێداوە کە گوایە خیانەتی کردووە.

خەندە دەڵێت: "جگە لە برایەکم هیچ کەس باوەڕی پێنەکردم. شەوێک منیان لە ماڵی مامم دەرکرد، براکەم منی بردە هۆتێلێک بۆ ئەوەی ژیانم پارێزراوبێت."

لە دانیشتنێکی دادگادا خەندە نکۆڵی لەوە ناکات کە وێنەی بۆ ئەو خزمەی هاوژینەکەی ناردووە. بۆیە دادوەر بڕیاری بەندکردنی پیاوەکە و خەندە دەدات.

پارێزەری خەندە دەڵێت :"دۆسیەکەمان تەمیز کردەوە و خەندەمان لە زیندان هێنایە دەرەوە، چونکە هیچ بەڵگەیەک نەبوو بیسەلمێنێ کە خەندە خیانەتی لە هاوژینەکەی کردووە".

هاوژینی خەندە لەبارەی دۆسیەکەیان تەنیا ئامادە بوو لەسەر مەسەلەی وێنەکە قسە بکات و گوتی: "خەندە پێیگوتم لە ترسی دەستدرێژی وێنەی خۆی بۆ ئەو پیاوە ناردووە، بەڵام دوای ماوەیەک لە خەڵکم گوێ لێبوو کە خەندە پەیوەندی لەگەڵ ئەو پیاوە هەیە، بۆیە سکاڵام لەسەر تۆمار کرد".

خەندە ئێستا لە ماڵی خزمێکیان داڵدە دراوە، دۆسیەکەشی لە دادگا یەکلا نەبووەتەوە، مێردەکەشی دەڵێت: "بەو مەرجە لێی خۆش دەبم کە لە دادگا داوای جیابوونەوە بکات".



خەندە لەلایەن خزمێکیانەوە داڵدەدراوە

# گومانێک ژیانی دەکاتە دۆزەخ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

دوو ساڵ و نیوە بە ڕێی دادگاوەیە، بەڵام هێشتا کەیسەکەی یەکلایی نەبووەتەوە. ئاشتی دەڵێت مێردەکەی خیانەتی لێکردووە، بەو مەرجە لێی خۆشبوو کە لێی جیاببێتەوە، بەڵام هاوژینەکەی دەڵێت کێشەکەیان لە دادگایە و با دادوەر حوکمی لەسەر بدات.

ئاشتی، تەمەن 26 ساڵ، ماوەی شەش ساڵە هاوسەرگیری لەگەڵ هەکار، تەمەن 30 ساڵ کردووە و خاوەنی کوڕێکن. بەڵام ماوەی دوو ساڵ و نیوە لەلای یەکدی نین.

ئاشتی باسی سەرەتای ژیانی خۆی لەگەڵ هەکار دەکات و دەڵێت: "تەنیا چوار مانگم بە خۆشی لەگەڵ بەسەربرد، پاشان بە تەواوی گۆڕا، بە هەموو شتێک تووڕە دەبوو. بەردەوام دەیکرد بە شەڕ و فەرتەنە. سەرەتا وامزانی بەهۆی ئەوەیە کە لە ماڵی باوکی ئەوین، بەڵام دواتر کە ماڵی خۆمان جیاکردەوە خراپتر بوو".

ئەو دەڵێت هاوژینەکەی چەندینجار لێیداوە، جارێکیان شەقی تێهەڵداوە و تووشی خوێنبەربوون بووە، جارێک بەرزی کردووەتەوە و بە زەویدا کێشاوە. جارێکیش سەری گرتووە و کێشاویەتی بە قەنەفەدا، بەو هۆیەوە لووتی شکاوە.

ئاشتی بەدرێژایی ئەو ماوەیە بێدەنگی هەڵبژاردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە نایەوێ ماڵی لێ تێکبچێ، بەڵام ناتوانێ لە "خیانەت"ی مێردەکەی خۆشببێ.

### کێشەکەی ئاشتی لە دادگا بووە بە گرێکوێرە

ئەو ژنە دەڵێت: "دوو ساڵ و شەش مانگ پێش ئێستا منی ناردەوە ماڵی باوکم، شەو لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆی ئافرەتێک دەبەنەوە ماڵەوە، دراوسێیەکمان کە ئاگای لەوە بووە، مامی منی ئاگادار کردبووەوە، مامم لەگەڵ کوڕەکەی چووبوون، بینیبوویان ئافرەتەکە لە باوەشی هەکاردایە. بەرگەی ئەو ناپاکییەم نەگرت، ڕۆژی دواتر سکاڵام لەسەر تۆمار کرد و داوای جیابوونەوەم کرد".

هەکار نزیکەی هەفتەیەک گیرا، بنەماڵەکەی داوایان لە ئاشتی کرد سکاڵاکەی بکێشێتەوە و تەڵاقی بدەن، هەموو مافێکیشی بدەنێ، تەنیا بە یەک دانیشتنی دادگا هەموو شتێک دەبڕێننەوە، بۆیە ئاشتی سکاڵاکەی دەکێشێتەوە، بەڵام نە تەڵاقدرا و نە مافی خۆشی وەرگرت.

بەپێی یاسا ئاشتی بۆی نەبوو جارێکی دیکە سکاڵا لەسەر مێردەکەی تۆمار بکاتەوە، چونکە بۆ ناپاکی هاوژینی تەنیا دەتوانی یەکجار سکاڵا تۆمار بکەی. بۆیە جۆری کێشەکەی بۆ کێشەی خێزانی گۆڕی و داوای جیابوونەوەی کرد.

ئاشتی دەڵێت: "کە زانییان سکاڵام تۆمار کردووە، هەڕەشەیان لە مامم کرد، بۆیە من لەبەر خاتری مامم جارێکی دیکە سکاڵاکەم لە دژی هەکار کێشایەوە. بەڵام ئەمجارە خراپتریان بەسەر هێنام، منداڵەکەیان لێ سەندمەوە".

بۆ ماوەی شەش مانگ ڕێگە بە ئاشتی نەدراوە منداڵەکەی ببینێ، بەڵام دواتر لە ڕێگەی دادگاوە مافی بینینی منداڵەکەی وەرگرت. ئێستا لە مانگێکدا بۆی هەیە دوو جار بۆ ماوەی سەعاتێک کوڕە پێنج ساڵانەکەی ببینێ.

ئاشتی ماوەی دوو ساڵ و شەش مانگە بەڕێگەی دادگاوەیە، بەڵام دادوەر بڕیاری کۆتایی لەبارەی دۆسیەکەی نادات. ئاشتی دەڵێت: "هاوژینەکەم دەستبەردارم نابێ و دەڵێت دەبێ بەو عەزابەوە بمری. پارێزەریشم هەبوو، ئەویشیان بۆ خۆیان ڕاکێشا و لەگەڵ ئەوان ڕێککەوت".

ئاشتی بۆ جاری سێیەم سکاڵا تۆمار دەکات و ئەمجارە بیانووەکەی بۆ پێکەوە نەگونجان گۆڕیوە. چاوەڕێیە هەکار دڵی نەرم ببێ و لێی جیاببێتەوە.

هەکار هەموو قسەکانی ئاشتی بە هەڵبەستراو ناودەبات. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت :"کێشەی ئێمە تەنیا بەهۆی خۆهەڵقورتاندنی کەسوکاری بوو، ئەگینا شتێک نەبوو بەرەو دادگامان ببات".

هەکار ڕەتیکردەوە خیانەتی لە هاوژینەکەی کردبێ و گوتی: "من خاوەنی کۆمپانیا بووم، فەرمانبەرم لە دادگا، جگە لەوە دوکانیشم هەبوو، بۆیە زۆر سەرقاڵ بووم. ئاشتی هەفتەیەک بوو لە ماڵی باوکی بوو. شەوێک گەنجێک پەیوەندی پێوەکردم و گوتی: دەمەوێ کارێک بۆ من و خوشکەکەم بدۆزنەوە. منیش پێمگوتن یەکشەممە وەرن بۆ کۆمپانیا، بەڵام ئەوان گوتیان سەفەرێکمان هەیە و ئەمشەو دێین سیڤییەکانمان دەهێنین. لەماڵەوە خەریکی سیڤی پڕکردنەوە بوون، براکەشم لەوێ بوو، لەپڕ بە شەق لە دەرگا دراو مامی و کوڕێکی هاتن کردیان بە هەرا".

هەکار بەیانی بەدوای ئاشتیدا چووە، بەڵام لەگەڵی نەهاتووەتەوە و پێیگوتووە سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە. هەکار دەڵێت: "ئاشتی لەسەر شتێکی بێ مانا جێیهێشتووم، هیچ بەڵگەیەکیشی نییە کە خیانەتم لێی کردبێ. توندوتیژیشم بەرامبەری نەکردووە. تەنیا ئەو لێکتێنەگەیشتنە بوو، دەمانتوانی چارەسەری بکەین. پێمگوت سکاڵا تۆمار مەکە، بەڵام کردی، بۆیە من تەڵاقی نادەم، دەبێ چاوەڕێی یاسا بێت تەڵاقی بدات".

عیزەدین عەبدوڵڵا یاسین ڕاوێژکاری یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان کە ئەندامی لیژنەی ئاشتەواییشە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەپێی یاسا ژن دەتوانێت بەبێ مەرجی ڕازیبوونی مێردەکەی، لە بەرامبەر قەرەبووکردنەوەیەک کە زیاتر نەبێت لە مارەییەکەی، داوای جیابوونەوە پێشکەش بکات و داواکەشی لەلایەن دادوەر قبوڵ دەکرێت، بەڵام کاتێک دەچێتە دادگای پێداچوونەوە، لەوێ ڕەتیدەکەنەوە، بە بیانووی ئەوەی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە و ڕەزامەندی پیاوەکەی تێدا نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی دووبارە ڕێگری لە جیابوونەوە".





## لە هەولێر پیاوێک خۆی خنکاند

**ڕووداو– هەولێر**

شەوی 2019/2/15 پیاوێک لە هەولێر بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی خنکاند.

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "شەوی 2019/2/15 پۆلیس ئاگادارکرایەوە کە پیاوێک لە نێو ماڵەکەیدا بە دۆخینی شەرواڵەکەی خۆی خنکاندووە، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکانیش هۆکاری خۆخنکاندنەکەی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە". گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتیشی: "پیاوەکە خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵ بووە، هاوژینەکەشی سکاڵای لەسەر کەسێک تۆمارکردووە، پۆلیس پەراوی بۆ ڕووداوەکە کردووە، تەرمی هاووڵاتییەکە ڕەوانەی پزیشکی دادی کراوە و لێکۆڵینەوەکەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

# دوو "قاچاخچی" لە هەولێر دەکوژرێن

**ڕووداو – هەولێر**

لە شاری هەولێر کێشە لەنێوان چەند قاچاخچییەک دروست دەبێ و دوو لە قاچاخچییەکان دەکوژرێن، یەکێک لەو قاچاخچیانە کە هانی براکەی داوە بۆ کوشتنی ئەو دوو کەسە، دەڵێت ئەو کەسانە سووکایەتیان بە کەسوکاری ئێمە کردووە، بۆیە بە براکەی گوتبوو لەهەر کوێ بینیتن دەستیان لێ مەپارێزە.

حیسام یاسین، لەلایەن بنەماڵەی دوو کوژراوەکەوە وەک سەرۆکی باندێکی کوشتن و بازرگانی بە مرۆڤ ناوی هێنراوە و لە هەولێر سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە، بەڵام ئەو نکۆڵی لەوە دەکات کە هیچکام لەو دوو کەسە بە دەستی ئەو کوژرابن و دەڵێت ئاگاداری کوشتنیشیان نەبووە. ئەو دەڵێ لە یۆنان تەنیا کاری قاچاخچێتی دەکات، سەرۆکی باندی کوشتن و بازرگانیکردن بە مرۆڤ نییە.

لە ژمارە (541)ی هەفتەنامەی (ڕووداو)دا بنەماڵەی هەژار عەلی ڕایانگەیاند کە کوڕەکەیان بە دەستی باندێکی کوشتن لە هەولێر کوژراوە. عەبدولقەهار عەلی برای هەژار دەڵێ، براکەی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ باندەکە و سەرۆکی باندەکە نەبووە، بۆیە بەناهەق لە 2018/7/3 لەسەر ڕێگەی گوێڕ کوژراوە. بەڵام حیسام یاسین کە بەگوتەی ئەوان سەرۆکی باندەکەیە و هەژار بە دەستی ئەو کوژراوە، هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ ئەوەی هەژاری کوشتووە براکەی بووە و ئەم ئاگاداری ئەو پلانە نەبووە.

## "دەستی لێ مەپارێزە"

حیسام یاسین عەزیز کە بە حیسام چاوشینیش ناوی دەهێنرێ، خەڵکی هەولێرە. لەساڵی 2011 وە لە یۆنان نیشتەجێیە. لەبارەی کوشتنی هەژار عەلی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە کێشەمان لەگەڵ هەژار هەبوو، ئەو کەسەشی هەژاری کوشت کەس و خوێنی منە نەک من".

حیسام ڕەتیکردەوە کە هەژار بەبێ تاوان کوژرابێ و گوتی: "هەژار بەبێ تاوان نەکوژراوە، پێشتر ئێمە کێشەمان لەگەڵ کەسێک هەبوو بەناوی (ن.م). ئەو دەیویست سەفینی برام بکوژێت، بۆیە پێمگوت لە هەر شوێنێک بینیت دەستی لێ مەپارێزە، سەفین لە ئیستانبوڵ و دواتریش لە هەولێر تەقەی لە (ن.م) کرد و برینداری کرد، بەڵام دوای دوو ڕۆژ هەژار و چەند کەسێکی دیکە لە نەخۆشخانە وێنەی لەگەڵ دەگرن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی دەکاتەوە، لەسەریشی دەنووسێ: نامەردەکان لە شێرەکەی قەڵا و منارەیان داوە، ئەمەیان لەسەر ناچێ".

لەبارەی پەیوەندیی هەژار و (ن.م)، حیسام دەڵێ: "ئەوانە لە تورکیا و کوردستانیش مافیا بوون، سەرانەیان لە خەڵک وەردەگرت، هەڕەشەیان لە خەڵک دەکرد کە ئەگەر پارەیان نەدەنێ منداڵەکانیان لە قوتابخانە دەرفێنن و دەیانکوژن. قاچاخچیش بوون".

بە گوتەی حیسام "دوای نزیکەی 8 مانگ هەژار و چوار کەسی دیکە دەچنە بەغدا، بە لایڤ لەگەڵ (ن.م) قسە دەکەن و هەژار پێیدەڵێ چوار فیدائیم هێناوە و ئێمە مەردین، وەکو ئەوانە نامەرد نین لەسەر فەیسبووک شتێک بڵاودەکەنەوە (مەبەستی سەفینی برام بوو). سەفین کە ئەمانە دەبینێ، ئەویش لایڤەکەی دەکاتەوە و جنێویان پێدەدات. هەژاریش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ ئێمە جوێن نادەین، خۆشمان ناشارینەوە، بەڵام ئێوە لە باوەشی ژنەکانتانن و نایەنە دەرەوە بۆ ئەوەی ئێمەش حیسابتان بۆ بکەین. (ن.م)یش دەڵێ ئێمە قسەی هەڵە ناکەین، قسەش لەگەڵ ئەو کەسە ناکەین کە جوێن دەدات، ئێمە زۆر لە برا گەورەکەی پیاوترین (مەبەستی من بوو). بەڵام کەسێک قسەی نەشیاو بکات و دەست بۆ بنەماڵەی ئێمە ببات، دەتوانین دەستی کورت بکەین".

## کوردێک لە ئیستانبوڵ دەکوژرێ

کوشتنی ئامۆزایەکی حیسام کێشەی نێوانیان قووڵتر دەکاتەوە. حیسام یاسین دەڵێ: "ڕۆژێک عەلی مەولوود عەزیز کە ئامۆزام بوو و تەمەنی 18 ساڵ بوو، لە ئیستانبوڵ دەیەوێ لە هەژار بدات، لەبەرئەوەی وێنەی لەگەڵ (ن.م) بڵاوکردووەتەوە و قسەی نەشیاوی پێگوتووین. هەژار لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لە شوێنێکی گشتی دانیشتبوو. عەلی تەقەی لێکردبوو، کەسێکیش بەناوی (ف) چوار گوللە لە عەلی دەدات. هەژار کە لەگەڵ (ئە.چ) بە یەک ئاراستە هەڵدێن، بە (ئە) دەڵێ بڕۆ بیکوژە، ئەویش دەگەڕێتەوە و عەلی دەکوژێ.

دوای کوژرانی عەلی چوار کەس دەستگیر دەکرێن کە یەکێکیان هەژار بووە، بەڵام حیسام دەڵێ ئاسانکاری کردووە بۆ ئەوەی ئازاد بکرێ: "دوای کوژرانی ئامۆزاکەم هەژار و چوار کەس دەستگیرکران، بەڵام من باوک و برای عەلیم نارد بۆ ئیستانبوڵ بۆ ئەوەی لەلای پۆلیس تەنازول بۆ ئەو چوار کەسە بکەن و ئازاد بکرێن، یەکێک لەوانە هەژار بوو، چونکە ئەوانە دەبوو بکوژرێنەوە. هەژار کوژرایەوە و هەرسێ کەسەکەی دیکەش دەبێت بکوژرێن".

## کێ هەژاری کوشت؟

ڕۆژی 2018/7/3 هەژار عەلی لەسەر ڕێگەی گوێڕ دەکوژرێ. پۆلیس کەسێک بە تۆمەتی کوشتنی دەستگیر دەکات کە ئامۆزای حیسامە. ئەو لە وتەکانیدا دەڵێ هەژار بەدەستی سەفین کوژراوە. عەبدولقەهاری برای کوژراوەکەش دەڵێ حیسام خۆی هەژاری کوشتووە، حیسام دەڵێ: "بەڵێ هەژار لە تەرەفی ئێمەوە کوژراوە، من دەمزانی دەکوژرێ، دەستخۆشییان لێدەکەم کە هەژاریان کوشت، بەڵام ئاگام لە کوشتنەکەی نەبووە و بەبێ ئاگاداری من کراوە، تەنانەت ڕێبواریش نەیدەزانی و پێی نەگوتراوە کە بۆ کوشتنی هەژار دەچن، بەڵکو وایزانیوە بۆ وەرگرتنەوەی قەرز دەچێ، بۆیە ئەویش بەبێ تاوان دەستگیرکراوە".

ئێستا هەریەک لە حیسام یاسین و سەفینی برای و کەسێکی دیکە بەناوی (ش.ج) فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، حیسام و (ش) لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، سەفینیش شوێنی نادیارە. حیسام لەبارەی خۆڕادەستنەکردنی دەڵێ: "هەمووان دەزانن کە من هەژارم نەکوشتووە، بەڵام بنەماڵەکەی دەیانەوێت من بگیرێم، چونکە من وەکو بڕبڕەی پشتی بنەماڵەکەمم و ئەگەر بگیرێم و لەنێو بچم، سەفینی برام زۆر بە ئاسانی دەگیرێ. بەرنامەی گرتنی من دانراوە بۆ ئەوەی بگەن بە براکەم".



ئەم چوار کەسە تۆمەتبارکراون بەکوشتنی هەژار عەلی

## "دەمویست سەباح بکوژم"

ڕۆژی 2018/11/28 کەسێکی دیکە بەناوی سەباح محەممەد کە لە ئەوروپا گەڕابووەوە، لە نزیک بازاڕی چەکفرۆشان دەکوژرێت، دەگوترێ سەباحیش بەدەستی حیسام کوژراوە، بەڵام حیسام ئەوەش ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ: "ئەگەر کوشتنی سەباح پەیوەندی بە منەوە هەبووایە زۆر بەڕاشکاوی پێمدەگوتن، بەڵام من ئاگادار نیم، کاتی خۆیشی لە یۆنان زۆر بۆی دانیشتووم، تەلەفۆنم بۆ باوکیشی کردووە و پێمگوتووە لە هەر شوێنێک سەباح ببینم دەیکوژم".

بۆچی بە نیاز بووە سەباح بکوژێت؟ حیسام دەڵێ: "ئێمە لەسەر ئیشی قاچاخچێتی کێشەیەکمان هەبوو، هەندێک پارەی کەوتە لای من و پارەکەم دەستبەسەرداگرت، چونکە ئەو چەند جارێک خیانەتی لێکردم، خیانەتیش لە ئیشی قاچاخ قبوڵ نەکراوە. بێجگە لەوەش هەندێک تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستم گوایە بوومەتە جاشی حکومەتی یۆنان. ئەوان دەیانزانی ئەم قسەیە لەلای من کفرە و زۆر پێی تێکدەچم، چونکە ئەوانیش دەزانن من شەڕی جاش و مرۆڤی نامەرد لە یۆنان دەکەم".

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، تاوانی کوشتنی هەژار و سەباح بە دوو ئۆتۆمبێلی جۆری BMW کراون، بەڵام یەک تابلۆیان لەسەر بووە. هەمان ژمارەی تابلۆ لەسەر BMWێکی ڕەنگ ڕەساسیش بینراوە. هەرسێکیان دەستیان بەسەرداگیراوە، حیسام یاسین دەڵێ: "ئەو ژمارەی کە دەگوترێ لەسەر سێ ئۆتۆمبێل بووە ڕاست نییە، ئەگەر بەڵگەی تەواویان لەسەر هەبوو من قبوڵی دەکەم هەر کەسێک تاوانبار دەکەن، تەنانەت ئەگەر منیش تاوانبار بکەن، بەڵام من بەدواداچوونی تەواوم کردووە و 100% دڵنیام هیچ بەڵگەیەک نییە کە ئەو ئۆتۆمبێلانە هەمان ژمارەیان هەبووە".

لەکاتی کوشتنی هەژار عەلی، بێجگە لەو ئۆتۆمبێلەی تاوانەکەی پێ کراوە، ئۆتۆمبێلێکی جۆری لاندکرۆزەریش هاوکاریان بووە، حیسام ئەو زانیارییە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ: "ئەو ئۆتۆمبێلەش لەگەڵیان بووە، بەڵام لە دەرەوەی زۆنی زەرد هاتووە بۆ یارمەتیدانیان، نازانم لە ڕانیە یان سلێمانی یان شارێکی دیکەوە هاتووە، بەڵام لەکاتی کوشتنی هەژار لەگەڵیان بووە و یارمەتی داون".

حیسام دەڵێت ئێستا هیچ ئاگاداری سەفینی برای نییە، وەکو خۆی دەڵێ: "سەفین زۆر شتی کردووە و لەژێر دەسەڵاتی من چووەتە دەرێ، بۆیە لە هەموو تەلەفۆنەکانم و فەیسبووک و واتسئەپ و هەموو هێڵەکانی پەیوەندی بلۆکم کردووە".

بەکارهێنانی پاسپۆرتێکی ساختەی ئێرانی کە وێنەی حیسامی لەسەرە، یەکێکی دیکەیە لەو بەڵگانەی کە کەسوکاری کوژراوەکان دەڵێن حیسام خۆی تاوانی کوشتنەکانی کردووە و لە دەروازەی سنووری باشماخەوە لەڕێگەی ئەو پاسپۆرتە ساختەیەوە هەرێمی کوردستانی بەجێهێشتووە، بەڵام حیسام ئەوەش ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: "ئەو پاسپۆرتە پێش دوو ساڵ لەلایەن هاوڕێیەکم کە خەڵکی کرماشانە دروستکراوە بۆ ئەوەی بچمە بەریتانیا و خۆم وەک ئێرانی ڕادەست بکەم، چونکە خەڵکی عێراقی و سووری لە بەریتانیا قبوڵکراو نین، بەڵام ئێرانی قبوڵ دەکەن".

حیسام دەشڵێ: "دوایین سەفەری من لە ڕۆژی 2016/5/15 بووە کە لە سلێمانییەوە بووە بۆ ئوردن و لەوێشەوە بەرەو ئەسینا، لەدوای ئەو کاتەوە تاوەکو ئێستا کەسێک ئەگەر بەڵگەیەکی هەیە منی لە عێراق، ئێران، تورکیا، لوبنان، سووریا، قەتەر، ئیمارات و هەموو ئەو وڵاتانەی دراوسێی هەرێمی کوردستان بینیوە، یان لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان من پێی هاتبێتمە کوردستان یان دەرچووبم، من دانی پێدا دەنێم کە هەرچییەک دەڵێن ڕاستە و ئامادەی هەموو سزایەکم، ئەمانەش هەموو بەڵگەن کە من ئاگام لە کوشتنی ئەو دوو کەسە نەبووە".

حیسام وەک خۆی دەڵێ تەنیا کاری قاچاخچێتی دەکات و لە یۆنانیش چێشتخانە و کافتریای هەیە، ئەو دەڵێ: "بێجگە لەو کارانە، هیچ کارێکی دیکە ناکەم، نە باندی خەڵک کوشتنم هەیە و نە کاریشم بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە، بەڵکو ئەوانەی لێرەن یان لە نزیکەوە دەمناسن دەزانن کە چەند هاوکاری کوردی یۆنانم کردووە، ئەوانەش کە دەڵێن بە هاوکاریی کەسانی نێو دەزگا ئەمنییەکان کاری کوشتن دەکەم، من دڵنیایان دەکەمەوە کە هیچ پەیوەندییەکی لەم شێوەیە لەنێوان ئێمە و بەرپرسانی دەزگای ئەمنیدا نییە".

**حیسام یاسین، قاچاخچیی کورد لە یۆنان:**

- باندی کوشتنم نییە و بکوژی دوو قاچاخچییەکەی هەولێریش نیم
- کوشتنی هەژار لە بەرامبەر کوشتنی ئامۆزایەکم بوو لە ئیستانبوڵ
- بە براکەمم گوت لە هەر شوێنێک هەژارت بینی دەستی لێ مەپارێزە

# بەو دەمانچەیە کوژرا کە بۆ پاراستنی خۆی کڕیبووی



**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– هەولێر**

حەسەن لە دووکانەکەی خۆی دانیشتبوو، وەکو ڕۆژانی دی، چەند هاوڕێیەکی هاتبوون بۆ لای، لەناکاو دەنگی تەقینی گوللەیەک لە دووکانەکە بەرز دەبێتەوە. دایکی کە گوێی لە دەنگی تەقە دەبێ دەچێتە دووکانەکە، دەبینێ کوڕەکەی لەسەر زەوی کەوتووە و سێ لە هاوڕێکانی لەوێ وەستاون و یەکێکیان دەمانچەیەکی بەدەستەوەیە.

حەسەن عەلی، تەمەن 18 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی کۆماریی قەزای خورماتوو، ڕۆژی 2019/2/1 لە نێو دووکانەکەی خۆیدا بە دەمانچەی خۆی کوژرا، پۆلیس سێ لە هاوڕێکانی دەستگیرکرد کە لە کاتی ڕووداوەکە لەوێ بوون.

عەمید حوسێن عەلی، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای دوزخورماتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە کاتی ڕووداوەکەدا سێ کەس لە دووکانەکە بوون و هەرسێکیان دەستگیرکراون، یەکێکیان گوللەیەکی دەمانچەی لە حەسەن داوە".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکە، عەمید حوسێن گوتی: "هێشتا ڕووداوەکە ڕوون نییە چۆن ڕوویداوە. گەنجەکان لە ئیفادەکانیان دەڵێن، یەکێکیان سەیری دەمانچەکەی کردووە و دەستکاری کردووە، گوللەیەک دەرچووە و بەر دووکاندارەکە کەوتووە، بەڵام ئێمە لێکۆڵینەوەی خۆمان دەکەین، دواتر ڕوون دەبێتەوە ڕووداوەکە چۆن بووە".

باوکی حەسەن لە کاتی ڕووداوەکە لە ماڵ نەبووە و سەردانی هاوڕێیەکی خۆی کردبوو، بە کوڕەکەی گوتبوو کە ئاگای لە دووکانەکە بێ، عەبدوڵڵا دوای تەواوبوونی پرسەی کوڕەکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "بە حەسەنم گوت بۆ نیوەڕۆ لە ماڵ نابم و ئاگاداری دوکانەکە بە. شەو دەگەڕێمەوە، پێیگوتم باشە تۆ بڕۆ و خەمی ئێمەت نەبێت".

عەبدوڵڵا دەڕوات و حەسەن لەگەڵ دایکی بەتەنیا لە ماڵەوە دەبێت، دوکانەکەی دەکاتەوە و لە پێش دەرگا دادەنیشێت تا نیوەڕۆ دایکی بانگی دەکات نانی نیوەڕۆ بەیەکەوە دەخۆن، دواتر دووبارە دەگەڕێتەوە دووکانەکەی. عەبدوڵڵا گوتی "کوڕەکەم وازی لە خوێندن هێنابوو، لە دووکانەکە دادەنیشت، بەڵام قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیگوتووە کێشەم هەیە".

کاژێر سێی دوای نیوەڕۆ سێ لە هاوڕێکانی سەردانی حەسەن دەکەن. کەمێک دواتر لەناو دووکانەکەیدا دەکوژرێ. باوکی حەسەن لە میوانی بووە کە پۆلیس پەیوەندییان پێوە کردووە و داوایان لێکردووە بگەڕێتەوە ماڵەوە. عەبدوڵڵا کە دەگاتەوە کۆڵانەکەیان، قەرەباڵغی لەبەردەم ماڵەکەی دەبینێ، ئەو سەرەتا وا دەزانێ ژنەکەی شتێکی بەسەرهاتووە.

عەبدوڵڵا گوتی: "بەیانی کە لە ماڵ دەرچووم هیچ کێشەیەکمان نەبوو. خەیاڵم بۆ ئەوە چوو کە دزیمان لێکرابێ، یان ژنەکەم شتێکی بەسەر هاتبێ. ئەوەی لە خەیاڵم نەبوو کوژرانی کوڕەکەم بوو."

عەبدوڵا گوتیشی: "چوومە ژوورەوە بینیم تەرمێک کەوتووە و دەموچاوی داپۆشراوە، ویستم سەیری بکەم، پۆلیسێک نەیهێشت و گوتی ئەوە کوڕەکەی تۆیە کوژراوە".

عەبدوڵڵا ڕەتیکردەوە کوڕەکەی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ هاوڕێکانیدا هەبووبێ و گوتی: "حەسەن زۆربەی کات لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی بوو، هیچ کێشەیەکی لەگەڵیان نەبوو. نازانم ئەو کارە چۆن ڕوویداوە، چۆن دەستیان چووە خوێنی حەسەن. ئایا بە ئەنقەست کوشتوویانە یان وەک خۆیان دەڵێن لە کاتی یاریکردن بە دەمانچەکە گوللەیان لەدەست دەرچووە".

هەروەها دەڵێت: "ئەو دەمانچەیەی کوڕەکەمی پێ کوژرا هی خۆی بوو، بۆ پاراستنی خۆی کڕیبووی، نەیزانی هەر بەو دەمانچەیە دەکوژرێ".

عەبدوڵڵا چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەکات بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی لەبارەی بکوژانی کوڕەکەی بە کەسوکاری تۆمەتبارەکان بڵێ کە ئایا لێیان خۆشدەبێ، یان داوای سزادانیان دەکات.

حەسەن لەلایەن هاوڕێیەکییەوە لەنێو دووکانەکەیدا کوژرا



# لامەرکەزی بە درووما‌نێکی خۆماڵی

## داڕشتنەوەی پەیکەری حکومەتی خۆجێیی و کاراکردنی ئەنجوومەنەکان

دلاوەر عەلائەددین
سەرۆکی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (مێری)

خەڵکی هەرێمی کوردستان چاویان لەوەیە کە بە سیستەمێکی مۆدێرن بناغەی حوکمڕانیی هەرێم دابمەزرێت، بەجۆرێک کە پرۆسەی حوکمڕانی لە ئاستی حکومەتی خۆجێیی کارا بێ، ئاسان بێ و بە کەمترین خەرجی باشترین کواڵیتی تێدا بەرجەستە بکرێ. بەڵام لە واقیعدا، پەیکەر و سیستەمی حکومەتی خۆجێیی هەرێمی کوردستان هی عێراقی کۆنە کە لە 27 ساڵدا گەشەیەکی نارێکی پێکراوە و لە دوا ئەنجامدا بووەتە سەرچاوەی کێشە و گرفتی ئاڵۆز. سەرباری کەموکورتیەکانیش، کەچی هێشتا سیستەمەکە بەردەوام کاری پێ دەکرێ. تەنانەت ئێستا وا پەلە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکرێ کە هەر خۆی یەکێکە لە گرێکوێرەکان. لەم وتارەدا، لەسەر بنەمای توێژینەوەیەکی تێروتەسەلی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (مێری)، پێشنیازی دواخستنی ئەو هەڵبژاردنە و داڕشتنەوەی پەیکەری حکومەتی خۆجێیی و هەموارکردنەوەی یاساکەی کراوە، بەو ئومێدەی کە پەرلەمانی کوردستان ئەو بابەتە بە زووترین کات بخاتە سەرووی ئەجێندا و ئەولەویاتەکانی.

### مەرکەزیەت لە نەهجی حوکمڕانی

لە هەرێمی کوردستان، هاووڵاتیان بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆتینی گەورە و بچووک مەجبور کراون ڕوو لە سەنتەری پارێزگاکان بکەن، جا هەر لە تۆمارکردنی ئوتومبیلێکەوە بگرە تا دەگاتە دەرکردنی پاسپۆرت و ڕەزامەندی وەرگرتن بۆ حەج و دامەزراندن و گواستنەوە و ناردنە دەرەوەی فەرمانبەران. ئەو ئاستە لەرادەبەدەرەی مەرکەزیەت لە نەهجی حوکمڕانی لەگەڵ خواست و ئامانجی خەڵکە پێشکەوتنخوازەکەی هەرێم ناگونجێ.

دیارە بەپێی یاسا و عورفی حوکمڕانی هەرێم، زۆربەی دەسەڵاتەکانی بڕیاردان لە وەزارەت و پۆستی وەزیرەکاندا چڕکراونەتەوە. پەیکەری وەزارەتەکان وەک هەرەمی بنکەفراوان باڵیان بەسەر هەرێمدا کێشاوە. شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بەپێی سیاسەتی وەزیرەکان بەردەوام لە هەڵبەزین و دابەزیندایە و بووەتە هۆی لاوازکردنی دامەزراوەکانی خوارتر. لوتکەی وەزارەتەکان لە ڕۆتینی بەڕێوەبردن و کاربەڕێکردندا نقوم کراون. ڕێچکەی ڕۆتینەکان لە سەرجەم وەزارەت و ئۆرگانەکانی حکومەت، بەتایبەتی لە ئاستی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان ناڕوون، تێکەڵاو، یاخود لێکدابڕاون و بوونەتە هۆی هەڵاوسانیان و گرانبەهاکردنی خزمەتەکان و بنکۆڵکردنی کواڵیتی. بەو پێیە، سیستەمی ئێستا ڕێگرە لەوەی کە حکومەتە خۆجێییەکان ببنە خاوەن بڕیار لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و وەبەرهێنان لە توانا ئابووری و مرۆییەکانیان بەپێی سروشتی جوگرافی و پێکهاتەی کۆمەڵگاکانیان.

### کێشەی یاسا و سیستەم

بۆ چارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێشانە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (3)ی 2009 ی دەرکرد. کۆمەڵێک دەسەڵاتی ڕێنمایی و چاودێریکردنی بۆ سێ ئەنجومەنی هەڵبژێردراو لە ئاستی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان دیاریکرد. یاساکەی هەرێم بە لاساییکردنەوە و کۆپیکردنی یاسا عێراقیەکەی ژمارە (21)ی ساڵی 2008 داڕێژرا، ئەم یاسایە بۆ ئەو پارێزگا عێراقیانە دەرکرا کە هێشتا نەکراونەتە هەرێم (اقلیم). مەبەست لە دەرکردنیشی ئەوەبوو ڕێ لە بەهەرێمبوونی پارێزگاکانی دیکە بگرن و زۆر لەو دەسەڵاتانەی کە بەپێی دەستوور درابوونە هەرێمی کوردستان بیاندەنە پارێزگاکانی باقی عێراق. کەواتە، یاسای ژمارە (21)ی عێراقی بۆ سیستەمی حوکمڕانی هەرێم نەدرابوو، پێویست نەبوو کتومت لاسایی بکرێتەوە.

خۆ ئەزموونیش سەلماندی کە یاساکەی هەرێم لە یەکەم ڕۆژەوە قابیلی جێبەجێکردن نەبوو. جارێ ئەنجومەنەکانی قەزا و ناحیەکان لە بنەڕەتەوە هەڵنەبژێردران. ئەنجومەنی پارێزگاکانیش لەبەر کێشەی کارگێڕی و دارایی و بگرە یاسایی زۆر نەیانتوانی ئامانجەکانیان بپێکن، یان ڕۆڵێکی ئەوتۆ لە پرۆسەی حوکمڕانیدا ببینن. بۆ نموونە مەودای دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا لە هەرێمدا بە ڕوونی دیاری نەکراون و لەگەڵ پەرلەمان و حکومەت بەریەک دەکەون. توانای ئەنجومەنەکان بۆ دەرکردنی ڕێکاری کار و ڕێنماییەکانیان و چاودێریکردنی جێبەجێکردن سنووردارە. ئەوانەش بێجگە لەوەی کە پەیوەندییەکانی نێوان پارێزگار لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا و کابینەی حکومەت ئاڵۆز و پڕ کێشەیە. لە نێو پەیکەری پارێزگاشدا کۆمەڵێک بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی لێکدابڕاو هەن کە کارەکانیان تەواوکەری یەکدین، بەڵام ڕێچکەی کارگێڕی و مەرجەعیەتی زۆربەیان ڕاستەوخۆ سەر بە وەزارەتەکانن. لە ئەنجامدا دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان بە سنوورداری ماوەتەوە، بۆیەش هاووڵاتیان بۆ زۆر لە کارەکانیان ڕاستەوخۆ ڕوو لە وەزارەتەکان دەکەن.

دیارە کە دەستکاری ڕووکەشیانەی پەیکەری سیستەم دەردی حوکمڕانی لە کوردستان تیمار ناکات، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم لە بنەڕەتەوە پێناسە بکرێتەوە و بە یاسا دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییەکان دابەش بکرێنەوە. گرنگە کە داڕشتنەوەی سیستەمی هەرێم بە درووما‌نێکی خۆماڵی بێ، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتی لۆکاڵی و بەبێ چاولێکەری باقی عێراق یان وڵاتانی دیکە. دیارە لە جیهانی دەرەکیدا مۆدێلی سەرکەوتوو زۆرن بۆ لاساییکردنەوە، بەڵام مەرج نییە بۆ هەرێم گونجاو بن، چونکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، مێژووی گەشەکردنی سیستەم، کولتووری بەڕێوەبردن، دینامیەت و هاوکێشە سیاسیەکان و ئەقلیەتی بیرکردنەوە و جۆری کێشەکانی هەرێم زۆر جیاوازن لە هی هەموو وڵاتێکی دیکەی نزیک و دوور.

### قەزا ببێتە بەردی بناغە

لە دواپین توێژینەوەی ئینستیتوتی مێری {1} پێشنیازی پەیکەرێکی ئەڵتەرناتیڤ وەک مۆدێلێکی خۆماڵی بۆ حکومەتی خۆجێیی کراوە و تێیدا هاتووە کە قەزا (شارۆچکە) بکرێتە یەکە بنەڕەتیەکەی ئیدارەی حکومڕانی لە هەرێمدا و سەرجەم کۆڵەگەکانی حکومەتی خۆجێیی لەسەر بونیاد بنرێت. ئەو پێناسە نوێیە لەسەر بنەمای ئەو پرینسیپەیە کە هاووڵاتیان لە قەزاکانیاندا سەرجەم کار و خزمەتگوزاریەکانیان بۆ ئەنجام بدرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ وەزارەت و پارێزگاکان. واتە، زۆربەی دەسەڵاتەکانی بڕیاردانی کارگێڕی و دارایی و ئەرکەکانی جێبەجێکردن بدرێتە قەزاکان و تەنیا ئەرکی هەماهەنگی و ڕابەرایەتی بدرێتە پارێزگار و سەرووتر.

دیارە کە ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیانە پێویستیان بە هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009 و ژمارە (159)ی ساڵی 1969 (قانون ادارە المحافظات) هەیە، کە ئەوانەش کاری قورس نین. دەکرێ لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا دەزگایەک بەناوی هەماهەنگی حکومەتی لۆکاڵی (الحکم المحلی) دابنرێ، کە لە کۆمەڵێک شارەزا پێکبێت بۆ

### یەک هەڵبژاردن و دوو ئەنجومەن

هاوئاهەنگکردنی یاساکان و جێبەجێکردنیان لە نێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییەکاندا و بۆ بەدواداچوونی کاروباری حکومەتە خۆجێییەکانیش لە ئاستی حکومەتی لوتکەوە.

دەکرێ لەمەودوا تەنیا یەک هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، ئەویش بۆ ئەنجومەنی قەزا بێ. لە سنووری هەر ناحیەیەک نوێنەرێک بۆ ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێردرێت و دواتر سەرۆک و جێگری سەرۆک دەستنیشان بکرێن. هەر ئەو دوو سەرکردەیەش کە پێشڕەوێتی ئەنجومەنی قەزا دەکەن، لە هەمان کاتدا ببنە ئەندام لە ئەنجومەنی پارێزگا. واتە ئەنجومەنی پارێزگا لە سەرکردەی ئەنجومەنەکانی قەزا پێکبێت.

بەو پێیە، لە یەک پرۆسەی هەڵبژاردندا دوو ئەنجومەنی بەهێز دێنە کایەوە کە هەریەکەیان نوێنەری سەرجەم ناحیە و قەزاکانی تێدا دەبێ. واتە پێویست بە هەڵبژاردنی دووەم بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و هی سێیەم بۆ ئەنجومەنی ناحیەکان ناکات. دەشکرێ ناوەندی قەزا گەورە و چڕەکان دابەشبکرێنە سەر دوو یان سێ ناحیە هەتا ژمارەی نوێنەرەکانیان لە ئەنجومەنی قەزا بەپێی ڕێژەی دانیشتووانیان بێ. بە هەمان شێوە، دەکرێ سەنتەری شارە گەورەکانی

پارێزگاکانیش دابەشبکرێنە سەر دوو یان سێ قەزا و هەریەکەیان ببێتە یەکەی ئیداری سەربەخۆ و خاوەنی ئەنجومەنێکی بەجیا. بەوە ژمارەی نوێنەرانی شارە گەورەکان لە ئەنجومەنی پارێزگادا بەپێی ڕێژە گونجاوەکەی دانیشتووان دەبێ.

بەو مۆدێلە، خەرجی مووچەی خەڵکانێکی زۆریش کەم دەکرێتەوە، چونکە لەجیاتی دامەزراندنی لەشکرێک لە هەڵبژێردراوان بە مووچەی پلە تایبەت، تەنیا سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی قەزاکان کاتی خۆیان بە تەواوی (فوولتایم) تەرخان دەکەن و ئەوانی دیکە بە نیوەی کات (پارتتایم) کار بۆ ئەنجومەن دەکەن.

### پێکهاتەی ئەنجومەن و دامەزراندنی قایمقام

دەکرێ سەرجەم ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی قەزا و پارێزگا هەڵبژێردراو بن، یان زۆرینەیان (دوو لەسەر سێ) هەڵبژێردراو بن و ئەوانی دیکە بریتی بن لە جێبەجێکاران. بۆ نموونە، لە ئەنجومەنی قەزادا، قایمقام و دوو بەڕێوەبەری ناحیە (بە شێوازی خولی لە نێوان بەڕێوەبەرەکاندا) ئەندام بن. لە ئەنجومەنی پارێزگاشدا، دەکرێ پارێزگار و دوو قایمقام و دوو بەڕێوەبەری ناحیە بە خولی ئەندام بن. ئەو جۆرە ئەندامێتیە بۆ پتەوکردنی پردی متمانە

و ئاڵوگۆڕی زانیاری و کەڵەکەبوونی ئەزموون زۆر گرنگە. هەڵبەتە، بژارەی دیکەش هەن و هەریەکەیان سوود و زیانی خۆیان هەیە و دەبێ بە وردی ڕەچاو بکرێن.

سەبارەت بە میکانیزمی دامەزراندنی پارێزگار، دەکرێ وەک هی ئێستا بمێنێ یان دەستکاری بکرێت، بەڵام دەبێ دامەزراندنی قایمقام گرنگی زیاتری پێ بدرێت. دەکرێ ئەویش لەنێو ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی ئەنجومەنی قەزادا دەستنیشان بکرێت، یان بەپێی سی ڤی و لە کێبڕکێیەکی کراوەدا بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی قەزا دابمەزرێندرێ. ئەوەی دواییان دەرفەت دەداتە ئەنجومەن کە ڕابەری لێهاتوو لە هەرکوێ بێ بۆ شارۆچکەکەی بێنێ و سوودی گەورەی لێ ببینێ. زۆر گرنگە کە دانان و لادانی قایمقام تەنیا لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی قەزادا بێ، بەجۆرێک پارێزگار تەنیا بۆی هەبێ داوا لە ئەنجومەنی قەزا بکات کە بەخشین یان سەندنەوەی متمانە بە قایمقام بخرێتە دەنگدانەوە. لە ناو ئەنجومەنیشدا بۆ سێیەکی ئەندامان هەبێ کە هەمان داوا بکەن.

### بەڕێوەبەرایەتیەکانی نێو حکومەتی خۆجێیی

دەکرێ بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاستی قەزاکان بەجۆرێک ڕێکبخرێنەوە کە بەش و هۆبەی هاوپیشە و هاوشێوەی لێکنزیک ئاوێتە بکات. گرنگە بەڕێوەبەرەکان دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی سەربەخۆیان هەبێ، بەڵام لە بواری پسپۆڕیە پیشەییەکانیانەوە پەیوەست بن بە پەیڕەوکردنی ستراتیژ و پلان و ڕێنمایی قەزا و پارێزگاکەیان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان. هاوکات پێویست ناکات ژمارەی بەڕێوەبەرایەتیەکان ئاوێنەی سەرجەم وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی لوتکە بن. بەڵکو لە ئاستی قەزادا کەمترین ژمارەی بەڕێوەبەرایەتی زۆرترین بەش و هۆبەی تایبەتمەند لەخۆ بگرن.

بۆ نموونە دەکرێ (بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی و دێهاتەکان) دابهێنرێت کە کۆمەڵێک بەش و هۆبە خزمەتگوزاریە پەیوەندیدارەکان لەژێر یەک چەتردا کۆبکاتەوە، لەوانە: پلانی نیشتەجێ و ئاوەدانکردنەوە، هۆبەی تۆمارکردنی خانووبەرە (تاپۆ)، ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، خاوێنکردنەوە و خاشاک لابردن، باخچەکان، ئاسەوار و کەلەپوور، ڕێگا و پردەکانی شار و دێهاتەکان و چاککردنیان، گواستنەوەی ناوشار (پاس و تاکسی)، پۆستە و گەیاندن، هێماکانی هاتوچۆ و پۆلیسی تەجاوز. بەوە کۆمەڵێ کێشەی پلاندانان و هەماهەنگی و بەفیڕۆدانی خەرجی کەمبکرێتەوە. چیتر شەقامەکان بۆ جاری سێیەم و چوارەم بە هۆی بێپلانی و لێکدابڕانی بەڕێوەبەرایەتیەکانەوە هەڵنەکەندرێنەوە. بەو پێیە، پەیکەری شارەوانی قەزاکان لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە سەربەخۆ دەبێ و لەژێر چاودێری قایمقام و ئەنجومەنی قەزادا دەبێت. بۆیە دەکرێت ئەنجومەنی شارەوانی و سەرۆکایەتی شارەوانی شارەگەورەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان لە بنەڕەتەوە هەڵبوەشێندرێنەوە و فەرمانبەرەکانیان بەسەر قەزا و ناحیەکاندا دابەشبکرێنەوە.

بە هەمان شێوە، دەکرێ بەڕێوەبەرایەتیەک بۆ )کاروبارە مرۆڤایەتیەکان ( دابنرێ بۆ کۆکردنەوەی چالاکیەکانی چەندین بەش و هۆبە لە بواری ڕۆشنبیری، لاوان، کاروبارە ئاینیەکان و ئەوقاف، کاروباری کۆمەڵایەتی، شەهیدان و ئەنفالکراوان، خانمان، چاودێری تایبەت، چاودێری کەمئەندامان، دەستەبەرکردنی کرێکاران، ڕاگەیاندن و چاپکردن.

دیارە ئێستا کەموکوڕی لە ژمارە و ئەزموونی ڕابەرایەتی لە ئاستی لۆکاڵیدا بەدی دەکرێ، بەڵام دەکرێ لە ئێستاوە بەرنامە بۆ بەرزکردنەوەی تواناکان و پەروەردەکردنی ڕابەران ئامادە بکرێ. هاوکات پێویستە مەرج بۆ خۆ کاندیدکردن بۆ سەرجەم پۆستە هەڵبژێردراو و دامەزراوەکان دابنرێ، هەروەها ڕێبەری کارکردنی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە و بەڕێوەبەرەکان بە وردەکاریەوە داڕێژرێت.

### داڕشتنەوەی پەیکەری پارێزگاکان

لە نێو پەیکەری پارێزگاشدا دەکرێ ژمارەیەکی کەم بەڕێوەبەرایەتی هەبن کە ئاوێنەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی قەزاکان بن و تەنیا ڕۆڵی هەماهەنگی و چاودێری ببینن. بەو پێیە ڕۆڵی پارێزگار و بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاستی پارێزگا سنووردار دەکرێ لە: کارە ستراتیژیە لوتکەیی و ڕابەرێتیەکانی وەک داڕشتنی سیاسەت و پلان و ستراتیژی سەرتاسەریی ئاستی پارێزگا بۆ سێکتەرەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری؛ بەرپرسیارێتی ئەمنی و فریاکەوتن لە ئاستی پارێزگا؛ هەماهەنگی لە نێوان وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکانی خوارتر؛ لۆبیکردن لە ئاستی ناوەکی و دەرەکی بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی زیاتر؛ دڵنیابوون لە کواڵیتی و کارایی کاری بەڕێوەبەرایەتیەکان لە ڕێگەی کاراکردنی میکانیزمەکانی چاودێری ناوەکی و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوە.

### دەستکەوتەکان

بەپێی ئەو ڕێکخستنەوەیە پێشنیازکراوە، کۆمەڵێک دەستکەوت لە یەک کاتدا بۆ هەرێم دێتە کایەوە. لەوانە: کەمکردنەوەی ڕۆتین و داهێنانی پرۆسەی یەک پەنجەرە؛ گێڕانەوەی هەیبەت بۆ قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە و تەواوی حکومەت؛ دروستکردنەوەی متمانەی نێوان حکومەت و هاووڵاتی؛ کەمکردنەوەی گەندەڵی لە ڕێگەی دابەزاندنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتیەکان و کاراکردنی سیستەمی چاودێریی؛ چارەسەکردنی کێشەی هەڵاوسانی لوتکە و دابەشکردنەوەی فەرمانبەرانی وەزارەتەکان؛ ئاودانکردنەوەی قەزا و دێهاتەکان بە هۆی باشتر کردنی کواڵیتی ژیان.

{1} لە کتێبی: نیشتیمانسازی: نەخشەڕێگایەک بۆ سەروەرکردنی یاسا و بەدامەزراوەییکردنی هەرێمی کوردستان (ساڵی 2018 بڵاوکراوەتەوە)

## ئەنجوومەنی پارێزگا: هەڵقوڵاوی ئەنجوومەنی قەزاکان




## پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی حکومەتی خۆجێیی





# ئازارشکێنەکان دەرمانن؟.. یان چەرەس

عیسا محەممەد عیسا*

دەرمانە ئازارشکێنەکان هێندە بە بەربڵاوی بەکاردێن کە خەریکە دەبنە مەترسییەکی گەورە لەسەر تەندروستیی مرۆڤ. لە کوردستان مەترسییەکە زیاترە، هەندێک لە پزیشکانی دەرمانسازی دەڵێن ئێستا دەرمانە ئازارشکێنەکان وەک چەرەس بەکاردەهێنرێن، ئەمەش مەترسییەکەی هێندە بەرزکردووەتەوە کە کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان لە هەرێمی کوردستان هۆشداری دەدات و داوای دانانی سنوور دەکات بۆ بەکارهێنانی ئازارشکێنەکان.

**چەند زانیارییەک کە پێویستە هەموو هاووڵاتیان لەسەر دەرمانە ئازارشکێنەکان بیزانن:**

## جۆرەکانی ئازار شکێنەکان

1- نارۆکتیکەکان، وەک: مۆرفین، ترامادۆڵ، کۆداین، پێسیدین:

- دەبێت تەنیا بە ڕەچەتەی پزیشک بدرێن و لەژێر چاودێریی پزیشک لەکاتی ئازاری زۆر توند وەربگیرێن.
- لەسەر مێشک و دەمار کاردەکەن و دەبنە هۆی ئاڵوودەبوون.
- ماددەی سڕکەرن.
- بەشێوەی دەرزی، شروب و حەب هەن.
- دەبنە هۆی ئاڵوودەبوون، ئاوسانی سک و ریخۆڵەکان. تەنگەنەفەسی و مردن.

2- نانارۆکتیکەکان، وەک : پاراسیتامۆڵ، ئەسپرین، ئیبۆپرۆفین، میلۆگزیکام، سیلیکۆکسیب، ناپرۆگزین.

نانارۆکتیکەکان بەکاردەهێنرێن بۆ:

- ئازاری سووک، مامناوەند و هەندێکجار قورس.
- هەوکردنی ئێسک و جومگەکان.
- ڕۆماتیزم.
- نەخۆشیی گاووت (دەردەشا)

## ژەم و شێوەی دەرمانسازی ئازارشکێنە نانارکۆتیکەکان:

- حەب
- حەبی فەوار
- کەپسول
- شروب
- دەرزی
- شاف
- تۆز بۆ گرتنەوە
- لەزگە
- قەترەی چاو
- جێڵ

## ئاگادارکردنەوەکان بۆ ئازار شکێنە نانارۆکتیکەکان:

**ا – مەترسی لەسەر کۆئەندامی سووڕی خوێن و دڵ:**

- گروپەکانی دەرمانی دژەهەوکردنی ناستیرۆیدی وەک (پۆنستان، سیلیکۆکسیب، ئەسپرین و ڤۆلتارین) ڕەنگە مەترسی ڕوودانی گیرانی لوولەکانی خوێن دروستبکەن و ببنە هۆی جەڵتەی دڵ و مێشک.
- مەترسییەکە زیاتر دەبێت ئەگەر دەرمانەکە بۆ ماوەیەکی درێژ بەکاربهێنرێت.
- مەترسییەکە زیاتر دەبێت ئەگەر ئەو نەخۆشانە نەخۆشیی دڵ و گیرانی لوولەکانی خوێنیان هەبێت.
- ئەو دەرمانانە بەهیچ جۆرێک نابێت بدرێن بۆ ئازاری نەشتەرگەری خوێنبەری تاجی (CABG) چونکە مەترسی ڕوودانی- جەڵتەی دڵ و مێشکی هەیە.

**ب _ مەترسی لەسەر کۆئەندامی هەرس و گەدە:**

- گروپەکانی دەرمانی دژە هەوکردنی ناستیرۆیدی وەک (پۆنستان، سیلیکۆکسیب، ئەسپرین، ڤۆلتارین و مۆبیک) مەترسی ڕوودانی خوێنبەربوون، برین، کونکردنی گەدە و دوازدەگرێ دروستدەکەن.
- ڕوودانی مەترسییەکە ڕەنگە لە هەر کاتێکی بەکارهێنانـدا ڕووبدات تەنانەت هەندێکجار بەبێ بوونی هیچ نیشانەیەکیش.
- بەتەمەنەکان هەستیارترن بۆ ڕوودانی ئەو مەترسییە.

## خۆبەدوورگرتن لە بەکارهێنان:

لەم حاڵەتانە نابێت ئەو جۆرانەی دەرمان بەکاربهێنرێن

- هەستیاری بە دەرمانەکە یان دەرمانی ئەسپرین.
- هەوکردن، برینی گەدە، برینی دوازدەگرێ و نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەرس.
- هەوکردن و برینی کۆڵۆن.
- پەڵەی پێست.
- نابێت دەرمانەکە پێش و پاش نەشتەرگەری خوێنبەری تاجی بدرێت (CABG).

## بەئاگادارییەوە بەکارهێنان:

- مەترسی خوێنبەربوون و برینی گەدە لەو نەخۆشانەدا ڕوودەدات کە بەتەمەنن یان لاواز و کەمخۆراکن، بۆیە دەبێت بە وریاییەوە بەکاربێت بە ژەمێکی کەمتر.
- دەبێت لە هەندێک نەخۆشی بە ئاگادارییەوە بەکاربهێنرێت، چونکە ڕەنگە خراپتریان بکات، لەوانە:

نەخۆشییەکانی دڵ، بەرزەپەستانی خوێن، کەمیی خوێن، نەخۆشیی ڕەبۆ، نەخۆشییەکانی جگەر، نەخۆشیی گورچیلەکان.

- بەرزەپەستانی خوێن و نەخۆشییەکانی دڵ بە تایبەت ئەگەر کۆنترۆڵکراو نەبن.
- ئەو نەخۆشانەی هەوکردنی لوولەی خوێنیان هەیە.
- نابێت لەگەڵ دەرمانی خوێن شلکردنەوە بدرێت.

## کاریگەری لاوەکی:

- دروستبوونی ئازاری بەشی سەرەوەی سک.
- دروستبوونی برینی گەدە .
- ڕشانەوە و هڵێنجدان
- سکچوون
- قەبزی
- سەرئێشە
- گێژبوون
- هەستیاری و سووربوونەوە و پەڵەی پێست

## ڕێنمایی دەرمانساز بۆ نەخۆش:

- پێویستە بەگوێرەی ڕێنماییەکانی پزیشک و دەرمانساز دەرمانەکەت بەکاربهێنیت ڕۆژانە و لە کاتی خۆیدا.
- پێویستە دەرمانەکەت لەگەڵ نان یان شیر یان دەرمانی دژە ترشەڵۆکی گەدە بخۆیت، لەگەڵ بڕێکی باش ئاو، دوای خواردنی دەرمانەکە تا 30 خولەک پاڵمەکەوە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر گەدە کەم ببێتەوە.
- نابێت لە خۆتەوە ژەمی دەرمانەکەت زیاد بکەی، ئەگەر دەرمانەکە سوودی نەبوو، سەردانی پزیشکەکەت بکە.
- بۆ بەکارهێنانی شاف و جێڵ دەبێت دەستەکانت خاوێن بن، نابێت شاف و جێڵ لە شوێنی گەرم هەڵبگری.
- شروب بۆ منداڵان گونجاوترە.
- بەکارهێنانی دەرمانەکە بۆ ئازار ئەوکاتە باشتر کاریگەری دەبێت کە ئازارەکە تازە دەرکەوتووە ، ئەگەر ئازارەکە خراپتربوو، چارەسەرت نەکرد ڕەنگە دواتر کۆنترۆڵ نەبێت.
- بەکارهێنانی دەرمانەکە بۆ هەوکردنی جومگەکان، ڕۆماتیزم و گاوت چەند هەفتەیەکی دەوێت تاوەکو بە تەواوی سوودیان دەبێت، بۆیە لە چارەسەرەکە بەردەوام بە، بەڵام ئەگەر دەرمانەکە هەر کاریگەری نەبوو لەو ماوەیەی پزیشک بۆی دیاری کردی، دەرمانەکە رابگرە و سەردانی پزیشکەکەت بکەوە، نابێت نەخۆشییەکەت فەرامۆش بکەی.
- چارەسەرکردنی ڕۆماتیزم و هەوکردنی ئێسقانەکان تەنیا بە دەرمان نابێت، دەبێت کێشت دابەزێنی و پارێز لە سەرما و جووڵەی زیادە بکەی، دەبێت پابەندی ڕێنماییەکانی پزیشکی تایبەتمەند بیت.
- لەکاتی بەکارهێنانی دەرمانەکە بە درێژخایەنی پێویستە دەرمانەکەت مانگانە بکڕیتەوە و نابێت دەرمانەکەت ببڕێت.
- پێویستە چاودێری فرمانی گورچیلەکانت و جگەرت بکەی لەڕێی پشکنینی تاقیگەوە، لە حاڵەتی بەکارهێنانی دەرمانەکە بە درێژخایەنی مانگانە جارێک شیکارییەکان بکە.
- دەرمانەکان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشین، هەموو دەرمانێک بگرە خۆراکیش ئەگەر بە ڕێگەی دروست و بە گوێرەی ڕێنمایی پزیشکی بەکارنەیەت کاریگەری لاوەکی دەبێت، کاریگەری لاوەکی ئەگەر مەترسیدار نەبوون، پێویستە بەرگەیان بگریت بۆ ئەوەی لە نەخۆشییەکەت چاک ببیتەوە، نابێت بەبێ پرسی پزیشک و دەرمانساز دەرمانەکەت رابگریت.
- لە حاڵەتی دەرکەوتنی کاریگەری لاوەکی نامەترسیدار دەبێت بەردەوام بیت لەسەر وەرگرتنی چارەسەرەکە، چونکە دەرمانەکان سوودیان زیاترە، زیانەکانیان کاریگەری لاوەکین.
- پێویستە سەردانی نزیکترین بنکەی تەندروستی یان نەخۆشخانە یان پزیشکەکەت بکەی لە کاتی دەرکەوتنی هەر نیشانەیەکی هەستیاری وەک سووربوونەوە و خوران.
- لە کاتی دەرکەوتنی هەر کاریگەرییەکی لاوەکی پێویستە سەردانی دەرمانساز یان پزیشکەکەت بکەی.
- ئەگەر دەرمانەکە بووە هۆی ئازاری سک و گەددە، رابیگرە و سەردانی پزیشک بکەوە.
- پێویستە چاودێری ڕێژەی خوێنت بکەی لەڕێگەی تاقیگەی پزیشکییەوە، چونکە دەرمانەکە دەبێتە هۆی بەربوونی خوێن لە گەدە و دوازدەگرێ.
- پێویستە لەکاتی بەکارهێنانی دەرمانەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن چاودێری ڕەنگی پاشەڕۆکەت بکەی، لە حاڵەتی قاوەییبوون یان سووربوونی ڕەنگی پیسایی، سەردانی پزیشکی خۆت بکە.
- دەرمانەکەت لە شوێنێک هەڵبگرە دووربێت لە گەرما، تیشکی خۆر و دەستی منداڵ.

ئەم زانیارییانە زانستین، بەڵام ساکار داڕێژراونەتەوە، لای خۆت هەڵیانبگرە ڕەنگە لە داهاتوودا پێویستت پێیان بێت.

* پزیشکی دەرمانساز

# خووە نادروستەکانی بەر لەخەوتن

ڕووداو- هەولێر

زۆربەی توێژینەوە زانستییەکان زیانەکانی درەنگخەوتن و کەمخەوییان پشتڕاست کردووەتەوە، لەوانە خەمۆکی، قەڵەوی، شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ. بەڵام هەندێک هۆکار و خووی نادروستیش هەن کە خەومان خراپ دەکەن، لەوانە:

## 1 بەکارهێنانی مۆبایل بەر لە خەوتن:

د.جۆسێف چاندلێر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە دەروونڕوستی، سەبارەت بە زیانەکانی بەکارهێنانی مۆبایل بەر لە خەوتن ڕوونیدەکاتەوە، مۆبایل بە میکانیزمی جیاواز دەبێتە هۆی تێکچوونی خەو، یەکێک لەوانە دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، ئەمەش ڕاستەوخۆ هۆکارە بۆ دروستبوونی گوشاری دەروونی، هەروەها ئەو ڕووناکییەی لە مۆبایلەوە دەردەچێت ناهێڵێت هۆرمۆنی میلاتۆنین دەربدرێت کە یارمەتی خەوتن و پشوو دەدات.

پرۆفیسۆرە یاریدەدەرەکەی دەروونڕوستی ڕێنماییمان دەکات کە کاژێرێک بەر لەخەوتن مۆبایل بەکارنەهێنین، تەنانەت لەکاتی خەوتنیش دەبێت مۆبایلەکە لە مەودایەکی دوور لە کەسەکە دابنرێت.

## 2 ناڕێکیی کاتی خەوتن:

د.ئاپراجیتا ڤێرما، پزیشکێکی پسپۆڕی مێشک و دەمار لە نەخۆشخانەی هیوستن لە تێکساس دەڵێت کاتەکانی خەوتنی ناڕێک هۆکارن بۆ تێکدانی کاتژمێری بایۆلۆژیی جەستە، بەمەش کەسەکە خەوی تێکدەچێت. ئەو ڕێنمایی دەدات کە هەموو شەوێک لە کاتێکی دیاریکراودا بخەوین.

## 3 جگەرەکێشان

د.براندۆن پیتەر، پسپۆڕی دەروونی لە سکوڵی پزیشکی تێکساس دەڵێت نیکۆتینی نێو جگەرە وەک ماددەیەکی وروژێنەر کاردەکات و خەو تێکدەدات، بۆیە جگەرەکێشەکان کاتێکی زیاتریان دەوێت تاوەکو دەخەون، ئەمە جگە لەوەی جگەرەکێشان دەبێتە هۆی هەناسەتەنگی و پرخە لەکاتی خەوتن. پزیشکە پسپۆڕەکەی دەروونی دەڵێت دەبێت 4-5 کاژێر بەر لە خەوتن جگەرە نەکێشرێ.

## 4 وەرزشی بەر لە خەوتن

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕێنمایی دەداتە هاووڵاتیان ڕۆژانەی لانیکەم 30 خولەک وەرزش بکرێت، بەڵام پزیشکان دەڵێن نابێت بەر لە خەوتن هیچ جۆرە وەرزشێک بکرێت.

سەبارەت بە هۆکارەکانی تێکچوونی خەو بەهۆی وەرزشکردنەوە، د.ستیوارت کوان، پزیشکی پسپۆڕی دەروونی ڕوونیدەکاتەوە کە وەرزشکردن بەر لە خەوتن دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پلەی گەرمیی جەستە، لێدانەکانی دڵ و پەستانی خوێن کە ئەمەش وات لێدەکات نەتوانی بە ئاسانی بخەوی.

## 5 خواردنەوەی قاوە و چا:

پسپۆڕێکی دەروونی لە بەریتانیا دەڵێت کافاینی نێو قاوە و چا وەک ماددەیەکی وروژێنەر کاردەکات. دەبێت لە پاشنیوەڕۆ بەدواوە هیچ کوپێکی قاوە نەخۆینەوە، چونکە کافاینی نێو قاوە شەش کاژێر زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی لە سووڕی خوێن دەربچێت و کاریگەری نەمێنێ.

## 6 خواردنی ژەمی قورس لە ئێوارە

د.کارڵ هانت، پسپۆڕی خۆراک لە سەنتەری نیشتیمانی توێژینەوە لە خەو لە ئەمریکا رایدەگەیێنێت کە خواردنی ژەمی قورس و کواڵیتی خراپ دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ترشەڵۆکی گەدە، ئەمەش وادەکات کەسەکە هەست بە نائاسوودەیی بکات و دواتر تێکچوونی خەوی لێدەکەوێتەوە.



# ئەو خۆراکانەی پێست لە وشکبوون دەپارێزن

ڕووداو- هەولێر

لە وەرزی هاویندا پێست زیاتر وشک دەبێتەوە، ئەمەش هۆکاری جۆربەجۆری هەیە، یەکێکیان دابەزینی ئاستی شێیە کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئاو بەشێوەی هەڵم لە پێست دەربچێت و ئەوەش وشکبوونەوەی پێستی لێدەکەوێتەوە.

د.کارینا وۆڵف پسپۆڕی خۆراک لە زانکۆی نیویۆرک ڕێنمایی دەداتە هاووڵاتیان بۆ ڕێگەگرتن لە وشکبوونەوەی پێستیان ئەو خۆراکانە بخۆن:



## ماسی:

بەهۆی دەوڵەمەندییەکەی بە ئۆمێگا سێ، پێست بە شێداری دەهێڵێتەوە و چینەکانی پێست بەهێز دەکات، خواردنی هەفتانە دووجار ماسی ڕێگە لە وشکبوونی پێست دەگرێت.



## زەیتی زەیتوون:

بە ڕەگەزە خۆراکییە گرنگەکان، لەوانەش ڤیتامین E و ئۆمێگا سێ دەوڵەمەندە و کاریگەریی دژەبەکتریایی هەیە، دەتوانرێت ڕاستەوخۆ وەک ماسک بۆ پێست بەکاربهێنرێت، ئەمەش چونکە پێست لە تیشکە زیانبەخشەکان دەپارێزێت و ڕێگە لە وشکبوون و پیربوونی دەگرێت، دەتوانرێت بۆ لابردنی ماکیاژیش لە خانماندا بەکاربهێنرێت.



## چەرەس:

ڕۆژانە خواردنی مشتێک لە چەرەس بەتایبەت بادەم، فستق و گوێز کە بە ڕێژەیەکی باش بە ڤیتامین E دەوڵەمەندن، سوودی زۆری هەیە، ئەم ڤیتامینە پێست لە تیشکی سەروبنەوشەیی دەپارێزێت و پێست بە شێداری و نەرمی دەهێڵێتەوە.



## خەیار:

بەرێژەیەکی باش ئاو، ڤیتامین C و ڤیتامین A تێدایە، جیرِی پێست دەهێڵێتەوە، ڕێگری دەکات لە وشکبوون و پیربوونی پێست.

## ئاڤۆکادۆ:

بە دژەئۆکسێنەکان، چەورییە سوودبەخشەکان و ڤیتامین E دەوڵەمەندە، جگە لەوەی پێست بە شێداری دەهێڵێتەوە، ڕێگە لە چرچ و لۆچی پێست دەگرێت و میکانیزمەکانی هەوکردنیش کەمدەکاتەوە. دەتوانرێت ئاڤۆکادۆ لەنێو زەڵاتە و خۆراکەکانی دیکە بخورێت یان بەشێوەی ماسک ڕاستەوخۆ بۆ پێست بەکاربهێنرێت.



## هەنار:

هەنار بە پۆڵیفینۆڵەکان دەوڵەمەندە کە دژەئۆکسێنن، سووڕی خوێن چالاک دەکەن و میکانیزمی هەوکردن کەمدەکەنەوە، ڕۆژانە خواردنی هەنارێکی مامناوەند ڕێگە لە تێکچوونی کۆلاجینی پێست دەگرێت، پێست بە شێداری دەهێڵێتەوە، چرچ و لۆچی ناهێڵێت و ڕەشی ژێر چاویش کەمدەکاتەوە.



بن سەلمان سەردانی چین، پاکستان و هیندستان دەکات

# سعودیە لە رۆژئاوا بێئومێدە و روو دەکاتە ئاسیا

روودا- هەولێر

بڕیار بوو ئەم هەفتەیە محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعودیە سەردانی پێنج وڵاتی ئاسیایی بکات، هەرچەند بەشێک لە گەشتەکەی بۆ کاتێکی نادیار دواخراوە، بەڵام بەرپرسانی سعودی بە میدیای ئەمریکیيان راگەیاندووە کە سعودیە لە وڵاتانی رۆژئاوایی بێئومێد بووە، بۆیە وەکو ئەڵتەرناتیڤێک بیریان لە رۆژهەڵاتی ئاسیا کردووەتەوە.

راوێژکارانی باڵای بن سەلمان بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکیيان راگەیاندووە کە شازادەی جێنشین لە رەخنەی بەردەوامی رۆژئاواییەکان تووڕەیە، بۆیەش دەیەوێ پشتگیرییەکی دیپلۆماتیک لە زلهێزەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیاوە دەستبخات، بە تایبەتیش چین و هیندستان کە بە دوو لە گەورەترین ئابوورییەکانی جیهان لە قەڵەم دەدرێن.

لە یەک ساڵی رابردوودا سعودیە بەهۆی شەڕی یەمەن و کوژرانی جەمال خاشوقچی، رۆژنامەنووس و کۆنەبەرپرسی سعودی لە کۆنسوڵخانەی سعودیە لە ئیستانبوڵ، رووبەڕووی رەخنەی توندی ئەوروپییەکان و کۆنگرێسمانە ئەمریکییەکان بووەتەوە. بن سەلمان ئەو هەڵمەتەی رۆژئاوای وەکو هەوڵێک بۆ گۆشەگیرکردنی خۆی بینیوە، بۆیەش دەیەوێ "بادانەوەیەکی ستراتیژی" بکات لە پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی و جارێکی دیکە نفوزی وڵاتەکەی لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی پیشان بدات.

بڕیار وابوو محەممەد بن سەلمان، پاشای دیفاکتۆی سعودیە، سەردانی پاکستان، هیندستان، چین، مالیزیا و ئیندۆنیزیا بکات، بەڵام مالیزیا و ئیندۆنیزیا لە بەرنامەی گەشتەکەیدا نەماون و رۆژێکیش درەنگتر لە وادەی خۆی سەردانی پاکستان دەکات. دیار نییە گرژیی پەیوەندییەکانی پاکستان و هیندستان لە چەند رۆژی رابردوودا چەندە هۆکاری دواخستنی گەشتەکەی بن سەلمان بووە بۆ پاکستان.

پەیوەندییەکانی پاکستان و هیندستان لە چەند رۆژی رابردوودا گرژییەکی زۆری تێکەوت، دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو بە پاسێکی سوپای هیندستاندا لە کەشمیر تەقییەوە و کوژرانی 40 کەسی لێکەوتەوە. جەیشی محەممەد، کە بنکەی سەرەکییان لە پاکستانە، بەرپرسیارێتی تەقینەوەکەی گرتە ئەستۆ.

ئەلیزابێس دیکینسن، شارەزای کاروباری کەنداو لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەڵێت: "ئەمە گۆڕانکارییەکی راستەقینەیە، هەرچەند جارێ بناغەیەکی پتەو بۆ دەستپێکردنی لەئارادا نییە". چین و هیندستان بەشدارییەکی ئەوتۆیان لە گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبووە، ناوچەی کەنداویش بەشێوەیەکی نەریتی بە ناوچەی نفوزی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی دادەنرێ. بەڵام پەیوەندی لەگەڵ سعودیە دەتوانێ گەرەنتییەکی بەهێزی سەرچاوەی وزە بەو دوو وڵاتە بدات.

محەممەد بن سەلمان لە ئۆکتۆبەری ساڵی رابردووەوە بەهۆی کوژرانی خاشوقچی گوشارێکی زۆری وڵاتانی رۆژئاوایی لەسەرە. هەواڵگریی ئەمریکا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە رەنگە بن سەلمان فەرمانی کوشتنی خاشوقچی دابێ. ریاز ئەو هەڵسەنگاندنە رەتدەکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە لە کۆتایی ساڵی 2018 وە، کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکا لە هەوڵدان یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ شەڕی یەمەن بوەستێنن کە 10 هەزار کەسی تێدا کوژراوە و زیاتر لە 24 ملیۆن دانیشتووی ئەو وڵاتەی گەیاندووەتە سەر لێواری برسێتی. هێزی ئاسمانیی ئەمریکا بۆ دابینکردنی سووتەمەنی و پێدانی زانیاریی هەواڵگری یارمەتیی هێزەکانی هاوپەیمانێتیی عەرەبییان داوە کە سعودیە سەرکردایەتی دەکات.

بن سەلمان چاوەڕێی پێشوازییەکی گەرموگوڕە لە وڵاتانی ئاسیایی کە بەپێچەوانەی رۆژئاواییەکان دۆسیەی مافەکانی مرۆڤ بە بنەمایەکی پەیوەندییە دەرەکییەکانی خۆیان نازانن. بەگوێرەی راپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)، فۆکەسی گەشتەکەی بن سەلمان لەسەر بازرگانی و پەیوەندیی دیپلۆماسی دەبێ. بەدرێژایی چەند مانگی رابردوو وڵاتە زلهێزەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی ئاسیا هەڵوێستێکی توندیان بەرامبەر سعودیە نەنواندووە.

بڕیار وایە بن سەلمان بە جانتایەکی پڕەوە لە پاکستان دابەزێ. عیمران خان، سەرۆکوەزیرانی پاکستان لە مانگی ئەیلول سەردانی سعودیەی کرد، لە کاتی سەردانەکەش بەڵێنی وەبەرهێنانی گەورەی لە سعودییەکان وەرگرت. بڕیار وایە لە گەشتەکەی ئەمجارەیدا بن سەلمان 20 ملیار دۆلار بڕژێنێتە ناو ئابووریی پاکستانەوە.

لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا سعودیە و ئیمارات 30 ملیار دۆلار وەبەرهێنان و قەرزیان پێشکەش بە پاکستان کردووە، هەر ئەوەش وایکردووە ئەو وڵاتە ناچار نەبێ قەرز لە سندووقی نێودەوڵەتیی دراو وەربگرێ کە دواتر تووشی رێوشوێنی قورسی دەستپێوەگرتنی ئابووری دەکات. لە چەند ساڵی رابردوودا دەنگۆی ئەوە هەبووە کە پاکستان یەکێکە لەو وڵاتانەی سعودیە دەیەوێ بۆ دامەزراندنی بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکی سوودی لێوەربگرێ.

دیدارەکەی پاکستان مەلەفێکی ناوچەییش لە خۆدەگرێ، کاتێک بن سەلمان لەگەڵ سەرکردەکانی بزووتنەوەی تاڵیبان کۆدەبێتەوە. دوو بەرپرسی باڵای پاکستان بە (رۆیتەرز)یان راگەیاند "بن سەلمان لەگەڵ بەرپرسە ئەفغانییەکانی تاڵیبان کۆدەبێتەوە". بەرپرسانی تاڵیبان لەگەڵ حکومەتی ئەمریکادا دەستیان بە گفتوگۆی چڕوپڕ کردووە. چاوەڕێ دەکرێ لە چین، محەممەد بن سەلمان چاوی بە گەورە بەرپرسانی سیاسی و ئابووریی ئەو وڵاتەش بکەوێ. سعودیە گەورەترین فرۆشیاری نەوتە بە چین، لە کاتێکدا بەیجینگ دەتوانێ رۆڵی گەورەی لە جێبەجێکردنی روئیای 2030دا هەبێ، ئەگەر کۆمپانیا و بازرگانە رۆژئاواییەکان درێژە بەو دوورەپەرێزییەی ئێستایان بدەن.

رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناوچەی کەنداو بەشێکی سەرەکییە لە پرۆژەی زەبەلاحی "یەک رێگا، یەک کەمەربەند"ی چین، کە دەیەوێ بەهۆی ژێرخانێکی گەورەی رێگاوبانەوە رۆژهەڵاتی چین بە رۆژئاوای ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ئەفریقا و ناوچەی قەوقازەوە ببەستێتەوە.

لە کاتێکدا وڵاتانی رۆژئاوایی بە دوورەپەرێزییەوە مامەڵە لەگەڵ شانشین دەکەن، دەرفەتێکی نوێی پەیوەندی دیپلۆماسی و بازرگانی لە نێوان ریاز و بەیجینگدا کراوەتەوە.

هیندستان کە لەڕووی بەرهەمی ناپوختەی نێوخۆییەوە سێیەم ئابووریی جیهانە، وێستگەیەکی دیکەی گەشتەکەی ئەمجارەی بن سەلمانە. سعودیە ٪20ی نەوتی ئەو وڵاتە دابین دەکات، 2.7 ملیۆن کرێکار و فەرمانبەری هندیش لە شانشین کاردەکەن. سەرچاوەی ئاگادار بە رۆژنامەی (ئیندیا تایمز)ی راگەیاندووە کە هەردوو وڵات لە بوارەکانی وزە، ژێرخان و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو رێککەوتن واژۆ دەکەن، ئەنجومەنێکیش بەناوی ئەنجومەنی باڵای هاوئاهەنگی سعودی ـ هیندی دادەمەزرێنن.

کۆنفرانسی وەبەرهێنانی سعودیە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی رابردوو بەڕێوەچوو، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان، بازرگانان، وەبەرهێنەران کۆنفرانسەکەیان بایکۆت کرد. بەرپرسانی سعودی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن شازادەی جێنشین ئەو کات پەی بەوە بردبوو دەبێ بەدوای ئەلتەرناتیڤدا بگەڕێ، کە رۆژهەڵاتی ئاسیا لە رووی تەکنەلۆژیا و سامانەوە باشترین بژاردەن بۆ ئەو ئامانجە.



راوێژکارانی باڵای بن سەلمان بە میدیای ئەمریکییان راگەیاندووە کە شازادەی جێنشین لە رەخنەی بەردەوامی رۆژئاواییەکان تووڕەیە

دەستبەرداری کورسییەکەی نابێ

# مادورۆ دەبێتە بەشار ئەسەدێکی دیکە؟!

روودا- هەولێر

سێ هەفتە لەمەوبەر زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی ڤەنزوێلا و وڵاتانی رۆژئاوا پێیانوابوو نیکۆلاس مادورۆ، سەرۆکی ڤەنزوێلا تەنیا چەند رۆژێکی دیکەی لە کۆشکی سەرۆکایەتی ماوە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا و ئەوروپا دانیان بە خوان گوایدۆ وەک سەرۆکی کاتیی ڤەنزوێلادا نابوو، گومانیش دەکرا سوپا چیدی پشتگیری لە حکومەت نەکات، بەڵام سوپا پشتیان لە سەرۆکی وڵات نەکرد و مادورۆش لە شوێنی خۆی مایەوە.

پلانی داهاتووی ئەمریکا و ئۆپۆزیسیۆن چی دەبێ؟.. بەگوێرەی زۆربەی راپۆرتەکان مادورۆ لەناو خەڵکی برسیی وڵاتەکەیدا لایەنگری زۆر کەمە، بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ درەنگ یان زوو راپەڕینێکی جەماوەری لەو وڵاتەدا بتەقێتەوە، بە تایبەتیش دوای ئەو سزایانەی ئەمریکا لەسەر کەرتی نەوتی ڤەنزوێلای دانان، بەڵام دواکەوتنی راپەڕینەکە دەرفەتی خۆکۆکردنەوە و مانۆڕی سیاسی بە حکومەتی مادورۆ دەدات، ئەگەری خوێناویبوونی سەرهەڵدانەکەش زیاتر دەکات.

مایکڵ شیفتەر، سەرۆکی ناوەندی (ئینتەر- ئەمێریکەن دیالۆگ) بە رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی راگەیاندووە "هەموو شتێک بەستراوەتەوە بەوەی کە ئەمە (واتە گۆڕینی رژێم لە ڤەنزوێلا) بە خێرایی روودەدات، بەڵام پلان Bی ئێمە چییە؟ چی دەکەین ئەگەر سزاکان شەش مانگ بەردەوام بوون (بێ ئەوەی رژێم بگۆڕێ)؟ ئەوە کاریگەریی وێرانکەری دەبێ".

لە چەند رۆژی رابردوودا، ئۆپۆزیسیۆنی ڤەنزوێلا هەوڵی گواستنەوەی هاریکاریی مرۆییان لە رێگەی کۆلۆمبیاوە بۆ ڤەنزوێلا داوە، بەڵام هەزاران سەربازی سوپای ڤەنزوێلا لەسەر سنوورەکانی نێوان هەردوو وڵات کۆبوونەتەوە، تاوەکو رێگە لە گواستنەوەی ئەو هاوکارییانە بگرن. ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە پێیانوایە مادورۆ دەزانێ ئەگەر ئەو هاریکارییانە دابەش بکرێن، ئەوە ئۆپۆزیسیۆن هاوشێوەی حکومەت دەبێ بە خاوەنی سیستەمێکی پشتیوانی دارایی، خۆراکی و دەرمانی، ئەمەش لە قازانجی مادورۆ نییە.

جێگیرکردنی هێزی سەربازی لەسەر سنووری نێوان کۆلۆمبیا و ڤەنزوێلا گواستنەوەی هاوکارییەکانی سڕ کردووە. ئۆپۆزیسیۆنیش دەزانێ هەر رۆژێک کە دەسەڵاتی مادورۆ درێژ دەبێتەوە، پێگە و متمانەی ئۆپۆزیسیۆن لەناو خەڵکدا لاوازتر دەبێ. کارلۆس ئاندرێس تابۆردا، رێکخەرێکی کارەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە شارۆچکەی ئورێنا لە نزیک سنووری کۆلۆمبیا، بە (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی راگەیاند "هەموو وڵات چاوەڕێی ئەوەن بزانن هەنگاوی دواتری گوایدۆ چی دەبێ. ئەوە دەتوانێ دیاری بکات ئەم بزووتنەوەیە بەو گەورەیییەی ئێستای دەمێنێتەوە یان نا".

چوارشەممەی رابردوو، گوایدۆ بە لایەنگرانی خۆی راگەیاند کە هەتا رۆژی 23ی شوبات کۆریدۆرێک بۆ هاریکارییە مرۆییەکان دەکاتەوە. ئەم بەڵێنە چاوەڕوانییەکان لەسەر هەردوو لایەنی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدار زیاتر دەکات. گوایدۆ چاوی لەوەیە لە چەند رۆژی داهاتوودا گوشاری جەماوەری لەسەر سوپا زیاتر بکات، بۆ ئەوەی سوپا دواجار ناچار بێ لە نێوان مادورۆ و ئۆپۆزیسیۆندا لایەنێک هەڵبژێرێ. ئێستا نیگەرانیی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە نەتوانن بەڵێنەکەی گوایدۆ بەرنەسەر.

داڤید سمیلد، شرۆڤەکاری ڤەنزوێلی، لە لێدوانێکدا بۆ (نیویۆرک تایمز) دەڵێ: "ئۆپۆزیسیۆن چاوەڕوانییەکی زۆری دروستکردووە، تاوەکو ئێستاش دیار نییە ئاخۆ هیچ پلانێکیان بۆ وەدیهێنانی چاوەڕوانییەکان هەیە یان نا". لە کاتێکدا نە ئۆپۆزیسیۆن و نە ئەمریکاش هیچ ناڵێن لەسەر ئەوەی ئەم هاوکارییانە چ کاریگەرییەک لەسەر ڤەنزوێلایەک دادەنێن کە نوقمی قەیرانە.

بەڵام تەنانەت ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بشتوانن لە چەند رۆژی داهاتوودا هاریکارییەکان ئاودیوی وڵاتەکەیان بکەن، دیار نییە چۆن ئەو هاوکارییانە دابەش دەکرێن، لە کاتێکدا ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان رایانگەیاندووە ناتوانن لە دابەشکردنی هاریکارییەکاندا بەشدار بن، چونکە ئەمجۆرە بەشدارییە زیان بە بنەمای بێلایەنی سیاسیی ئەو رێکخراوانە دەگەیەنێ. ئۆپۆزیسیۆن رایگەیاندووە 200 هەزار خۆبەخش ئامادەن دابەشکردنەکە بگرنە ئەستۆ، بەڵام چالاکڤانانی ڤەنزوێلا پێیانوایە دابەشکردنێکی کاریگەری ئەو هاریکارییانە ئاسان نییە.

هەفتەی پێشوو، دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند "پلانی بی، سی، دی، ئی، ئێف م هەیە بۆ ڤەنزوێلا" بەڵام رەتیکردەوە کە باسی بژارەی سەربازیی کردبێت. جۆن بۆڵتن، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی، پێشتر ئاماژەی بە ئەگەری بەکارهێنانی زەبری سەربازی لە دژی حکومەتی مادورۆ دابوو.

رۆژی پێنجشەممە ئێلیۆت ئینگڵ، سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، جەختی لەوە کردەوە کە "دەستتێوەردانی سەربازی بژارەی ئێمە نییە بۆ ڤەنزوێلا".. بە گوێرەی یاسای ئەمریکا، کۆنگرێس مافی دەبێ دەستتێوەردانی هێزی سەربازی لە دەرەوەی وڵات پەسند بکات، نەک سەرۆک.

ئینگڵ گوتیشی: "من گوشاری سەر ڤەنزوێلام پێ باشە، بەڵام کۆشکی سپی دەبێ بیر لەوەش بکاتەوە کە سزاکانی ئەمریکا چ کاریگەرییەکیان لەسەر خەڵکی ڤەنزوێلا دەبێ، ئەگەر مادورۆ لە هەفتەکانی داهاتوودا لەسەر کار لانەچوو".

لە کاتێکدا مادورۆ و هاوپەیمانەکانی دەیانەوێ کات بکوژن هەتا کارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن پووچەڵ دەبنەوە.

بەرپرسانی کۆشکی سپی جەخت لەوە دەکەنەوە کە تاکە بژارەی واقیعبینانەی ئەوان تاوەکو ئێستاش هەر ئەوەیە کە فەرماندەکانی سوپا قایل بکەن بەدەم داوای سەرۆکی وڵاتەکەیانەوە نەچن و بەرگری لە سیاسەتەکانی حکومەت نەکەن. حکومەتی ڤەنزوێلا لە چەند مانگی رابردوودا هەوڵی داوە دەمی فەرماندە سەربازییەکان و هێزە ئەمنییەکان شیرین بکات، بۆ ئەوەی بەدەم بانگەوازەکەی گوایدۆوە نەچن.

بەگوتەی چالاکڤانان و چاودێرانی دۆخی ئەمنیی ڤەنزوێلا، هەواڵگریی حکومەتی کوبا هاوکاری سەرەکیی حکومەتی کاراکاسە بۆ دۆزینەوەی سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن و فەرماندە سەربازییە هەڵگەڕاوەکان. رۆخۆ سان میگێل شرۆڤەکاری سوپای ڤەنزوێلا رایگەیاند "زیاتر لە 180 فەرماندە و بەرپرسی سەربازی لە گرتووخانەکانی سوپادان، سێ لەوانیش فەرماندەی بەتالیۆنن و لە مانگی ئاداری 2018 وە دەستبەسەرن".

کوبا یەکێک لەو وڵاتانە بووە کە نزیکەی شەش دەیە بەرگەی سزا و ئابلۆقەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گرتووە.

پەیمانگای پیتەرسن بۆ لێکۆڵینەوە ئابوورییەکان لە راپۆرتێکی 2009یدا سەبارەت بە کاریگەریی سزاکان لەسەر رووخاندنی رژێمەکان باسی ئەوە دەکات کە لە سەدەی بیستەمدا تەنیا 30%ی رژێمە دیکتاتۆرەکانی بە چۆکدا هێناوە، زۆربەی جارانیش پاش چاوەڕوانییەکی زۆر بووە.


مادۆرۆ دەمی فەرماندە سەربازییەکانی شیرین کردووە بۆ ئەوەی پشتگیری گایدۆ نەکەن

# کۆنفرانسی وارشۆ ناکۆکییەکانی ئەمریکا و ئەوروپای دەرخست

روودا- هەولێر

هەفتەی رابردوو کۆنفرانسی ئاشتی و سەقامگیری بە میوانداری ئەمریکا و پۆڵەندا لە وارشۆ بەڕێوەچوو کە تێیدا هەڵوێستی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەرامبەر ئێران تەوەری سەرەکی کۆنفرانسەکە بوو. بەڵام ناکۆکی ئەمریکا و ئەوروپییەکان لەسەر رێککەوتنە ئەتۆمییەکە رێگری سەرەکییە لەوەی ئەمریکا بتوانێ لە چوارچێوەی هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ سیاسەتێکی یەکانگیر بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێ.

رۆژی چوارشەممە و پێنجشەممەی رابردوو، دیپلۆمات و بەرپرسانی نزیکەی 60 وڵات لە وارشۆی پایتەختی پۆڵۆنیا بەشدارییان لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کرد. رووسیا بەشداری لە کۆنفرانسەکەدا نەکرد، فەرەنسا و ئەڵمانیا ئامادە نەبوون دیپلۆماتی پایەبەرزی خۆیان بنێرن، فێدریکا مۆگێرینی، بەرپرسی کاروباری دەرەوە و سیاسەتی ئەمنی یەکێتیی ئەوروپاش ئامادەی کۆنفرانسەکە نەبوو.

کۆنفرانسەکە سەرەتا بۆ ئەوە بوو هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا لەدژی ئێران دروستبکرێ. ئەو هەنگاوە ناڕەزایەتی ئەوروپییەکان و رووسیای لێکەوتەوە کە لە نۆ مانگی رابردوودا هەوڵیانداوە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران بپارێزن.

مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، لە گوتارێکدا بۆ ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە رەخنەی لەو میکانیزمە نوێیەی ئەوروپییەکان گرت کە بەردەوامی بە بازرگانیی نێوان ئێران و ئەوروپییەکان دەدات و بۆ بازرگانی و ئاڵوگۆڕی خۆراک و بەرهەمە دەرمانییەکان سوودی لێوەردەگیرێ. ئەوروپییەکان لەوەش دڵگران بوون کە ئەمریکا پۆڵەندای بۆ میوانداریی کۆنفرانسەکە هەڵبژاردووە، لە کاتێکدا حکومەتی وارشۆ بەهۆی دەستکاریکردنی دەستووری وڵاتەکە و پێشێلکردنی مافە مەدەنییەکان رەخنەی زۆری یەکێتیی ئەوروپای لەسەرە.

دیپلۆماتێکی ئەوروپی لە لێدوانێکدا بۆ (رۆیتەرز) ناوەرۆکی گوتارەکەی پێنسی رەتکردەوە و گوتی: "ئێمە تەواو ناکۆکین (لەگەڵ ئەو بۆچوونە)، چونکە ئێمە دەمانەوێ ئێران بەرەو ئەنجامی باش هان بدەین، نەک وای لێبکەین واز لە پابەندییە ئەتۆمییەکانی خۆی بهێنێ".

مۆگێرینی لە کاتی کۆبوونەوەی وەزیرانی بەرگریی ناتۆ پشتڕاستی کردەوە کە ئەمریکا و ئەوروپا روانگەی جیاوازیان لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران هەیە.

هەڵوێستی ئەوروپییەکان واشنتنی ناچار کرد لە چەند هەفتەی رابردوودا باس لەوە بکات کە ئەجێندای کۆنفرانسەکە تەنیا ئێران لەخۆناگرێ، بەڵکو سووریا، یەمەن، پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و دەسەڵاتی فەڵەستینی، تیرۆریزم، وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان و ئاسایشی سایبەری لە تەوەرەکانی دیکەی کۆنفرانسەکە دەبن. بەرپرسێکی ئەمریکی پێش دەستپێکردنی کۆنفرانسەکە بە دەزگاکانی میدیای راگەیاند "ئێران بابەتێکی تایبەتی ئەجێنداکە نییە، بەڵام وەزیری دەرەوەمان بێگومان باسی سیاسەتە تێکدەرانەکانی ئێران لە ناوچەکە دەکات".

ئەوروپییەکان لە چەند مانگی رابردوودا جەختیان لەوە کردووەتەوە کە لەبارەی بەرنامەی مووشەکیی ئێران و چالاکییەکانی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ ئەمریکا هاوڕان، بەڵام ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە دەرچوونی ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە رێگرە لەوەی بتوانن لە چوارچێوەی پلانێکی هاوبەشدا کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاران بکەن، جیا لەمە شێوازی مامەڵەی ئەوروپییەکان و ئەمریکاش لەگەڵ کێشەی ئێران جیاوازە.

ئێلی گرانمایە، لێکۆڵەر لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا دەڵێت: "سیاسەتی ئەمریکا داوای ماگزیمۆم دەکات، بۆیەش سیاسەتێکی گرژە، بەڵام ئەوروپییەکان دەیانەوێ رێگەی سیاسی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران بپارێزن".

بەرپرسانی ئێرانی پێیانوایە کۆنفرانسەکە هەڵمەتێکە لەدژی وڵاتەکەیان. محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، کۆنفرانسی وارشۆی بە "نمایشی سێرکی وارشۆ" ناوبرد و بە ماڵپەڕی هەواڵی پەرلەمانی ئێرانی راگەیاند "ئەو کۆنفرانسە پێش ئەوەی دەستپێبکات مەحکومە بە شکست". کاتی کۆنفرانسەکەش بایەخێکی سیمبۆلیکی هەبوو، لەکاتێکدا دوو رۆژ دوای چلەمین ساڵیادی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەڕێوەچوو.

سەید حوسێن موسەویان، دانوستانکاری پێشووی ئەتۆمیی ئێران و مامۆستا لە زانکۆی پرینستنی ئەمریکی، لە لێدوانێکدا بۆ (وۆڵ ستریت جورناڵ) گوتی "کۆنفرانسی وارشۆ هیچ نییە جگە لە هەڵمەتێکی دیپلۆماسی ئاشکرا لەدژی ئێران".

بەرپرسێکی ئاگادار لە پلانی کۆبوونەوەکە بە گۆڤاری (پۆلیتیکۆ)ی ئەمریکی راگەیاند: "بیرۆکەکە ئەوە بوو کۆنفرانسێک لەسەر ئاستی وەزیران رێکبخەین، بۆ ئەوەی ئێران لەڕووی دیپلۆماسییەوە گۆشەگیر بکەین، بەڵام دواجار ناچار بووین ناوەرۆکێکی فراوانتری پێبدەین و سووریا و یەمەنیش بهێنینە ناو باسەکەوە".

ئەوروپییەکان گازندەی ئەوە دەکەن کە ئەمریکا پێش ئاشکراکردنی بڕیاری کۆنفرانسەکە هیچ پرسێکی بە هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی خۆی نەکردووە.

یەکێک لە پرسە هەنووکەییەکانی واشنتن لە دۆسیەی سووریادا پەیوەندی بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا هەیە. لە دوو مانگی رابردوودا ئەمریکییەکان لە هەوڵدا بوون فەرەنسا و بەریتانیا رازی بکەن شەڕی پاشماوەی چەکدارانی داعش بگرنە ئەستۆ و هێزێکی سەربازیش بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا بنێرن.

رووسیا لە ساڵی 2015ەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە شەڕی سووریادا بەشدارە، لەو کاتەشەوە باڵانسی هێز لە قازانجی رژێمی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا، گۆڕاوە و مەلەفی سووریاش کەوتووەتە لای مۆسکۆ. بەڵام رووسیا یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە کۆنفرانسەکەی هەفتەی رابردووی بایکۆت کرد، بۆیەش دیار نییە دانوستاندنی کۆنفرانسی وارشۆ لەبارەی سووریا و ناوچە ئارامەکەی ئەمریکا بیری لێدەکاتەوە بێ بەشداری رووسیا، چ کاریگەرییەک لەسەر ئەرزی واقعی سووریا دادەنێ.

خاڵی سەرنجڕاکێش لە کۆنفرانسەکەدا کۆبوونەوەی بەرپرسانی باڵای ئیسرائیل و کاربەدەستانی وڵاتانی کەنداو بوو. ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە هەوڵ دایە ناکۆکیی و جیاوازییەکانی نێوان دەوڵەتی جوو و وڵاتانی عەرەبی کەمبکاتەوە، بۆ ئەوەی بەرەیەکی دژی ئێران پێکبهێنرێ، بەڵام کێشە دیپلۆماسی و سیاسییەکانی نێوان وڵاتانی کەنداو و ترسی ئەو وڵاتانە لە کاردانەوەی رای گشتی وڵاتەکەیان بەرامبەر پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل بەربەستی بەردەم ئەو ئامانجەی ئەمریکان، لە کاتێکدا ژمارەیەک لە وڵاتانی کەنداو پەیوەندییەکی نزیک یان ئاساییان لەگەڵ ئێراندا هەیە، کە پێناچێ بە ئاسانی دەستی لێهەڵگرن.

کەم کێشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە رەنگدانەوەی ململانێی ئێران لەگەڵ یەکێک یان چەند وڵاتێکی ناوچەکە نەبێ. بەڵام نە ئێران و نە هیچ گروپێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش بانگهێشتی کۆنفرانسەکە نەکرابوون، دیار نییە ئەمریکا چۆن بێ بەشداری ئێران ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەرقەرار دەکات و ئەگەرەکانی سەرکەوتنی ئەو ستراتیژە چەندە.



ئامانجی کۆنفرانسەکەی وارشۆ سەری نەگرت کە دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی بوو لە دژی ئێران



# ئەمریکا کێشەی هەسەدە و تورکیا بە رووسیا دەسپێرێ


دوای شەڕی باغۆز، هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هەسەدە گۆڕانکاری بەسەردا دێ

فەرماندەیەکی ئەمریکی:
دەبێ لە هاوکاریکردنی هەسەدە بەردەوام بین

روودا- هەولێر

جۆزێف ڤۆتێل، فەرماندەی ناوەندیی سوپای ئەمریکا داوای کرد کە وڵاتەکەی پاش کشانەوەی هێزەکانی، لە هاوکاری و پڕچەککردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات بەردەوام بێ، هەڵبەت ئەگەر ئەو هێزانە لە شەڕی دژی داعش بەردەوام بن. فەرماندەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەپێی بەرنامە دەچێتە پێش.

ڤۆتێل کە بە حوکمی پۆستەکەی چاودێری هێزەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دەکات، بە ئاژانسی (رۆیتەرز)ی راگەیاند "بە بڕوای من هەتا ئەو کاتەی ئەوان (هەسەدە) شەڕی دژی داعش بکەن و گوشار لەسەر ئەو گروپە دروستبکەن، لە بەرژەوەندی ئێمەیە کەرەستەی پێویستیان بدەینێ بۆ ئەوەی ئەو شەڕە بکەن".

لە دوو مانگی رابردووشدا ئەوە بەهێزترین ئاماژەیە کە فەرماندەکانی سوپای ئەمریکا دەیانەوێ درێژە بە هاوبەشییەکەیان لەگەڵ هەسەدە بدەن.

حاڵی حازر هێزەکانی سووریای دیموکرات بە هاوبەشی لەگەڵ هێزە هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان لە ناوچەی باغۆز هەوڵی رزگارکردنی دوایین ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی داعش لە رۆژهەڵاتی سووریا دەدەن. بەگوتەی بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا، هاووڵاتیانی مەدەنی و بۆمبی چێنراو پێشڕەوی هێزەکانیان خاو کردووەتەوە.

ڤۆتێل گوتیشی کە دوای تەواوبوونی ئەو ئۆپەراسیۆنە جۆری هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هەسەدە دەگۆڕێ، چونکە داعش لە قۆناغی داهاتوودا روو لە شەڕی گەریلایی دەکات. کۆشکی سپی ئامادە نەبووە هیچ روونکردنەوەیەک لەوبارەوە بدات، بەڵام جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەمریکا، سەرەڕای کشانەوەی لە سووریا، پابەندە بە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش.

ساڵی رابردوو، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بەرپرسانی پێنتاگۆن و فەرماندە سەربازییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی تووشی شۆک کرد کاتێک رایگەیاند کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا دەکێشێتەوە. سەرچاوە جیاجیاکانی پێنتاگۆن دەڵێن ترەمپ پێش دەرکردنی بڕیارەکە پرسی پێ نەکردوون. بۆیەش ڤۆتێل لە دیمانەیەکی رۆژی هەینی لەگەڵ کەناڵی (سی ئێن ئێن)ی ئەمریکی گوتی: "ئەگەر ئەوکات پرسی بە من کردبایە، من ئەو پێشنیازەم بۆ نەدەکرد کە هێزەکان لە سووریا بکشێنینەوە".

بڕیاری کشانەوەی هێزەکان لە سووریا چەند رۆژێک دوای گفتوگۆی تەلەفۆنی ترەمپ و هاوتا تورکییەکەی هات، ئەو کات کۆشکی سپی رایگەیاند تورکیا ئەرکی لەناوبردنی دوایین پاشماوەکانی داعش دەگرێتەئەستۆ. بەڵام فەرماندەکانی ئەمریکا گومانیان هەیە تورکیا بتوانێ ئەو کاریگەرییەی هەبێ کە هێزەکانی سووریای دیموکرات لە چوار ساڵی رابردوودا هەیانبووە، هەڵبەت ئەگەر بتوانێ هێز و کەرستەی سەربازی بۆ ئەو قووڵاییە لە خاکی سووریا بگوازێتەوە.

ڤۆتێل لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاوڕایە و دەڵێ: "من هاوڕام و پێموایە ناکرێ هێزێکی دیکە شوێنی ئەمریکییەکانیش بگرێتەوە، نە تورکیا و نە هیچ هێزێکی دیکە. بەڵام ئێمە نابێ هەموو شەڕەکەش بخەینە سەر شانی خۆمان، ئەو راستییەی کە ئەوان (واتە هەسەدە) خۆیانکردووە بە خاوەنی شەڕەکە و نوێنەرایەتی هۆزەکان دەکەن، بەڕای من ئەمە خاڵێکی گرنگە".

هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هەسەدە یەکێک لە خاڵەکانی ناکۆکی و گرژی نێوان ئەمریکا و تورکیا بووە. هەسەدە بە دەستپێشخەری و سەرکردایەتی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دامەزراوە کە لە روانگەی تورکیاوە باڵی سووریای پارتی کرێکارانی کوردستانە. لە دوو مانگی رابردوودا بەرپرسانی یەپەگە نیگەرانی خۆیان بە بەرپرسانی سەربازیی و سیاسی ئەمریکا راگەیاندووە کە ئەگەر ئەمریکییەکان بکشێنەوە ئەگەری هێرشی تورکیا و کوشتاری کورد هەیە.

نیگەرانی هێزەکانی هەسەدە وایکردووە ئەمریکا بەدوای دوای میکانیزمێکدا بگەڕێ هەم جێبەجێکردنەکەی کاتێکی کەمی بوێ و هەم گەرەنتی ئەوە بکات پێکدادانی نێوان هەسەدە و تورکیا روونەدات. ئارن ستاین، لێکۆڵەر لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی دەرەوە (FPRI)لە وتارێک لە ماڵپەڕی پەیمانگەکە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەمریکا کاتی ئەوەی بەدەستەوە نەماوە رێگەیەک بدۆزێتەوە بە هۆیەوە باڵانس لە نێوان خواستەکانی کورد و تورکیادا دروست ببێ، بۆیەش تاکە رێگە ئەوەیە رووسیا بهێنرێتە ناو مشتومڕەکانەوە.

بەرپرسانی سەربازی و دیپلۆماتە ئەمریکییەکان لە یەک مانگی رابردوودا لەگەڵ هاوتا ئەوروپییەکانیان لە گفتوگۆدا بوون بۆ ئەوەی هێزێکی ئەوروپی رەوانەی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا بکرێ، فۆکەسی ئەمریکا لەو هەوڵەیدا لەسەر هێزەکانی فەرەنسا و بەریتانیایە. ئەمریکییەکان بەڵێنیان بە ئەوروپییەکان داوە هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەمریکا لە نزیک سنووری عێراق و سووریا جێگیر دەبن و لە حاڵەتی لەناوکاودا بە هانای هێزە ئەوروپییەکەوە دێن، ئەمریکا ئەرکی چاودێریکردنی هەواڵگری و لۆجیستیک دەگرێتە ئەستۆ.

ئەوروپییەکان نیگەرانی چارەنووسی هەسەدەن لە دوای کشانەوەی ئەمریکییەکان. بەرپرسێکی باڵای ئەوروپی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، بە ئاژانسە بەریتانییەکەی راگەیاندووە ئەو بابەتە لە کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی بەرگری لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی مونشن هاتووەتەبەرباس. بەرپرسەکە دەڵێ "ژمارەیەکی زۆریان دەزانن هەسەدە هەتا چ ئاستێک شەڕە سەختەکەی خستووەتە سەر شانی خۆی، بۆیەش هەست بە ئیلتیزام دەکەن کە نابێ پشتیان تێبکرێ".

سەرەتای ئەم مانگە فەرماندەکانی ئەمریکا بە میدیای ئەمریکییان راگەیاند هێزەکانی وڵاتەکەیان تاوەکو کۆتایی مانگی نیسان بە تەواوەتی لە سووریا دەکشێنەوە. ڤۆتێل و ژمارەیەک فەرماندەی ئەمریکی لەسەر ئەوە کۆکن کە پێویستە ژمارەیەک لە هێزەکانیان لە سووریا بمێنێتەوە. ڤۆتێل لە دیمانەیەکی لەگەڵ (وۆڵ ستریت جورناڵ) رایگەیاند "گرنگە هاوبەشێکمان لەسەر ئەرزی واقیع هەبێ کە بتوانین پەیوەندیمان لەگەڵی هەبێ و لە هەندێک لە نیگەرانییەکانیشدا لەگەڵمان هاوبەش بن".

لە کۆتاییەکانی ساڵی رابردووەوە، حکومەتی تورکیا هەوڵی داوە لە کۆمەڵێک کاناڵی راستەوخۆوە پەیوەندی بە ترەمپەوە بکات، ستاین پێیوایە ناکۆکی و جیاوازیی بەرژەوەندییەکانی نێوان واشنتن و ئەنقەرە ئەوەندە زۆرە کە ئەم جۆرە گفتوگۆ بەردەوامەی نێوان سەرۆکەکانیش ناتوانێ پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ لێکتێگەیشتن دروست بکات، بۆیەش باشتر وایە ئەمریکا پلان بۆ قۆناغی پاش شکستە دپلۆماسییەکەی خۆی لە سووریا دابنێ، واتە ئەو سیناریۆیانە هەڵسەنگێنێ کە دوای کشانەوەی ئەمریکا بەرۆکی هەسەدە دەگرن.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئێران، ئەمریکا دێنێتە هەورامان

ململانێ و ناکۆکیی ئەمریکا و ئێران گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش قووڵتر و بەرفراوانتر دەبێت. هەرچەندە هێشتا بەدوور دەزانرێت ڕاستەوخۆ بچنە جەنگەوە، بەڵام هەردوولا هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆئەوەی لە ڕێگە و کەناڵی جۆراوجۆرەوە زیان بە یەکتر بگەیەنن.

ئەمریکا لەڕێی گوشارە نێودەوڵەتییەکانەوە وەک قۆناغی یەکەمی لاوازکردنی ڕۆڵی ئێران دەیەوێ ئەم وڵاتە بخاتەوە ناو چوارچێوەی جوگرافیاکەی خۆی، بۆ ئەم مەبەستەش لە هەریەک لە سووریا و یەمەن و لوبنان و عێراق ئەوەی داوەتە بەرچاو کە پاشەکشە بە ئێران بکات. بەشێکی زۆری گوشارەکانی ئەمریکا لە ئێستادا بۆ نەهێشتنی ڕۆڵی ئێرانە لەم وڵاتانە کە سیاسەت لە سێبەری تاراندا دەکەن.

هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی دژ بە ئێران لە زیادبووندایە، ژمارەی دەوڵەتە ناڕازییەکانیش لە سیاسەتی ئێران تادێ زۆرتر دەبن. لە مانگی نیسان واتا پاش کەمتر لە دوو مانگی دیکە، سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران دەچنە قۆناغێکی سەختترەوە. ئیسرائیل پەلامارە مووشەکییەکانی بۆ سەر بنکە و بارەگا سەربازییەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچەکە زیاتر کردووە. هەموو ئەمانە ئاماژەی مەترسیدارن بۆ ئەوەی کە لە ئەگەری هەڵگیرساندنی جەنگێکی گەورە لە ناوچەکە نزیک دەبینەوە.

لە بەرامبەردا ئێرانیش وەک سیاسەتی هەمیشەیی خۆی کە قەیرانەکان لەخۆی دووردەخاتەوە و لە چوارچێوەی ستراتیژی خۆیدا کە پایەکانی لەسەر هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە دامەزراوە، نەک هێشتا پاشەکشەی نەکردووە، بەڵکوو هەوڵە فراوانخوازییەکانی زیاتر کردووە. پێدەچێ باوەڕی وابێت کە ستراتیژی ئەمریکا تەنیا بەوە کۆتایی نایەت ئێران بخاتەوە ناو سنوورەکانی خۆی، بەڵکوو ترسی ئەوەی هەیە ئامانجەکە بچووککردنەوەی جوگرافیای شەڕ بێت نەک کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئێران لە دەرەوە. بێگومان لە دۆخێکی واشدا تا ناوچەکانی جەنگ بەرفراوانتر بن بۆ ئێران باشتر و تا جوگرفیای شەڕەکە بچووک بێت لە بەرژەوەندیی ئەمریکادایە. بۆیە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ئەم شێوازە لە ململانێ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران فراوانتر بێتەوە.

یەکێک لەو ناوچانەی دەبێتە مەیدانی ئەم قۆناغەی توندبوونی ململانێی نێوانیان (عێراقە)، ئەویش بەحوکمی قەدەری جوگرافیا لەلایەک و بەحوکمی ئەوەش کە ئێستا حکومەتێکی تەواو وابەستە بە ئێران لە بەغدا دەسەڵاتدارە. لە ئێستاوە سەرەتایەکی مەترسیداری بوون بە بەشێک لەو هاوکێشەیە هەستی پێدەکرێت. عێراق ئەگەر بیتوانیبایە بەبێ لایەنی خۆی بهێڵێتەوە و نەبێتە بەشێک لە ململانێی نێوان ئەم دوو وڵاتە، چەند بۆ بەغدا گرنگ بوو هێندەش سوودی بۆ تاران دەبوو، چونکە نەدەکەوتە ژێر گوشاری ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی سزاکان لە دژی ئێران. بەڵام بەئێرانیکردنی بەغدا لە دۆخێکی وادا دەرفەت دەداتە ئەمریکا کە پاساو و بیانووی مانەوە لە عێراق بدۆزێتەوە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر داعش دروستکراوی دەستی دەزگا هەواڵگرییەکانیش نەبووبێت، بەڵام هەموویان دەستیان لەناو داعش هەبوو، لە ئاراستەکردنیان و لە بەکاربردنیان بۆ ئامانجەلێکی تر. بۆیە ئێستا و بۆ داهاتووش دروستکردنی گروپگەلی هاوشێوەی داعش لە ژینگەی ئەم ناوچەیە کارێکی زۆر ئاسانە، دەزگا هەواڵگرییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان بە ئاسانی دەتوانن هاندەر بن لە دروستکردنی چەندین گرووپ بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی خۆیان.

لە کاتێکدا ئەمریکا گوشارەکانی بۆ سەر ئێران زیاد کردووە و خەریکی دەستەبەرکردنی پشتیوانی نێودەوڵەتییە بۆ دەرکردنی لە سووریا و یەمەن و لوبنان و عێراق، لە بەرامبەردا ئێرانیش دەستی بردووە بۆ کەناڵە جۆراوجۆرەکانی تری وەک سوودوەرگرتن لە هەژموونی ڕووسیا لە ناوچەکە و نەیارەکانی تری ئەمریکا و هەروەها لەناوخۆی ئەو وڵاتانەشدا بۆ دروستکردنی بەرەی دژە ئەمریکا، تا بۆ ناڕەزایەتی بەرانبەر هەژموونی ئەمریکا بەکاریان بەرێت و لە ئەگەری بەریەککەوتنیشدا بۆ چالاکی سەربازییانە دژ بە سوپای ئەمریکا سوودیان لێ وەربگرێت. ئەوەی لە هەموویان زیاتر ئێستا ئێران چاوی لەسەرێتی (عێراقە)، بە بەکاربردنی حەشدی شەعبی و حکومەت و پەرلەمان دەیەوێ سنوور بۆ ئەمریکا دابنێت.

حەشدی شەعبی کەوتوونەتە هەڕەشە لە هێزەکانی ئەمریکا، حکومەت داوای سنووردانان بۆ وجودی هێزە ئەمریکییەکان دەکات و فراکسیۆنەکانی شیعە لە پەرلەمانیش سەرقاڵی ئەوەن بە یاسا ئەمریکا لە عێراق بخرێتە دەرەوە. سەرباری ئەوەی ئێران گوشاری زۆری خستووەتە سەر کورد، بەڵام تا ئێستا کورد و سوننە نەبوونەتە بەشێک لەو ئاراستەیە دژ بە ئەمریکا و نازانرێت تاکەی بەرگەی فشارەکانی ئێران دەگرن.

ئێران هەڵە دەکات بیەوێ عێراق بکاتە کارتی ململانێی لەگەڵ ئەمریکا، هەڵەی گەورەش ئەوەیە بیەوێ کوردستان بەو ئاقارەدا پەلکێش بکات، لێکەوتەکانی ئەم هەوڵانەی ئێران بەدوور نازانرێت ئەمریکا هانبدات بۆ دۆزینەوەی پاساوی خۆبەهێزکردنەوە لە عێراق. ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە کە ئێران دەیکات. ئێستا ئەمریکا لە زۆر ناوچەی عێراق هەن، بەڵام چالاکی و جوڵەیان دیاریکراوە، زۆرتر سەرنجیان لەسەر ناوچە سوننەکانی وەک ڕومادی و سەلاحەدین و نەینەوایە، بەهۆی ئەو دۆخە سەپێنراوەی سەر کەرکووکیشەوە لەسەر داوای لایەنی کوردی تەرەف لە کێشەکان خەریکە پێگەی سەربازییان لە کەرکووکیش بەهێز دەکەن. لە هەرێمی کوردستانیش بۆ هەماهەنگی شەڕی تیرۆر هەن.

ئێران ئەگەر بیەوێ وەک کاردانەوەی دەرکردنی هێزەکانی لە ناوچەکە، ئەویش هێزەکانی ئەمریکا دەربکات، زەمینەی ئەوە خۆش دەکات کە هێزی زیاتری ئەمریکا بێتە ناوچەکە. وەک چۆن هاوسەنگی لە نێوان توانا و تەکنەلۆژیای سەربازیی ئەم دوو وڵاتەدا نییە و ناتوانرێت بەراوردی توانا سەربازییەکانی ئێران بە ئەمریکا بکرێت، ئاوهاش تاکتیک و کارتی سیاسی و پلانی هەواڵگریی ئێران بە ئەمریکا بەراورد ناکرێت. ئەوەی ئێران دەیەوێ لە پەرلەمانی عێراق بیکات بە دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا، هەرچەندە قورسە بەغدا بتوانێ بە ڕاشکاوی یاسایەکی لەو جۆرەش دەربکات، بەڵام لە حاڵەتی دەرچوونی یاسایەکی لەو شێوەیەش، عێراق ناتوانێ ئەمریکا لە کوردستان دەربکات.

ڕاستە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و بەپێی دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان بەغدا سەروەریی وڵاتەکە دەپارێزێ، بەڵام لەڕووی واقیعییەوە کوردستان بۆ ئەمریکا جیاوازە و لە دوای جەنگی کەنداوەوە وەک گۆڕەپانێکی کراوە وابووە بۆ ئەمریکا و بۆ داهاتووش بەو جۆرە دەمێنێتەوە. تا ئێران فشارەکانی زیاتر بکات بۆ ئەوەی ئەمریکا لە ناوچە عەرەبنشینە سوننییەکان دووربخاتەوە، لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە لە ئێران نزیکتر دەبێتەوە. ئەمەش نەک لەبەرئەوەی کورد ئەو مەیلەی هەبێت، بەڵکوو لەبەرئەوەی ئەمریکا نایەوێ لە ئێران دووربکەوێتەوە.

بۆیە باشتر وایە ئێران چاو بەو سیاسەتە هەڵەیەی خۆیدا بخشێنێتەوە، بۆ ئامانجی تەشەیوع لە ناوچە سوننییەکان کوردستان نەکاتە گۆڕەپانی ئەمریکا دژ بە خۆی. ئەگەر بیەوێ ئەمریکا لە ڕومادی نەمێنێ، دەبێت دڵنیابێت لەسەر حسابی ئەوە دەبێت کە ئەمریکا دێتە هەورامان. بۆ ئەمریکا هیچ شتێ لەوە ئاسانتر نییە چوار گروپی پەرتەوازەی داعش یان بەهەر ناوێکی تر لە هەورامانەوە سەرهەڵبدەن و بە پاساوی شەڕی تیرۆر هەموو قورسایی خۆی بخاتە سەر ئەو جوگرافیایە.



د. نەوزاد هێتوتی

# ئەمریکا و ئێران؛ کامیان عێراقبەدەر دەبن؟

ماوەیەکە بەرەی دژە ئەمریکا لە عێراق کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێت، زۆر بە چڕی خەریکی بەڕۆژەڤکردنی پرسی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق و لە هەوڵدان بۆ ئەوەی لەڕێگەی دروستکردنی کۆدەنگییەک لەناو پەرلەمان و دەرکردنی یاسایەک، ئەو هێزە لە عێراق دەربکەن.

ئەوەی زیاتر پاساوی بە هێز و لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران داوە هەوڵی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا بدەن، بەشێکی پەیوەندی بە سیاسەت و کردەوەکانی دۆناڵد ترەمپەوە هەیە لە هەمبەر عێراق کە زۆر جاران ناڕەزایی و تووڕەبوونی زۆری لەسەر ئاستی شەقام و لایەنە سیاسییەکان دروست کردووە. ترەمپ لە کۆتایی دیسەمبەری 2018 کاتێک سەردانی بنکەی سەربازیی عێن ئەسەدی لە ئەنبار کرد، نەک هەر وەک نەریتێکی دیپلۆماسی، پێشوەختە سەرکردە و بەرپرسە باڵاکانی عێراقی ئاگادار نەکرد، بەڵکو تەنانەت ئامادە نەبوو سەردانی بەغدای پایتەخت بکات و لەگەڵیان دابنیشێ. ئەمە لەلایەن بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییەکانەوە بە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق و بێڕێزی بە گەلی عێراق وەسف کرا.

بە هەمان ئاراستەش، ترەمپ لە نوێترین لێدوانیدا بۆ کەناڵی تەلەفزیونیی CBS سەبارەت بە عێراق و سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، دیسان بەرەی سەر بە ئێرانی تووشی کاردانەوەی توند کرد. ترەمپ لە لێدوانەکەیدا بۆ کەناڵەکە، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی لە سووریا دەکشێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەمریکا لە عێراق دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی چاودێریی جموجوڵ و سیاسەتەکانی ئێران بکات و هەوڵ دەدەن نەهێڵن ئێران زیان بە بەرژەوەندییەکانیان بگەیەنێت. گوتیشی کە دەکرێت بنکە سەربازییەکانمان لە عێراق بەکاربهێنین بۆ چاودێریکردنی پێشهات و پەرەسەندنە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا. تەنانەت ڕەخنەی توندی ئاراستەی ئیدارەی ئۆباما کرد سەبارەت بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە کۆتایی ساڵی 2011 و ئەو بڕیارەی بە هەڵەیەکی گەورە ناوبرد.

لێدوانەکەی ترەمپ، بە تایبەت ئەوەی پەیوەست بوو بە بەرەنگاربوونەوەی ئێران لەڕێگەی عێراقەوە، کاردانەوەی زۆری بەدواداهات. بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق، جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ڕێگە نادەن عێراق وەک بنکەیەک لە دژی دەوڵەتانی دراوسێ بەکاربهێنرێت. ئاماژەیشی بەوە کرد کە هێزی سەربازیی ئەمریکا تەنیا بۆ شەڕی دژی داعش ڕێگەیان پێدراوە لە عێراق بن. بە هەمان ئاراستەش سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی لێدوانەکانی ترەمپی ڕەتکردەوە و گوتی ئێمە دژی ئەوەین کە ئەمریکا بنکەی سەربازی لە عێراق دژی ئێران بەکاربهێنێ و دەستوور ڕێگە بەو کارە نادات. هەروەسا لیستی فەتحی عامری و سائیروونی سەر بە سەدر، وێڕای ڕەتکردنەوەی قسەکانی ترەمپ، بڕیاریان دا هەماهەنگیی تەواو لەناو پەرلەمان بکەن بۆئەوەی بە ڕێگەی یاسایی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەربکەن.

ئەم هەڵوێستە توندەی هێز و لایەنە شیعەکان و ئەوانەی لە ئێران نزیکن، ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بە لێدوانەکانی ترەمپەوە هەبێت، بەشێکی دیکەی هەرەگرنگ و سەرەکی ئەم هەڵوێستەیان پەیوەندی بەو سیاسەت و ئەجندایەوە هەیە کە ئێران و شیعەکان لە عێراق و ناوچەکەدا پراکتیزەی دەکەن. پێکهاتەی شیعە و هاوپەیمانەکانی، ماوەیەکە کەوتوونەتە دڵەڕاوکەیەکی گەورەوە و ترسی ئەوەیان هەیە ئەمریکا هەموو دەستکەتەکانیان لە عێراق و ناوچەکەدا لەناوببات.

دیارە شیعەکان سوودمەندترین لایەنی شەڕی دژی داعش بوون، هەموو دەستکەوتەکان چوونە گیرفانی ئەوانەوە، بە پێچەوانەشەوە، کورد و سوننە زەرەرمەندترین لایەنی شەڕەکە بوون. لایەنە شیعەکان توانیویانە لە ڕێگەی ئەو میلیشیاتەی دروستیان کردوون، دەست بەسەر تەواوی ناوچەکانی سوننەدا بگرن و زۆربەی ئەو لایەنە سوننانەی کە دژی ئێران و هەژموونی شیعە بوون، یان بەتەواوی لاواز کراون یان لەناوبراون. لەلایەکی تریشەوە، میلیشیا شیعەکان بە پاڵپشتیی ڕاستەوخۆی ئێران دەستیان بەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا گرت و پێشمەرگەیان لەو ناوچانە دوورخستەوە. پێکهاتەی شیعە بەدەر لەوەی ئێستا کۆنترۆڵی تەواوی هێزی سەربازیی عێراقیان کردووە، لەپاڵ ئەوەدا بە سەدان هێز و گرووپی میلیشیایان دروست کردووە کە بوونەتە بەدیلی سوپای عێراق و لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بە یاسایی کراون.

بەهەمان ئاراستەش، هیچ کاتێک شیعەکان بەقەدەر ئێستا دەسەڵاتیان لە عێراقدا بەهێز نەبووە. لەلایەک بە تەواوەتی دەستیان بەسەر پرۆسەی سیاسی عێراقدا گرتووە و خودان بڕیاری کۆتایین لەسەر پرسە سیاسییەکان. تەوافوق، شەراکەت و هاوسەنگیی نێوان پێکهاتەکان دەمێکە کاری پێناکرێت و ئەم پرەنسیپانە پەراوێزخراون. لەلایەکی تریشەوە ئێستا بەرەی ئێران زۆر نزیک بوونەتەوە لە دروستکردنی ئەو هیلالە شیعییەی باسی دەکرێت کە عێراق بە لوبنانەوە گرێ دەدات. بەتایبەتی دوای ئەوەی میلیشیا شیعەکان دەستیان بەسەر ناوچە سنوورییەکانی عێراق و سووریادا گرت.

بۆیە، ئێستا مەترسی گەورەی پێکهاتەی شیعە و ئێران ئەوەیە کە وجودی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق مەترسییەکی ڕاستەقینەیە بۆ سەر پێگە و دەستکەوتەکانیان. بەتایبەت سیاسەتی ترەمپ تاڕادەیەک هاودژە لەگەڵ خواستی ئێران و پێکهاتەی شیعە. ترەمپ بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات کە هەوڵ دەدەن میلیشیا شیعەکان هەڵوەشێننەوە. بەگوێرەی هەندێ زانیاری، مایک پۆمپیۆ ناوی نزیکەی 60 گرووپی حەشدی شەعبی ڕادەستی عەبدولمەهدی کردووە کە دەبێت کار بۆ هەڵوەشاندنیان بکات. ئەمریکییەکان مەبەستیانە میلیشیا شیعەکان لە ناوچە سوننەکان دەربکەن، تەنانەت پێیان باشە پێشمەرگەش بگەڕێتەوە ناوچە کوردستانییەکان. بەدەر لەمەش هەندێک هەواڵ بڵاوبوونەتەوە، گوایە ئەمریکا خەریکی کودەتایەکی سەربازییە بەسەر دەسەڵاتی شیعەکاندا. بەتایبەت کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لە ناوچە سوننەکان و ئەو مانۆڕە سەربازییانەی ئەمریکا لە هەندێک ناوچە دەیکات، ئەوەندەی تر شیعەکانی تووشی دڵەڕاوکێ و ترس کردووە.

ئەمریکا مەبەستێتی هەژموونی ئێران بەسەر عێراقدا کەم بکاتەوە، هەوڵ دەدات عێراق لەڕووی ئابوورییەوە چیتر پشت بە ئێران نەبەستێ. یەکێک لەو ئامرازانەی کە ئەمریکا گرتوویەتیە بەر بۆ لاوازکردنی ئێران، بریتییە لە سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر ئەو وڵاتەدا و داواشی لە عێراق کردووە پابەند بێت بە سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ئێراندا و چیتر پشت بەو وڵاتە نەبەستێ. بۆیە شەڕی سەختی ئەمریکا دژی ئێران ناوەندەکەی لە عێراقە و ئەمریکا دەیەوێت لە ڕێگەی عێراقەوە هیلالی شیعە هەڵبوەشێنێ. بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەش پێویستی بەوەیە کە هێزەکانی لە عێراق بهێڵێتەوە. بەپێچەوانەوە، ئێران و شیعەکان بۆ پارێزگاری لە دەستکەوت و دەسەڵاتیان و لابردنی ئەو هەڕەشانەی لەسەریان هەیە، هەوڵی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەدەن.



کەوکەس ئەحمەد گەلاڵی

# نەخشەی سیاسی ئەمریکا لە دژی ئێران

ململانێیەکی گەورەی نێوان ئەمریکا و ئێران بەڕێوەیە و دیارترین نەخشە ڕێگای داهاتووی سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بچووککردنەوە و سنووردارکردنی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی ئێرانە لە ناوچەکەدا (لێرە مەبەستمان ململانێی ڕاستەخۆی عەسکەری و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی ئێران نییە، چونکە ئێستا ئەوە لە بەرنامەی ئەمریکادا نییە).

پێش ئەوەی باسی هەنگاوە پراکتیکی و نەخشە ڕێگای ئەمریکا بۆ دژایەتی ئێران بکەم، دەمەوێ دوو شێوازی سیاسەتی ئەمریکا بخەمەڕوو کە لە بەرامبەر دوژمنەکانی دەیگرێتەبەر:

1- دوژمنی سەرەکی: پێگە و سیاسەت و هێزی ئەمریکا لە جیهاندا وای کردووە دوژمنی زۆر و هەمەجۆری بۆ پەیدا ببێ، ئەمریکاش بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنەکانی بە گوێرەی ترسناکی و واقیع پۆلێنیان دەکات و ئەوەی مەترسی لەسەر ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی زیاترە بە دوژمنی سەرەکی دادەنێ و کاری جددی لەسەر دەکا و دوژمنەکانی دیکە دوا دەخا و هەندێجار نەرمیشیان بەرامبەر دەنوێنێ.

2 - گۆشەگیرکردن: ئەمەش هەوڵی ئەمریکایە بۆ زیادکردنی دوژمن و کەمکردنەوەی دۆستەکانی ئەو وڵاتەی کە دەیەوێ ململانێی لەگەڵدا بکات، بەمەش بە ئاسانی دەتوانێ چۆک بە بەرامبەرەکەی دابدات و ملکەچی داخوازیەکانی ببێ.

ئەگەر پێشتر داعش دوژمنی سەرەکی ئەمریکا بووبێ وەهەر لەبەرئەوەش چاوپۆشی لە کۆمەڵێک هەنگاوی ئێران کردبێ لە ناوچەکەدا، بەڵام ئێستا پاش نەمانی داعش ئێران دوژمنی سەرەکی ئەمریکایە و لەم قۆناغەی ئێستادا ئێران گەورەترین بەربەستی نەخشە ڕێگای سیاسەتی ئەمریکایە لە ناوچەکە و دژی ئەو گۆڕانکاریانەشە کە لە پلانی داهاتووی ئەمریکادایە، چونکە ئەگەر ئێران نەبێ، نە ڕووسیا بە ئاسانی دەتوانێ لەم ناوچەیە بەرەنگاری سیاسەتی ئەمریکا ببێتەوە نە تورکیاش ئەوەها بێباکی خۆی لە بەرامبەر ئەمریکا دەردەبڕێ و لە هاوکێشەکان ئەو ڕۆڵە گرنگەی دەبێ.

ئەمریکا چەند هەنگاوێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران هاویشتووە و چەندین هەنگاوی دیکەش بەڕێوەیە کە هەمووی بۆ بچووککردنەوە و سنووردارکردنی دەسەڵاتی سیاسی ئێرانە لە ناوچەکەدا، لێرەدا هەندێک لەو هەنگاوانە بە کورتی باس دەکەین کە بەڵگەی ئەوەن ئەمریکا ئامادەکاری دەکا بۆ ئەوەی بە جددی بچێتە نێو ململانێیەکی گەورە لە دژی ئێران:

1 - چوونە دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی (کە لە 2015 لەنێوان وڵاتە زلهێزەکان و ئێران واژۆ کرا) و دانانی ئابلۆقە لەسەر ئێران و ئەو وڵاتانەی کە نەوت لە ئێران دەکڕن، ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر ئابووریی ئێران دانا.

2- پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەهێز لە نێوان هەندێک وڵاتی عەرەبی و ئیسرائیل لە دژی ئێران کە سعودیە و میسر و ئیمارات و وڵاتانی دیکەش بە نهێنی و ئاشکرا بەشدارن، بێگومان ئەمریکا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانێتییە و کاریگەری خراپیشی لەسەر ئێران دەبێ.

3 - هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان قەتەر لەگەڵ سعودیە و ئیمارات تاکو سوودی زیاتر لە توانای وڵاتانی کەنداو وەربگرێ لە بەرامبەر ئێران.

4- لێدانی پێگەکانی ئێران لە سووریا لەلایەن ئیسرائیل، ئەمەش پێگەی ئێران لە ناوچەکە بێهێز دەکا.

5- هەوڵدان بۆ لاوازکردنی تواناکانی حەشدی شەعبی و دوورخستنەوەیان لە شوێنە هەستیارەکان وەکو بیرە نەوتەکان و سنوورەکان تاکو نەتوانن هاوکاری ئێران بکەن و ئێران سوودیان لێ ببینێ.

6- دانوستانی ئەمریکا و بزووتنەوەی تالیبان لە قەتەر و گەیشتن بە چەند ڕێککەوتنێک ئەمەش وا دەکا ئێران بە ئاسانی نەتوانێ سوود لە تواناکانی تاڵیبان وەربگرێ.

7 - بێگومان بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەو مەبەستە بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە.

8- نەرمی نواندنی ئەمریکا بەرامبەر تورکیا و کشانەوەی لە سووریا یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی ڕازیکردنی تورکیا و دوورخستنەوەی بوو لە ئێران و ڕووسیا تاکو ئێران نەتوانێ سوود لە توانا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا ببینێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# رێککەوتن ئاسانە؛ د.بەرهەم و د.بەرهەم و د.بەرهەم

1

لە دوای شانزدەی ئۆکتۆبەرەوە، هێشتا پارتی ئومێدەوار بوو کە خەڵکی دڵسۆزی ناو یەکێتی، بە تایبەتیش کەسی وەکو کۆسرەت رەسوڵ، رێگە نادەن ئەو شەرمەزارییە وا بە ئاسانی تێپەڕێت، بەڵام لە مانگی ئەیلولی 2018 وە، مێژووی پڕ سەروەریی کۆسرەت رەسوڵیش کرا بە ئامرازێک بۆ سپیکردنەوەی پەڵەی رەشی ئەوانەی 24 سەعات دوای شانزدەی ئۆکتۆبەر بە حیساب ناوی پارێزگاریشیان لە گیرفاندا بوو، کەچی ئێستا دوای 16 مانگ (کە رێگە نەما تاقی نەکەنەوە) هاتوونەتە بەر قاپیی پارتی و داوای ئەو پۆستەی لێدەکەن!

دکتۆر بەرهەم لە چەقی ئاراستەکردنی ئەو ناکۆکیانەدایە کە ئێستا پارتی و یەکێتی تێیکەوتوون، رەنگبێ لە قۆناغی داهاتوو لە مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێم و پێکهێنانی کابینەدا هێندەی دیکەش تۆختر بێتەوە. دکتۆر بەرهەم لەژێر گوشاردایە و هەوڵ دەدات یەکێتی بە تێکڕا بخاتە ئاراستەیەکەوە کە گوشارەکانی سەر ئەو کەم ببنەوە. لەلایەک یەکێتی مامەڵەی رەسمیی پارتیی لەگەڵ دکتۆر بەرهەم لە پێشمەرجەکان دەرهێناوە و هاوکات گوشاریشی لێدەکات کە چۆن سەرۆککۆمار ناتوانێ وەزیرێکی یەکێتی لە کابینەی بەغدادا جێ بکاتەوە؟ گرووپی شانزدەی ئۆکتۆبەریش (کە پاڵپشتی دکتۆر بەرهەم بوون بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار) دەیانەوێ بە هەر نرخێک بێت، کەسێک لەوان بکرێتە پارێزگاری کەرکوک. هەموو ئەوانەش لەکاتێکدایە کە ئەو جۆرە مامەڵەیەی پارتی لەگەڵ دکتۆر بەرهەم، وایکردووە کە موخاتەبی بەغدا لە پرس و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، تەنها بارزانی و پارتی بێت و هیچ رۆڵێک بۆ سەرۆککۆمار وەک نوێنەری کورد (تەنانەت یەکێتیش) لە بەغدا نەمێنێ.

ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان پارتی و دکتۆر بەرهەم، گوشاری سەر کۆسرەت رەسوڵیش کەم دەکاتەوە و، باڵانسی هێز لەناو سەرکردایەتی یەکێتی دەگۆڕێت. بۆیە ئەو مەوزووعە زوو یان درەنگ لە داهاتوودا وەکو مەرجێکی دیکەی یەکێتی هەر دەخرێتەوە بەردەم پارتی، بۆیە وا باشترە پارتی لەوەیاندا دەستپێشخەر بێت، ئەگەر بەڕاستی باوەڕی بەوە ماوە کە دەتوانێ لەگەڵ ئەو یەکێتییەی ئێستا هەیە درێژە بە حوکمڕانی بدات. ئەگەرنا تازە جارێکی دیکە مام جەلالێکی دیکەیان بۆ زیندوو ناکرێتەوە.

## گۆڕان و گۆڕینی پارسەنگی هێز

2

رێککەوتنی سیاسی و ئیداریی پارتی و گۆڕان لەسەر حیسابی هیچ هێز و لایەنێکی دیکە، چ وەک بەرنامە و چ وەک پشک لە حوکمڕانی نەکراوە. بەرنامەی سیاسیی نێوان گۆڕان و پارتی بۆ داهاتوو، هەمان ئەو بنەما سەرەکیانەن کە لە دیدی هاوبەشی نێوان پارتی و یەکێتی (18خاڵەکە)دا هاتوون. گۆڕان جارێک پێش شانزدەی ئۆکتۆبەر (سەرباری هەموو ئەو غەدرە سیاسییەی کە پارتی لێیکرد) رێگری لە دوو ئیدارەیی کرد و نەچووە بەرەی خیانەتکارانەوە. ئینجا دووبارە شکستی بەو هەوڵانە هێنا کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی مایسی پارساڵ دران بۆ دروستکردنی بەرەیەکی ناڕازی لە دژی یەکێتی و میانڕەوانە مامەڵەی کرد. ئەمجارەش گۆڕان نەک بووە پارسەنگی حوکمڕانی و کاراکردنەوەی دامەزراوە شەرعییەکان، بگرە لایەنەکانی دیکەشی بەدوای خۆیدا راکێشاوە و هەڕەشەی دوو ئیدارەیی یەکێتی بەتاڵ کردووەتەوە.

گۆڕان ئیسپاتی کرد کە سەرباری لەدەستدانی کاریزماکەی، زۆر بە ئاسانی دەتوانێ جێگرەوە دیاری بکات (جا لاوازن یان رەخنەیان لەسەرە ئەوە باسێکی دیکەیە)، دەتوانێ سیاسەت بکات و لە کاتی پێویستیشدا دەتوانێ بە خوێندنەوەی هەلومەرجی بابەتی بڕیار بدات. سەرکۆنەکردن و تەهدیدکردنی گۆڕان بەوەی کە بەشداریی حکومەت دەکات، بێ بنەماترین ئارگۆمێنتە، چونکە خورماخۆرێکی وەکو یەکێتی کە حازرە هەموو پرۆسەی سیاسیی کوردستان بکاتە قوربانیی دوو پۆست، بۆی نییە دوور و نزیک باسی هیچ هێزێکی دیکە بکات.

یەکێتی زۆر بە هەڵەداچووە ئەگەر وا بزانێ بزووتنەوەی گۆڕان باخچەی پشتەوەی ماڵە وێرانەکەیەتی و، خۆی بە برا گەورە و وەسیی میراتی نەوشیروان مستەفا بزانێ. ئەگەر نەوشیروان مستەفا باوەڕی بەو برا گەورەییەی یەکێتی هەبووایە، نەدەبوو لەسەردەمی شکۆی تاڵەبانیدا لێی جیابێتەوە و دواتریش بێ گوێدانە یەکێتی بەشداریی حکومەت بکات. پارتی دەبێ دەرسی لە هەڵەکانی رابردووی خۆی وەرگرتبێت و ئەمجارە لەژێر هیچ پاساوێکدا ئەو هەڵوێستەی ئێستای گۆڕانی لەبیرنەچێت.

## سەعدی پیرە و سەحاف

3

ئەڵبەتە رەنگبێ بەناوبانگترین گوتەبێژ لە مێژووی سیاسیدا، ژۆزێف گۆبڵزی وەزیری پڕوپاگەندەی سەردەمی هیتلەر بێت، محەممەد سەعید سەحافیش کە هەمان پۆستی هەبوو، لەسەر رێبازی "درۆ بکە درۆ بکە تا خەڵک باوەڕ دەکات" دەڕۆیشت. ئەو دوو زاتەی سەرەوە موکەللەف بوون بە درۆکردنێکی سیستەماتیک، بەڵام سەعدی ئەحمەد پیرە کە ئێستا (لەسەر داوای خۆی) وازی لە گوتەبێژیی یەکێتی هێناوە، بووە قوربانی راستگۆیی و نییەت پاکیی خۆی. شوبهاندنی سەعدی ئەحمەد پیرە بە سەحاف کارێکی هەڵە و نائەخلاقییە، بگرە ئەگەر وەکو گوتەبێژەکانی سەردەمی نەخۆشکەوتنی مام جەلال لە 2012 هەڵسوکەوتی بکردبایە کە پێنج ساڵی رەبەق درۆیان دەرخواردی خەڵک دا، ئێستا وەزعی بە نەوعێکی دیکە دەبوو.

کە هێرۆی برایم ئەحمەد نەخۆش نییە و توانای راپەڕاندنی کاری خۆی هەیە، بۆچی پاڤڵی کوڕی بە نوێنەرایەتیی دایکی بەشداری کۆبوونەوە باڵاکان دەکات؟ سەعدی پیرە دەیەوێ بەشداریی پاڤڵ لە کۆبوونەوەکان تەوجیە بکات، شانازی برایم ئەحمەد لەولاوە قوت دەبێتەوە و وێنەی دادەی بە دەستێکی سەقەتەوە! لە دووکان بڵاودەکاتەوە و دەڵێ دادە لەوپەڕی تەندروستیدایە! ئێستا کێ درۆ دەکات؟ راستییەکەی سەعدی پیرە وایدەزانی گوتەبێژی یەکێتییە، بەس گوتەبێژی دنیایەک درۆزن بوو.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# سیری جەلالی و زوڕنای گەل

ئەگەر جەلالییە نوێیەکان نەبان، دەمێک بوو حکومەتی کوردستان پێکهاتبوو. ئەمە قسەیەکی عاتیفی نییە، بەڵکو واقیعییە. لە هەموو دنیادا پێوەر هەن بۆ شارەزایی لە حوکمڕانی و بەشداریی سیاسی و رێزگرتن لە رای دەنگدەر. لە کوردستان جەلالییە نوێیەکان هەموو ئەو پێوەرانەیان خستووەتە بەر رەحمەتی عەنتەرییەکی زیانبەخش: هێزم هەیە و رێسا بۆ یارییەکان ناهێڵم! ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم، دوایین چرکەکانی دێدلاینی هەفتەنامەی رووداوە بۆ نووسەری گۆشەکانی، بەڵام هەر رستەیەک دەینووسم رەنگە بەهۆی ناسەقامگیریی بڕیاری سیاسیی جەلالییە نوێیەکانەوە رۆژی دواتر گۆڕانی بەسەردا بێت.

چەندین مانگە هەڵبژاردن کراوە و پارتی بردوویەتیەوە. کەیفی خۆتە تێبینیت لەسەر هەڵبژاردنەکە و ئەنجامەکانی هەبێت، بەڵام ئەوە بزانە کە لە کۆتاییدا هەمووان دانیان پێداناوە و نوێنەرەکانیان لە پەرلەمانن. ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە کە چۆن لە چوار ساڵی داهاتوودا ئەم وڵاتە بەڕێوەببرێت، بەڵام جەلالییە نوێیەکان شەڕی ئەوەیانە کە چۆن زۆرتر لە قەبارەی خۆیان پۆست وەرگرن و باڵانسی نێوان زلخاوەن بەرژەوەندییەکانی نێو ئەو شتەی خۆیان بپارێزن کە نە حیزبە و نە حیزبیش نییە. ئەم میللەتە گیری خواردووە بەدەست ئەوانەوە کە دوێنێ کەرکووکیان فرۆشتووە و ئەمڕۆ بەردی دڵسۆزی بۆ کەرکوک لە سنگی خۆیان دەدەن. دەیانەوێ تۆڵەی ئەو کڵاوەی شیعە و لە شیعەی عێراق گەورەترەکان لەسەر کەرکووک لەسەریان نان، لە پارتی بکەنەوە. ئەوان کە هەر خۆیان بۆ تەحەدای پارتی بەرهەم ساڵحیان کردە پادشای عەرشی کەلاوە، هاتوونەتەوە و لە مەرجەکانی دانوستاندنیاندا بەرهەمیان کردووەتە کەیسێکی بێبایەخ و چیدی بە مەرجی دانانێن بەرامبەر پارتی.

هەفتەی رابردوو شاهیدی دوو ستایلی جیاوازی دانوستاندن بووین کە کۆنە جەلالییەکان (واتە گۆڕان) و جەلالییە نوێیەکان (واتە ئەو گەڕەلاوژێ سیاسییەی ناوی لێنراوە یەکێتی) لەگەڵ پارتی کردیان. لەگەڵ گۆڕان پارتی لەسەر بەرنامە و پۆست و روئیا بۆ چوار ساڵی ئایندە گفتوگۆی کرد و گەیشتنە ئەنجامی باش. لەگەڵ یەکێتی بەداخەوە پارتی زۆر نەرمیی نواند و ئەو وێنەیەی لای ئەوان دروستکرد کە هەرچۆنێک بێت هەر لەگەڵیان رێکدەکەوێ. ئەوەی بافڵ تاڵەبانی وەک شۆخی بە میدیاکارانی خۆی گوت کە یەکێتی زۆر جەخت لەسەر کەرکووک دەکاتەوە، پەیامێکی سیاسی بۆ پارتی و جەماوەری خۆیان، ئەمما پڕ نەنگیی تێدابوو: "کەرکووکمان بە بەغدا فرۆشت، بەڵام ئێستا بە هەموو نرخێک لە پارتی دەمانەوێتەوە". دەرکەوت بەرهەم ساڵح و دۆخی نێوخۆی هەرێمی کوردستان و هەموو پرسەکانی دیکە لای جەلالییە نوێیەکان هیچ نرخیان نییە، ئەوەی نرخی هەیە ئابڕوویەکی تکاوە کە لە کەرکووک رژاوە و دەبێ پارتی لەوێ بۆیان چاکبکاتەوە.

من لەجیاتی پارتی بم لێرەوە بۆ ماوەیەک لەگەڵ یەکێتی رادەوەستم و هێزی زۆرتر دەدەمە بەتینکردنی پەیوەندی و هاوکاریم لەگەڵ ئەو حیزبانەی دژی دوو ئیدارەیین و حیزبی خۆبەخاوەنزانن بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان. گۆڕان و کۆمەڵ لە حکومەتدا و یەکگرتووش وەک ئۆپۆزیسیۆن دەتوانن بەشداری سەقامگیر و خاوەن پرەنسیپ بن. ئەو پۆستانەی بۆ یەکێتی دانراون با بە وەکالەت پڕبکرێنەوە و هەرکاتێک گەڕەلاوژێکە تەواوبوو، با ئەوانیش بەخێربێن. یەکێتی وای لە سیاسەت کرد لە کوردستان کە هەموو کەس قێزی لێببێتەوە. دەمانزانی سیاسەت پیسە، بەڵام هێندە نا کە ببێتە گەڕەلاوژێ و بە میللەت بگوترێ: من چۆنم بوێ ئاوا دەبێ، تۆش سیر بخۆ و زوڕنا لێدە!



ئامانج شاکەلی

# کابینەی خزمەت، یا کابینەی بناغەدانەر؟

لەم رۆژانەدا، ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ سیاسەت و حزبایەتی هەیە، سەرگەرمی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی چۆنیەتی پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمن. بۆچوونی هەموویان لەسەر ئەوە گردبووەتەوە کە کابینەی ئەمجارەی حکومەت دەبێ باری گوزەرانی خەڵک چاک بکات، خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بکات، بە جددی هەوڵی وەرگرتنەوەی ناوچە (ناکۆکی لەسەرەکان!) بدات. وەک ئەوەی ئەندامانی کابینەی ئەمجارە، هەریەکەیان، دارەکەی مووسایان بە دەستەوە گرتبێت و ئەوەی لێیان داوا بکرێت، یەکسەر بێ دواکەوتن جێبەجێی بکەن!

تا نەخۆشیی دەستنیشان نەکرێت، چارەسەر مەحاڵە. ئایا کێشەی ئەم هەرێمە تەنها دابینکردنی مووچە و خزمەتگوزارییە؟ تەنها زۆریی ژمارەی مۆڵ و شەقامی جووتساید و ئۆتۆمبیلی مۆدێل بەرز نیشانەی پێشکەوتنە؟! خۆ ئەگەر وابێ، ئەوا ئەم هەرێمە شان لە شانی مالیزیا دەدات!

تۆ وەرە سەدان خەستەخانە دروست بکە، بەڵام کاتێک زۆرینەی بەڕێوەبەر و دکتۆر و کارمەندەکانی گەندەڵ و نادڵسۆز و خۆپەرست و بێویژدان بن، چۆن بەری لافاوی نەخۆشی کورد بۆ ئێران و ئوردن و تورکیا و هیندستان دەگری؟! کاتێک قانوون دەبێتە بووکەڵەی دەستی کوڕە مەسئوول و کچە دەوڵەمەند، شەقام دەبێتە مەیدانی جریدبازیی شۆفێری سەرخۆش و دەمانچە بەدەست، بەبێ واسیتە هیچ کاروبارێکت لە زۆرینەی فەرمانگەکاندا بۆ جێبەجێ ناکرێت، دزی و گەندەڵی وەک ئاوخواردنەوە سادە و ئاسان دەبن و کەسیش شەرمیان لێ ناکات، لەوە دڵنیابە کە هەر لە سەرەتاوە ڕیسەکەت بووە بە خوری و ڕەنجت بە فیڕۆ چووە. کەواتە گرفت و کێشەکان گەلێ لە دواکەوتنی مووچە و کەمیی خزمەتگوزارییەکان گەورەترە و ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە.

بە قەناعەتی قووڵ و بڕوای تەواوەوە دەڵێم، لە کۆمەڵگەیەکی تا بیناقاقا لە دواکەوتوویی و بێ فەرهەنگی نوقومبوودا چاکسازیی ڕووکەش هیچ سوودێکی نییە. ئەگەر هەشیبێت، بەرگەی زۆر ناگرێت و پاش ماوەیەک تووشی هەرەس و دارمان دەبێت. ئاخر مرۆڤ بە کەرەستەی خاوی وەک قوڕ و خشتی کاڵ تەنها خانوویەکی یەک نهۆمی بۆ دروست دەکرێت، کە نهۆمەکانی بوون بە دوو و سێ، ئەوا بەرگەی بارانی بەخوڕ ناگرێت و دادەڕمێ. کەوایە دەبێ ئازایانە و ڕاستگۆیانە دان بەوەدا بنرێت کە هێشتا ناکرێت کۆمەڵگەی کوردەواری وەک کۆمەڵگەی گەلێکی یەکگرتوو و هۆشیار تەماشا بکرێت. کورد هێشتا لە چوارچێوەی ناوچەپەرستی و عەشیرەتگەری و شارچێتی دەرنەچووە. هێشتا نازانێ بەرژەوەندی نەتەوایەتی و نیشتمانی بەری چ دارێکە. ئەوەتا لە کاتێکدا لێکسز لێدەخوڕێت، دوا مۆدێلی ئایفۆن و لاپتۆپ بەکاردەهێنێت، سەفەری وڵاتان دەکات، باشترین خواردن و خواردنەوە نۆشی گیان دەکات، کەچی لەسەر فوڵ لایتێک، دوو کۆتر، چوار مەتر زەوی، چڵپاوی بەر دەرگا، دەمەبۆڵەیەک یەکسەر دەست دەداتە چەک و یەکتر کوشتن!

لە کاتێکدا سەری بڕوا نوێژی ناڕوات، بۆی بلوێت ساڵی چوار عەمرە و حەجێک دەکات، کەچی لە زیادە مەسرەفی کارەبا و ئاو و خۆراک و پیسکردنی ژینگە و پێشێلکردنی قانووندا یەکەمی یەکەمەکانە!

تۆ چۆن دەتوانیت هەوڵی چاکسازی بدەیت لە کاتێکدا منداڵەکانت لە فێرگەکاندا فێری بێڕێزی بە زمان و فەرهەنگی کوردی دەکرێن و مێشکیان بە درامای تورکی و ڕیکلامی ساختە تژی بووە؟! مامۆستاکان یان ئەوەتا بە ڕەی چل- پەنجا ساڵ پێشتر دەپێون، یانیش لەژێر باری قەرزدا هەراسان بوون. تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سەرجەم میدیاکان شەو و ڕۆژ، لە وێرانکردن و ئابڕوبردنی زمانی کوردیدا هەدادانیان نییە. ئەوان تەنها لە هەڵپەی سنگ ڕەپێش خستن و ڕەخنەی بێسەروبەردان و بە دەگمەن نەبێ، هۆشیان بەلای هۆشیارکردنەوەی خەڵکەوە نییە. کار گەیشتووەتە ڕادەیەک هەرکەسێک گیرفانی پڕ بێ، دەبێتە خاوەن وێستگەی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و شەلم کوێرم ناپارێزم، ژەهری ئاژاوە و دواکەوتوویی و نەفامی بڵاودەکەنەوە کەسیش نییە لێیان بپرسێتەوە.

گەندەڵی نەخۆشییەکی سادە نییە بە دەرزی و دەرمان چارەسەر بکرێت؛ شێرپەنجەیەکی سەختە و بە خوێن و هەناوی کۆمەڵگەدا ڕەگی داکوتاوە. بەبێ داڕشتنی پلانی پتەو و ئامادەکاریی بەهێز، لەناوبردنی ئەو دەردە سەختە مەحاڵە.

حکومەتی هەرێم دەبێ پێش هەموو شتێک، مەسەلەیەکی بنەڕەتی بکاتە خەمی سەرەکی و ئەوپەڕی تواناکانی بۆ داڕشتنەوە و بەهێزکردنی کەرتی پەروەردە بخاتە گەڕ. سەرەتاش دەبێ لە پەروەردەوە دەستپێبکات، ستراتیجی پێگەیاندنی نەوەیەکی کوردپەروەری هۆشیار و باوەڕبەخۆ وەک بەردی بناغەی پەروەردە دەستنیشان بکات. ئەمەش کاری ڕۆژ و دوو ڕۆژ و ساڵ و دوو ساڵ نییە، بەڵکو لانیکەم 15 تا 18 ساڵی دەوێت، واتە سەرجەم ماوەی نێوان قۆناغی چوونە باخچەی منداڵان تا لێبوونەوە لە زانستگە و دەستبەکاربوون وەک کەسێکی بەرهەمهێن.

دروستکردنی فێرگەکان بە شێوازێکی گونجاو کە پێداویستییەکانی پەروەردە دابین بکەن، داڕشتنەوەی سیستەم و بەرنامەی خوێندن، گرنگیدان بە زمانی کوردی، باشترکردنی باری دارایی مامۆستایان و گەشەپێکردنیان و تاد.. پایە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی چاکسازیی کەرتی پەروەردەن.

نابێ ئەوەش لەبیر بکرێت کە پەروەردە تەنها بریتی نییە لە فێرگە و زانستگە، بەڵکو پەروەردەی ناو خێزان، میدیا، مزگەوت و ڕێنوێنییە دینییەکان، چالاکییە گشتییە فەرهەنگییەکان، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر پەروەردە و پێگەیاندنی مرۆڤ هەیە.

بە داخەوە، لە کوردستاندا شتێک بەناوی سیاسەتی فەرهەنگی واتە ئەو چوارچێوە و ڕێسایانەی سەرچاوە فەرهەنگییەکان و چۆنییەتی گەیاندنیان بە خەڵک دیاری دەکەن، نییە و تا ئەم ساتەش کەس ئاگەی لەو هەڕەشە پەنهان و ترسناکە نییە کە لە ناوخۆ و دەرەوە دەکرێتە سەر فەرهەنگەکەمان. چونکە نەبوونی سیاسەتی فەرهەنگی هاوتایە لەگەڵ نەبوونی سنوورێکی بێ پاسەوان و بەرەڵا کە هەموو کەسێک و هەموو شتێک بەبێ کۆنترۆڵ پێیدا تێدەپەڕێ.

دەبێ لەمەودوا سنووری نێوان ئازادی ڕاگەیاندن و بەرەڵایی بە جوانی دیاری بکرێت. دەبێ هێڵە سوورەکانی بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی دەستنیشان بکرێن. دەبێ شارەزایی و ڕێزگرتن لە زمانی کوردی پێشمەرجی سەرەکی بێت بۆ ئەو کەسانەی لە کەرتی ڕووناکبیریدا کار دەکەن.

وەزارەتی ڕووناکبیری دەبێ چاودێری جێبەجێکردنی سیاسەتی فەرهەنگی بێت، نەک وەزارەتی سازکردنی فێستیڤاڵ و خەڵات دابەشکردن.

کاری سەرەکی دەستگا میدیاییەکان دەبێ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری بێت، لە ڕەخنەگرتنی هەزاربارە و داخوازیی بێمانا دووربکەوێتەوە، دەبێ ئەو ڕاستییە لە خەڵک بگەیەنرێت، کە تەمبەڵی و گەندەڵی تەنها تاوانی حکومەت نییە.

ئەمڕۆ لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستویەکەمدا، مایەی داخە ناچارم لەگەڵ سالمی مەزندا بڵێمەوە:

توخوا بڵێ بە حەزرەتی نالی دەخیلی بم
بەم نەوعە قەت نەکا بە سلێمانیا گوزەر
سالم سیفەت لە بێ کەسییا با نەبێ هیلاک
من کردم ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر
ئەم موڵکە نەقمی نابێ بە بێ چەبگی واریپی
بێ ئەو بە قە×دی ئەم گەرەفە با نەکا سەفەر

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more




## سارا نەدیم:
## هەولێریم و دایکم عەرەبە

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net


1
2018/11/17 لە شاری سلێمانی


2
2018/12/11 لە شاری هەولێر


3
2018/12/18 لە شاری سلێمانی

# حەوت کۆبوونەوەی بێ ئەنجام

**رووداو- هەولێر**

دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 30ی ئەیلولی 2018 کە پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەستهێنا. دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەردانی شاندێکی پارتی بۆ لای یەکێتی لە شاری سلێمانی لە 2018/11/17 دەستیان پێکرد. تاوەکو ئێستا پارتی و یەکێتی حەوت کۆبوونەوەی فەرمیان کردووە کە دوایین کۆبوونەوەیان لە 2019/2/15 بوو لە شاری سلێمانی، چوار لە کۆبوونەوە بێجگە لە کۆبوونەوە نافەرمییەکان و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی نێوانیان. بەڵام یەکێتی پێداگیری لەسەر یەک پاکێج (هەولێر، کەرکووک، بەغدا) وەکو مەرجی رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ پارتی دەکات و پارتیش ناچێتە ژێر باری مەرجەکەی یەکێتی، بۆیە هێشتا ئاسۆی پێکهێنانی حکومەت روون نییە.


4
2019/1/14 لە شاری هەولێر


5
2019/1/21 لە شاری سلێمانی


6
2019/2/5 لە شاری هەولێر


7
2019/2/15 لە سلێمانی

